# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان


## جێخۆشکردنی ئێران لە ڕیزی وڵاتانی هەرە گەندەڵی جیهاندا

ئێران لە ڕیزی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا جێی گرتووە.
کورەی باکوور، سومالی‌و ئێران لە ڕیزی سەرەوەی ئەو وڵاتانە دان کە گەندەڵی تێیاندا گەیشتووەتە لووتکە.
بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی دەنگی ئابووری، لە نەخشەی گەندەڵی جیهاندا کە لە لایەن ناوەندی زانیاری «جیهانی ستاتیستا»وە بڵاو کراوەتەوە، ئێران لە خاڵی گەندەڵترین وڵات لە سەر ئەو نەخشەیە جێی گرتووە. ئەو نەخشەیە لە سەر ئەو زانیارییانە کێشراوە کە لە لایەن ڕێکخراوی دژەگەندەڵی جیهانی‌یەوە بڵاو کراوەتەوە.

ڕۆژنامەنووس « نیل مەک کارتی» لەو پەیوەندییەدا نووسیویەتی لە ئێران پێڕاگەشتنی خوێندنگەو قوتابخانەکان لەوپەڕی خراپی دایەو، لە بوارەکانی پزیشکی‌و هەڵبژاردندا گەندەڵیی زۆر دەکرێ‌و ئەوەش وەک نموونەیەک بۆ گەندەڵی لە پێگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا ناویان دەبرێ.
لە نەخشەی فەسادی ئیداری لە جیهاندا، کورەی باکوور، سۆمالی‌و ئێران لە ڕیزی سەرەوەی وڵاتە گەندەڵەکانن. هەروەها گوتراوە کە گەندەڵی لە وڵاتانی دانمارک، نیوزیلاند، سۆئێدو فینلاند لە نزمترین ئاست دایە.


دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا ■ دووشەممە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٤ _ ٧ی دیسامبری ٢٠١٥ ■ ژمارە: ٦٦٩ ■ www.kurdistanukurd.com


### بە بەرزبوونەوەی پێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا،

# خەباتی حیزبمان لە پێناوی بایەخو ئامانجە هاوبەشە جیهانی‌یەکان بە گوڕتر دەبێ

### سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ لوئیس ئەیالا لە پێوەندی لەگەڵ وەرگیرانی حیزب وەک ئەندامی ئەسلیی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست

**بەڕێز ئاغای لوویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست!**
**لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم.**

وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی ئەسڵیی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە کۆبوونەوەی ٢٧و ٢٨ی نوڤابری ٢٠١٥ی شوورای ئەم ڕێکخراوەدا لە شاری لواندا، بوو بە مایەی خۆشحاڵی‌و دڵگەرمیی منو ئەندامانی ڕێبەری‌و تێکرای ئەندامانی حیزبەکەمان.
گومان لەوەدا نیە کە ئەو ڕووداوە ئەگەر بەشێکی بەرهەمی خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانەو پێوەندیی گەرمو لەمێژینەی ئەم حیزبە دەگەڵ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵو تەقەلاو هاوکاریی دۆستانەو هاوڕێیانەی جەنابت.
بۆیە بە پێویستی دەزانم لە لایەن خۆم و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، وێڕای پێزانینو قەدرزانی لە هاوکاری‌یەکانی جەنابت، دڵنیاتان بکەم کە وەرگیرانی حیزبی دێموکڕات بە ئەندامی تەواوهەقی ئەنتێر ناسیۆنالی سۆسیالیست هەم دەبێتە مایەی دڵگەرمی بۆ تێکۆشەرانی حیزبو هەم پێوەندیی حیزبەکەمانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەڵ ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیستو خەبات لەپێناوی بایەخەکانی‌دا چالاکتر دەکا.
هەر وەک بەڕێزت لە قسەکانت لەم کۆبوونەوەیە دا بە دروستی ئاماژەت پێ دابوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژ ساڵە لە پێناوی بایەخەکانی وەک ئاشتی، ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤدا، خەبات دەکا و نرخ و تێچووی گەورەی لەو ڕێگایەدا بەخت کردوون. بە دڵنیایی، وەرگیرانیشی بە ئەندامی ئەسڵیی ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە جیهانی‌یە، زیاتر هاندەری ئەم حیزبە و تێکۆشەرانی بۆ خەبات لە پێناوی بایەخو ئامانجە هاوبەشە جیهانی‌یەکان‌دا دەبێ.

**جەنابی سکرتێری گشتی!**
حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ڕێزەوە دەڕوانێتە بایەخدانی ئێوە بە پرسی ڕەوای کورد و پشتیوانیتان لە بەرزبوونەوەی جێگە و پێگەی ئەم حیزبە لە ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست‌دا. بە پێویستی دەزانین هەر لە ڕێگای بەڕێزتانەوە، پێزانینی خۆمان بە هەموو ئەو دۆستانەش ڕابگەیەنین کە لەم پێوەندییەدا هاوکارو ڕێخۆشکەر بوون.
لە گەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزتان و هاوکارانتان لە بەرەوپێش‌بردنی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست‌دا.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٤ ی دێسامبری ٢٠١٥**
**١٣ ی سەرماوەزی ١٣٩٤**




بە بەشداریی بەڕێز مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا، ڕۆژانی ٢٨-٢٧ ی نوڤەمبر، شووڕای ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست دووەمین کۆبوونەوەی خۆی لە لواندا، پێتەختی وڵاتی ئانگۆلا، بەڕێوە برد. ئەم کۆبوونەوەیەی شوورا، کۆمەڵێک پرس و بابەتی جیهانی و ناوچەیی کردبووە تەوەری باس و بیروراگۆڕینەوەی ئەندامانی ئەو ئۆرگانیزاسیۆنە جیهانی‌یە که لەم دروشمە سەرەکی‌یەی کۆبوونەوەکە دا خۆیان دەنواند: «کارکردن لە پێناو سەقامگیری، ئاشتی و ئاسایش لە کاتی قەیرانەکاندا، خەبات بۆ یەکسانی و پەرەسەندنی هاوبەش لە دنیادا، و کوپ ٢١، بە مەبەستی گرێبەستێکی متمانەپێکراوی گەردوونی».
کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆناڵ، بڕیار دان لە بارەی داوای ئەندامەتیی کۆمەڵێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان لەو ڕێکخراوەشی لە دەستووری کاری خۆی دا، دانابوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەک لەو حیزبانە بوو کە کۆبوونەوەی شوورا، ڕەزامەندیی خۆی لە گەڵ وەرگیرانیان بە ئەندامی ئەسلی(تەواو ماف) ڕاگەیاند.
سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، ڕێزدار لوویيس ئەیالا لە کاتی ڕاگەیاندنی بەرزبوونەوەی پێگە و جێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک ئەندامی ئەسلی لەو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەدا، باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە مێژووی خوێناویی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێکۆشانی ئەو حیزبە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی‌و دیموکراسی لە ئێران‌داو دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، پێشکەش کرد.
بە دوای پەسندکرانی ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، ڕێزدار خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب، سپاسنامەیەکی بۆ بەڕێز لوويیس ئەیالا نارد. لە سپاسنامەکە دا هاتوە: « وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی ئەسڵیی ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە جیهانی‌یە، زیاتر هاندەری ئەم حیزبە و تێکۆشەرانی بۆ خەبات لە پێناوی بایەخو ئامانجە هاوبەشە جیهانی‌یەکان‌دا دەبێ.»




هەڵبژاردن و پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامی‌دا

٤



پێویستیی هەڵمەتێک بۆ ڕێگری لە کوشتاری کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد

٤



ڕێککەوتنی یەکیەتیی ئورووپا و تورکیە

٥



خنکاندنی کانی بڵ لە پێناو چیدا؟

٧




باسێک لە سەر توندوتیژیی شاراوە

٩

## مەحکووم کرانی ئێران و ڕووسیە لە بابەت دەستێوەردان لە کاروباری سووریە

کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەیەکدا دەستێوەردانی ئێران و ڕووسیەی لە کاروباری نێوخۆیی سووریە مەحکووم کرد.
بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، ئەم بڕیارنامەی عەرەبستان کە بە هاوکاری قەتەر و کۆمەڵێکی دیکە لە وڵاتە عەرەبییەکان، وێڕای ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی ئامادە کراوە، لە لایەن سێهەمین کۆمیسیۆنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا.
لە نێو ١٩٣ وڵاتی ئەندامی ئەم کۆمیسیۆنەدا، ١١٥ وڵات دەنگی بەڵێیان بەم بڕیارنامەیە داوە، ١٥ وڵات بەدژی وەستاون و ٥١ وڵاتی دیکەش بێ لایەن بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.
لەم بڕیارنامەیەدا بەبێ ئەوەی کە بە ڕوونی ئاماژە بە ڕووسیە کرابێ، هاتووە کە، کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر بە توندی گشت پەلامارەکان بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆنی میانەڕەوی سووریە مەحکووم دەکا و خوازیاری ڕاگیرانی ئەم پەلامارانەیە، چونکی ئەم جۆرە هێرشانە تەنیا لە بەرژەوەندیی گرووپی داعش و باقی گرووپە تێرۆریستییەکانی دیکەی وەک نوسرە دان.
دەقی ئەم بڕیارنامەیە بە شێوەیەکی تایبەت ڕووسیەی کردۆتە ئامانج کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی لە نزیکەی ٢ مانگ لەمەوبەرەوە، پەلاماری بنکەکانی دژبەرانی ئەسەد دەدەن.
ئەم بڕیارنامەیە هەروەها هەموو ئەم گرووپە تێرۆریستییە بیانییانەی وەک سپای قودس، سپای پاسدارانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانیش مەحکووم دەکا کە لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی ئەسەددا شەڕ دەکەن.
عەبدوڵڵا ئەلموعەلیم باڵوێزی عەرەبستان، داوای لە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە پشتیوانی لەم بڕیارنامەیە بکەن. ناوبراو لە وتەکانی خۆیدا ئاماژەی بە ئالان کوردی منداڵە تەمەن ٣ ساڵانەکەی ڕۆژاوای کوردستان کردووە کە بە هۆی شەڕی نێوخۆیی سووریە بە بنەماڵەوە ئاوارە ببوون و سەرەنجام لە ئاوەکانی تورکیەدا خنکا.
باڵوێزی عەرەبستان وتوویەتی: داواتان لێ دەکەم ئالان بە تەنیا جێ مەهێڵن و دوو جار مەیکووژن.



بڕیارنامەی عەرەبستان داوا لە شێوەنیزامییان بیانی دەکا زۆر بە خێرایی خاکی سووریە بەجێ بێڵن. هەروەها زۆر بە توندی ڕەخنەی لە گرووپی داعش و باقی گرووپە توندڕەوەکانی دیکە گرتووە و بە هۆی دەستدرێژی کردنەکان و هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەکانیان سەرکۆنەیان کردوون.

## بەشداریی کاک خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی ساڵیادی کۆچی دوایی خاتوو میتێراندا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بەشداریی لە ڕێوڕەسمیٔ ساڵیادی کۆچی دوایی خاتوو دانیەل میتران‌دا کرد.

ئەو ڕێوڕەسمە لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

رۆژی دووشەممە ٢ی سەرماوەزی ٩٤ ( ٢٣ی نۆڤامبری ٢٠١٥ ) هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب‌و، بە هاورێیەتی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر لە کۆڕیادی خاتوو دانیەل میتران، دۆستی دێرین‌و بە ئەمەگی کورد بەشدارییان کرد کە لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد_فرانسە لە شاری هەولێردا ڕێک خرابوو.

لەو کۆریادە کۆمەڵێک لە کەسایەتیی پایەبەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و فەرانسە لە سەر کەسایەتیی دانیەل میتران‌و، بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ دڵسۆزی‌و پشتیوانی ناوبراو لە پرسی کورد لە رۆژە سەختەکانی خەباتی ئەو نەتەویەدا، قسەیان



کردو؛ رێزو پێزانینی گەلی کوردیان بە خەڵکی فرانسەو حکومەتەکەی دەربڕی.

هەر لەو کۆریادە شاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ هێندێک لە کەسایەتی‌و بەرپرسانی حیزبی‌و دەوڵەتیی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت دۆستی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوکتۆر فرێدریک تیسۆو؛ سەرکۆنسۆلی فرانسە ئالان گیپغات دیدار و چاوپێکەوتنیان هەبوو.

## سمیناری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی نوڤامبر ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان سمینارێکی بۆ دوکتور ناسر سیمایی، دەروونناس‌و مامۆستای زانکۆ پێک‌هێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی چوارشەممە ٤ی سەرماوەز و بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، کۆمەڵێک میوان‌و کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، بە قسەکانی خاتوو بێخاڵ بیلال لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بۆنەیە دەستی پێ‌کرد.

لە بڕگەی سەرەتای ئەو سمینارەدا پەیامی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن خاتوو شلێر مەحموودی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەم ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا.

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وێڕای باس لە شێوازەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان لە کۆمەڵگا باسی لە توندوتیژیی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی ژنان کرد. لەو پەیامەدا هاتبوو کە سەرەڕای بوونی دەیان ڕێکخراوی ژنان‌و بوونی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ‌و سەرەرای زۆر بەرنامەی فێرکاری‌و پەروەردەیی بۆ وشیارکردنەوەی خەلک بۆ نەهێشتنی توندو تیژی، بەلام بەداخەوە توندو تیژی هەر بەردەوامەو هەر رۆژەو بە شێوازێکی نوێتر لە کۆمەلگادا دەردەکەوێ.

لە بڕگەی سەرەکیی سمینارەکەدا دوکتور ناسر سیمایی، دەروونناس‌و مامۆستای زانکۆ باسەکەی



لە ژێر ناونیشانی « مانەوەی کاریگەریی توندو تیژی لە سەر ڕوحی ژن»دا پێشکەش کرد.

دوکتور ناسر سیمایی لە باسەکەی‌دا بە ئاماژە بە جۆرە مۆدێڕنەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان، بابەتیانە ئاوڕی لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان‌و پەرەسەندنی توندو تیژی بە دژی ژنان کرد.

ناوبراو لە باسەکەی‌دا وێڕای خەسارناسیی دیاردەی توندو تیژی، پەڕژایە سەر زیان‌و کاریگەریی توندوتیژی لەسەر ڕۆحی ژن‌و کاریگەریی ئەو حاڵەتە لە سەر ژیانی خێزانی‌و بنەماڵەیی.

لە کۆتایی ئەم سمینارەکەش‌دا بەشداربووان سەرنج‌و تێبینی‌و پرسیارەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا هێنایە گۆڕێ کە دواتر لەلایەن دوکتور ناسر سیماییەوە وڵامی پرسیاری ئامادەبووان درایەوە.

## کۆبوونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە ستۆکهۆلم بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی حەوتووی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان سمینارێکی لە ستۆکهۆلم، پێتەختی سوئێد بۆ خاتوو زیبا سەروەری‌و خاتوو خەندان حەمەجەزا پێک هێنا.

ئەو کۆبوونەوەیە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرن لە یادو بیرەوەری ژنانی شەهیدی ڕێگای یەکسانی‌و پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد دەستی پێ‌کرد کە لەلایەن خاتوو لەیلا محەممەدی خوێندرایەوە.

نێورۆکی پەیامەکە ئاوڕدانەوەیەک بوو لە خەباتی یەکسانیخوازی ژنان بەگشتی بەتایبەتی لەرۆژهەلاتی کوردستان‌و ئامانج و خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری لە ستەم‌و زۆرلێکراوی لە کۆمەڵگاو بنەماڵەو حکوومەتدا.

لە بڕگەی یەکەمی سمینارەکەدا خاتوو زیبا سەروەری، شارەزا لە بواری نەخۆشی‌یە دەروونی‌یەکان باسێکی لە سەر کۆمەڵناسیی نەخۆشە دەرونی‌یەکان پێشکێش‌کرد.

بەڕێزیان ئاوڕی لە شێوەی هەڵس‌و کەوتی کۆمەڵگاو هەروەها شێوەی ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ نەخۆشی‌یە دەروونی‌یەکان دایەوەو، باسی چەند جۆر لە نەخۆشی‌یە دەروونی‌یەکانی بە تایبەت لە نێو کچان‌و ژنانی کردو هاوکاتیش بۆ چارەسەری نەخۆشی‌یەکان چەند جۆرە یارمەتی‌کردنی پزیشکی‌و دیدار لەگەڵ پسپۆرانی پێشنیار کرد.

خاتوو زیبا لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا ئاماژەی بە دیاردەی چاولێکەری‌و خۆ بەکەم زانین‌و شێوەی خۆ ڕازاندنەوەو پەرەسەندنی نەشتەرگەریی جوانکاریی لە نێو کچان‌و ژنان‌دا کردو، ڕۆڵی کۆمەڵگاو بە تیشک خستنە سەر کاریگەری ڕوانینی کۆمەڵگا بە گشتی لە سەر تاکەکان گوتی: بەر لەوەی باس لە گۆرینی ژیانی تاکەکان بکەین و باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ئاڵوگۆر لە کۆمەڵگا دا نەهادینە بکرێ بۆ ئەوەی تاکەکان هەست بە کەمی‌و نەخۆشی‌و لاوازیی خۆیان لە نێو کۆمەڵگادا نەکەن.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەش‌دا خاتوو خەندان حەمەجەزا، نووسەرو چالاکی بواری ژنان



لە باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر سەر ژیانی ژنان لەم سەردەمەداو؛ باسێکی چڕوپڕی لە سەر دۆخی پیاوسالاری لە کوردستان‌و بە تایبەتی لە باشووری کوردستان کرد.

ئەو بە هێنانەوەی چەند بەڵگە لە سەر چۆنیەتیی بە قانوونی‌کردنی فرە ژنی لە پارلمانی کوردستان رەخنەی لە ژنانی نوێنەر لە پارلمان گرت کە چۆن دەنگیان خستووتە پاڵ دەنگی پیاوان‌و قانوونی فرەژن‌یان پەسەند کردوە.

بەرێزیان لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا بە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ دۆزی ژن لە باشوری کوردستان باسی دیاردەی عەیبەو شەرم‌و مەسەلەی ناموسی‌و کولتورەکانی بنەماڵەیی‌و عەشیرەیی لە کوردستان‌دا کردو گوتی هەتا نیزامی عەشیرەو خێڵ هەبێ ناکامی‌و بەشمەینەتیی ژنانیش درێژەی دەبێ.

خاتوو خەندان لە کۆتایی قسەکانی‌دا باسی لە کۆمەڵێک قانوون کرد کە لە هەرێمی کوردستان کاریان پێ‌دەکرێ‌و بە زیانی ژنان نووسراون‌و پەسندکراون. ئەو گوتی پێویستە کار بۆ چەسپاندن‌و خۆش کردنی یاسای نوێ بکرێ بۆ ئەوەی ژنان‌و کچان بتوانن خۆیان لە نێو ئەو قانوونانەدا ببیننەوە.

لە بڕگەی کۆتایی سمینارەکەش‌دا بەشداران سەرنج‌و پرسیارەکانی خۆیان هێنایە بەر باس کە دواتر کۆڕگێڕەکان وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوە.

## بەڕێوەچوونی سمیناری کۆمیتەی نۆروێژیی یەکیەتیی ژنان بەبۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر

کومیتەی نۆروێژیی یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان رۆژی یەکشەممە ١ ی سەرماوەز، بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، سمینارێکی بۆ دکتور کوێستان گادانی، مامۆستای زانکۆو چالاکی مافەکانی ژنان‌و، خاتوو هێلێنا، ئەندام لە ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی ژن‌و پێشگیری لە توندوتیژی دژ بە ژنان پێک‌هێنا.

لەو سمینارەدا کە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حیزب‌و یەکیەتیی ژنان، ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ئوولا یاکوب فلاتن، بەرپرسی شارەوانیی شێسمو بەڕێوەچوو،

بە قسەکانی هەڵاڵە ئیبرایم میران دەستی پێ‌کرد.

لە سەرەتای سمینارەکەدا ئوولە یاکوب فلاتێن، بەرپرسی شارەوانی شێسمۆ، لەسەر بابەتی سمینارەکەو لە سەر توندوتیژی بە دژی ژنان‌و منداڵان وتارێکی پێشکێش کردو لە قسەکانی‌دا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە توندوتیژی تایبەت نیە بە میللەتێک یان کلتوورێک، بەڵکوو ئەو دیاردەیە لە هەموو کۆمەڵگاو میللەتێکدا دەبینرێ‌و دەبێ هەموو لایەکیش لە دژی بوەستنەوە.

دواتر دوکتور کوێستان گادانی، باسێکی گشتی سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە جیهان‌دا بە گشتی‌و لە کوردستان‌دا بە تایبەتی پێشکەش کرد.

خاتوو گادانی بە ئاماژە بە ستەمی ئاشکراو ستەمی شاراوە لە دژی ژنان، تیسکی خستە سەر بوارەکانی نەریتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری‌و ئەوانی بە هۆیەکانی چەوسانەوەو توندوتیژی بە دژی ژنان ناوبرد.

خاتوو کوێستان لە بەشێکی دیکە باسەکەی‌دا مکانیزمەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی



چەوساندنەوەو توندوتیژی بە دژی ژنانی هێنایەبەر باس‌و وەک نموونە ئاماژەی بە پەرەپێدانی هاوتەریبی خەباتی نەتەوایەتی‌و خەباتی یەکسانی، پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان، پێکهێنانی بیرۆکەی یەکسانیی ژن‌و پیاو و پەروەردەکردنی ژنان بۆ کاروباری بەڕێوەبەرایەتی‌و دەسەڵاتدارەتی کرد.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەش‌دا خاتوو هێلێنا، چالاکی بواری ژنان لە نۆروێژ بابەتەکەی لەسەر پرسی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وڵاتانی ئازادی جیهان پێشکەش ئەو لە بەشێکی باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر کاریگەریی توندو تیژی لەسەر ژنان‌و گوتی ئەو کەسانەی کە توندووتیژیان بەرانبەر دەکرێ خویان لە کومەڵگاو بنەماڵەی خویان دوور دەخەنەوەو تەنیا یەک لە سێ‌یان ئامادەن باسی بکەن‌و هۆی ئەوەش بۆ چەند شت دەگەرێتەوەو، بەشی زۆریان لە ترسی گیانی خۆیان یان خۆشەویستی بە بنەماڵە، یا نالەباری باری ماڵی‌و مەعنەوی هەوڵ دەدەن درێژە بەو ژیانە ناخۆشەیان بدەن.

## بەشداریی شاندێکی حدک لە کردنەوەی دەزگای ئیسماعیل بێشکچی لە هەولێر

بەبەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و لە ریورەسمێکدا دەزگای چاپ‌و بڵاوبوونەوەی ئیسماعیل بێشکچی لە هەولێر دەست بەکار بوو.

رۆژی چوارشەممە ٤ی سەرماوەز لە سەر بانگهێشتی «وەقفی ئیسماعیل بێشکچی « شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی لقی دەزگای ئیسماعیل بێشکچی لە هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان‌دا ،بەشدار بوون.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی کۆمەڵێک بەرپرس و کاربەدەستی حکومی‌و حیزبی‌و کەسایەتییە فەرهەنگی‌و ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان گیرا، کۆمەڵێک وتارو باس لە سەر کەسایەتیی ئیسماعیل بێشکچی‌و بە تایبەت هەڵوێستە ئازاو بوێرانەو داکۆکیکەرانەی ناوبراو لە کورد پێشکێش کران.

وتاری پارێزگاری هەولێر، وەزیری رۆشنبیری‌و لاوان، دەستەی نووسەرانی کوردو ئاکادیمیای کوردستان چەند وتارێک بوون کە لەو پێوەندی‌یەدا پێشکێش کران‌و دواتر ئیسماعیل بێشکچی بە کورتی بۆ بەشداران دوا.

ئیسماعیل بێشکچی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی‌و پێزانینی خۆی لەسەر کردنەوەی نووسینگەی «وەقفی ئیسماعیل بێشکچی لە هەولێر « ئاماژەی بە ڕووداوە گرینگەکانی ئێستای کوردستان کردو لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری پرسی کورد گوتی : کورد بۆ سەربەخۆیی هەر نابێ تەنیا لە سەر نەوت‌و گاز حیساب بکاو، پێوەستە لە ڕووی رۆشنبیری، کلتوری‌و گەشەکردنی جۆراوجۆرەوە هەنگاوی زیاتر باوێژێ.

بێشکچی گوتی ئێستا زۆربەی زۆری خاکی باشوری کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی کوردو پێشمەرگە دایەو هەرێمی کوردستان پێویستە بیر لە ریفراندۆم بکاتەوەو دواتریش هەوڵ بدا سەرەتا لە ڕێگا سیاسی‌و دیالۆگەوە دەگەڵ بەغدا سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ. خۆ ئەگەریش حکومەتی ناوەند ملی نەدا، ئەوا یەکلایەنە ئەم کارە بکاو بیکاتە ئەمری واقع، هەر وەک چۆن ساڵی ١٩٩١ دا ، کۆسۆڤۆ یەکلایەنە سەربەخۆیی خۆی لە وڵاتی سیربێستان راگەیاند کە دواترلە لایەن وڵاتانی دیکەو بگرە خودی سێربێستانیش دانی پێدا نرا.

بێشکچی لە درێژەدا ئاماژەی بە رۆڵی وڵاتانی ناوچەو بە تایبەت تورکیەو ئێران کردو گوتی بە ئەگەری زۆرەوە ئەو دوو وڵاتە بە ئاشکرا دژی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بن، بەڵام فاکتەری نێوخۆیی واتا یەکریزی‌و یەکگرتوویی کورد رۆڵێکی سەرەکی‌و یەکلایی کەرەوەی لە هاوکێشەکان‌دا دەبێ.

هەر لەو کۆرەدا شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چاوی بە شاندی هێندێک لە حیزب و لایەنی سیاسی کەوت‌و لە کۆتاییش‌دا، چوونە لای ئیسماعیل بێشکچی‌و لە سەر هەڵوێستە ئازایانە، مرۆڤدۆستانەو دێمۆکراتیکەکانی، دەست خۆشی‌یان لە ناوبراو کرد.

## بەشداریی کۆمیتەی فەڕانسەی حدک لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌دا

هەیئەتێکی کۆمیتەی فەڕانسەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتەدا بەشداری کرد

ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ لەسەر بانگهێشتی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە کۆبوونەوەیەک لە نێوان نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە بنکەی ئەم نوێنەرایەتی‌یە لە پاریس بەڕێوەچوو.

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە فەرانسە بە مەبەستی باس‌و وتووێژ لەسەر هەلومەرجی کوردو کوردستان‌و پێکهێنانی هەماهەنگی و نزیکیی زیاتر لە نێوان کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی یەکگرتوانەو بەرینتری بۆنە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە وڵاتی فەرانسە کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوەکان‌و کەسایەتییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە وڵاتی فەرانسە تێیدا بەشدار بوون، لەسەر چۆنیەتیی هاوکاریی هەموو لایەنەکان‌و بەهێزکردنی دەنگی کوردو پێکهێنانی لۆبی‌یەکی بەهێز بۆ گەیاندنی دەنگی گەلی کوردو ناساندنی هەرچی زیاتری بە بنیاد و ناوەندەکانی دەسەڵات لە فەرانسەو ئورووپا بە گشتی، ئاڵوگۆڕی



بیرورا کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو لایەنەکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی لەمەوبەدوا هەوڵ بدرێ بۆنەو موناسبەتە نەتەوەییەکان بە یەکگرتوویی‌و رەنگێکی کوردانەترەوە بەڕێوە بچن.

هەیئەتی کۆمیتەی فەرانسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئارەش زەمانی، بەرپرسی کۆمیتەو مەسعوود رەواندوست، ئەندامی رێبەریی حیزب، لەو کۆبوونەوەیەدا ڕاو بۆچوونەکانی خۆیان لەم پێوەندی‌یەدا بە ئامادەبووان گەیاند.

# ئەندامەتی ح.د.ک لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا

شورای ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست ئەندامەتی تەواو وەختی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو شورایەی بە ڕەسمی ڕاگەیاند.

بە بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، شورای ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست کۆبونەوەی ڕۆژی دووهەم ڕێکەوتی ٢٨ی نوامبری ٢٠١٥ی بۆ پێداچوونەوە بۆ هیندێکی پرس و بابەتی هەڵواسراو، کە لە کۆبوونەوەی پێشووی شۆڕای ئەو ڕێکخراوەیە دا پێشنیار کرابوون و پەسند کرانەکەیان بۆ ئەم کۆبوونەوەیە هەڵگیرابوو تەرخان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست، بەڕێوە چوو، ئەندامەتیی تەواو وەخت حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەندین پارت و ڕێکخراوی دیکە، کە لە کۆبوونەوەی پێشووی شوراڕادا بڕیاری لە سەر درابوو، بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا و ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دیکە چوونە لیستی ئەندامانی ڕەسمی سوسیال ئەنتێرناسیۆنال.

لە کاتی ناو هێنانی ئەو حیزبانەی کە ببوونە ئەندامی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکار، بەڕێز لویس ئایەلا، سکرتێری ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە مێژووی خوێناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەبات و تێکۆشانە ئەو حیزبە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسی لە ئێراندا و دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد پێشکەش کرد. بەڕێز ئایالا باسی لە گیانبازی ڕۆڵەکانی گەل و حیزبەکەمان کرد و ناوی لە دوو ڕێبەری شەهیدمان دکتور عەبدوولڕەحمان قاسملوو و دکتور سادق شەرەفکەنی هێنا و گوتی: دوو سکرتێری ئەو حیزبە لە پێناو بە دەست هێنانی ئازادی و مافی گەلەکەیان دا گیانیان بەخت کرد. حدک حیزبێکی کارا و تێکۆشەر و چالاک بووە لە ئێس ئێدا و بۆیە جێگەی خۆشحاڵییە کە بە ئەندامەتی ڕەسمی ڕێکخراوەکەمان وەرگیرا.

لەبەر نەبوونی کاتی پێویست و چڕی باس و خواسەکان و پەیامی پیرۆزبایی و سپاسنامەکان، هاوڕێ مەولوود سوارە دەرفەتی ئەوەی نەبوو پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو پەیوەندی‌یەدا پێشکەش بکات، هەر بۆیە هەم حیزبی ئێمە و هەم هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دیکەش کە لەم کۆبوونەوەیە دا وەک ئەندام وەرگیران، پەیامەکانی خۆیان بە نووسراوە لە نێو بەشداراندا بڵاوکردەوە.

لەم کۆبونەوەیەدا جیا لەحیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک ئەندامی ئەسڵی وەرگیرا، پارتی یەکیەتی دێموکراتیک(PYD)ش چووە ڕیزی ڕاوێژکارانی ڕێکخراوەکەوە و بەربژێرە بۆ ئەندامەتی ئەو ڕێکخراوە لە دەورەکانی داهاتوو دا.

وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو چەند حیزبەی دیکە، لەگەڵ پێشوازی گەرمی هەموو بەشداران بەرەوڕوو بوو.




## دەقی پەیامی نوێنەری ح.د.ک بە بۆنەی پەسندکرانی ئەندامەتی تەواو حەقی ئەم حیزبە لە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا

**بەڕێز جەنابی سەرۆک!**
**بەڕێز جەنابی سکرتێر!**
**ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی!**
**بەشدارانی کۆبوونەوەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست!**

پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا. سەفەری ئێمە بە دەقیقی لە ساڵی ١٩٨٥ دەستی پێکرد، کاتێک ڕێبەری کاریزما و بوێری ئێمە دوکتور قاسملو لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست لە لیمای پێتەختی پێرۆ وەک میوان بەشداریی کرد. لەو کاتەوە پرەنسیپەکانی سوسیال دێموکراسی بوونە پرنسیپەکانی حیزبی ئێمە و لەو کاتەوە ئێمە لە زۆربەی کۆبوونەوە و چالاکیەکانی کە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست ڕێکخەریان بووە بەشداریمان کردووە. لە ساڵی ١٩٩٦، واتە لە بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست حیزبی ئێمە وەک ئەندامی چاودێر وەرگیرا.

هاوڕێیەتی ئێمە لەگەڵ ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست زۆر بیرەوەریی خۆش و تەنانەت هەندێک بیرەوەریی ناخۆشیشیان پێ بەخشیوین. لەنێو بیرەوەرییە ناخۆشەکان دا دەتوانین ئاماژە بە شەهید کرانی دوو ڕێبەری خۆشەویستمان بکەین کە پاش بەشدارییان لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست دا ڕووی دا. لە جولای ١٩٨٩ دوکتور قاسملو چەند ڕۆژ پاش بەشداریی لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست کە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو شەهید کرا و لە سێپتامبری ١٩٩٢ تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران جێگرەوەی دوکتور قاسملو واتە دوکتور شەرەفکەندی دوای بەشداریی ناوبراو لە کۆنگرەی ئەنتەرباسیۆنال سوسیالیست لە بێرلین کردە ئامانج. ئەندامەتیی ئێمە لە ناو بنەماڵەی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆ ئێمە جێگای بایخە و ئێمە بەهای گەلێک گرانمان بۆ بوون بە بەشێک لە ئەنتەرباسیۆنال سوسیالیست داوە.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمڕۆ چەندین حیزبی کوردی لە گشت پارچەکانی کوردستان پەیوەندیی باشیان لەگەڵ ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست هەیە و پلەی جیاوازیان لە ناو ئەو ڕێکخراوە دا دراوەتێ، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە گشت ئەم حیزبانە بە هاندانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەندێ جار لە ڕێگای ئەم حیزبەوە پێوەندی‌یان بە ئەنتەرباسیۆنال سوسیالیست کردووە. ئەوە سروشتییە کە ئێمە لەو بارەوە شانازیی بە ڕۆڵی خۆمانەوە دەکەین.

بەخۆشییەوە ئێستا بزووتنەوەی کورد لە تەواوەتی خۆی‌دا پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەنتەڕ ناسیۆناڵسۆسیالیست دا هەیە و لە پشتیوانیی سیاسیی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە بۆ پرسی کورد بەهرەمەندە.

ئێمە چەند ساڵە ویستی خۆمان بۆ بوون بە ئەندامی تەواو حەق لە نێو ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستمان ڕاگەیاندووە و ئێستا هەلی ئەوەمان بۆ ڕەخساوە کە ئەو داوایەمان پەسەند بکرێ. بەو هۆیەوە و بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێم خۆشە سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ ئەم بڕیارە ژیرانەتان دەر ببڕم کە ئێمەتان وەک ئەندام وەرگرتووە. لە هەمان کات دا پێم خۆشە پیرۆزبایی لەو حێزبە برایانەمان بکەم کە بوونە ئەندامی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست.

لە کۆتایی دا پێم خۆشە لەم دەرفەتە کەڵک وەگرم وپەیمان و وەفاداریی حیزبەکەمان بە بایخ و ئامانجەکانی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست دووپات بکەمەوە و سوپاستان بکەم کە ئەئەندامی وەها بنەماڵەیەکی مەزنن.

# پوختەیەک لە باسەکانی ئەنجوومەنی ئەنترناسیۆناڵ سوسیالیست لە لواندای ئانگۆلا

ئەنترناسیۆناڵ سوسیالیست کۆبوونەوەی ئەمساڵی ئەنجوومەنی خۆی لە ڕۆژانی ٢٨-٢٧ نوامبر لە لواندا، پێتەختی وڵاتی ئانگۆلا، بە میوانداری بزووتنەوەی رزگاریی خەڵکی ئانگۆلا و بەشداریی نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندامی ئەنترناسیۆنال سوسیالیست لە ئافریقا، ئورووپا، ئامریکای لاتین، ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بەڕێوە برد. تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە "کارکردن لە پێناو سەقامگیری، ئاشتی و ئاسایش لە کاتی قەیرانەکاندا، خەبات بۆ یەکسانی و پەرەسەندنی هاوبەشی لە دنیادا، و کوپ ٢١، بە مەبەستی گرێبەستێکی متمانەپێکراوی گەردوونی".

کۆبوونەوەکە دوای یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە سەرتاسەری جیهان بوونەتە قوربانیی تیرۆر، لە لایەن سکرێتری گشتی، لوئیس ئەیالا، کراوە کە لە وەتەکانیدا ئاماژەی کرد بە سروشتی ئاستەنگەکانی بە جیهانی بوون کە ڕووبەڕووی ئێمە بوونەتەوە، جا چ شەڕ لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا بێ و چ خەبات بێ بۆ ئازادی‌یەکان و مافەکان لە هەموو شوێنێک. سکرتێری گشتی پیرۆزبایی لە ئانگۆلایی‌یەکان کرد بە بۆنەی ساڵوەگەڕی سەربەخۆیی ئانگۆلا و هەروەها سوپاسی حیزبی زرگاریی خەڵکی ئانگۆلای کرد بۆ میوانداریيان.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنال، جۆرج پاپاندرۆ، لە وتەکانیدا ڕێزی خۆی ئاراستەی خەڵکی ئانگۆلا کرد بە بۆنەی چلەمین ساڵوەگەڕی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان. بەڕێز پاپاندرۆ هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە لە دوای کۆتایی شەڕی نێوخۆیی، ئانگۆلا بۆتە دێموکراسی‌یەکی پێگەیشتوو و وڵاتێکی رزگار لە دەستێوەردانی دەرەکی. هەروەها قەیرانی پەنابەران وەکوو بەرهۆ و ئاکامی تیرۆڕیزم، نەبوونی ئاسایش و نایەکسانی بەشیک لەو گیروگرفتانە بوون کە پاپاندرۆ ئاماژەی پێ‌دان. ئەو جەختی لەم ڕاستییە کردەوە کە ڕێکاری سەربازی لە دژی ترۆڕیزم تەنیا لە گەڵ پلانێکی تۆکمە بۆ گواستنەوە بۆ ئاشتی کاریگەریی هەیە و دەبێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها جولیا ماتیۆس، سکرتێری جووڵانەوەی رزگاریی خەڵکی ئانگۆلا و جێگری سکرێتری ئەنترناسیۆناڵ، وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی میوانان و ئەندامانی بەشداری کۆبوونەوەکە، جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتی ئانگۆلا پێنج سەد ساڵ مێژووی کۆلۆنیالیستی و شەڕی نێوخۆیی درێژخایەنی هەیە و دەوڵەتی ئانگۆلا لە ساڵی ٢٠٠٢ بەملاوە ڕێگا و ڕەوتی بۆ پەرەسەندن دیارکردووە. ماتیۆس ئەم ڕاستی‌یەی دووپاتکردەوە کە بارگرژی سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پانتایی نێونەتەوەیی بوونەتە هۆکاری ناسەقامگیری و باسی لەوە کرد کە ئانگۆلا لە پێناو ئاشتی‌یەکی سەقامگیر لە ئافریقادا هەوڵی داوەو، ڕۆڵی چالاکی هەبووە لەکۆمەڵێک دەستپێشخەری لە دەریا مەزنەکاندا.

لە سەر تەوەری سەرەکی، مانوێل ئاگۆستۆ، سکرتێری دەوڵەتی ئانگۆلا بۆ کاروباری پەیوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانیش، چوارچێوەی بەشداریی وڵاتەکەی لە کۆبوونەوەکەدا ڕوون کردەوە و گوتی کە وڵاتی ئێمە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی، بە تایبەت لە ئافریقادا، لایەنگری لە ڕەوتی ئاشتی‌یە. لەدرێژەی باسەکانی کۆبوونەوەکەدا هەیئەتی نوێنەرایەتیی ئەو وڵاتانەی کە ئازار و زیانیان لە ڕێگای تیرۆڕیزمەوە پێگەیشتوو قسەیان کرد. ئەنجوومەن، بەشدارانی لەو هەنگاوانە ئاگادار کردەوە کە لە لایەن فرانسوا ئۆلاند و ئیبراهیم بۆباکار لە وڵامی ئەو کردەوە تیرۆڕیستییانەی کە لە ماوەی دوایی‌دا لە پاریس و باماکۆ ڕوویاندا، ڕەچاو کراون. نوێنەرانی ئەو دوو وڵاتە جەختییان لە سەر بڕیاری وڵاتەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی ئەو هەلومەرجە ناخۆش و نائاسایی‌یە کە لە ئاکامی ئەو کارەساتانەدا سەریهەڵداوە کردو، داوای پشتیوانی و هاودەنگی‌یان لە جڤاتی نێونەتەوەیی کرد لە خەبات دژی تیرۆڕیزمدا.

هاودەنگیی تەواوی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە نیشاندەری ویست و بڕیاریان بوو لە پێناو شەڕ لەگەڵ تیرۆریزمدا و بە مەبەستی هێنانەدی دنیایەکی پڕ لە ئاشتی، ئاسایش و سەقامگیری.

لە کۆبوونەوەی دووەمدا، ئەنجوومەن بەیاننامەیەکی تایبەتی سەبارەت بە قەیرانی پەنابەری پەسەندکرد کە تێی‌دا بە ڕوونی پەیوەست بوونی شەپۆلی بەربڵاوی هەنووکەی کۆچبەری بە تیرۆڕیزم لە دنیای ئێمرۆدا ئاماژەی پێکراوە. بەیاننامەکە داوا لە جڤاتی نێونەتەوەیی و یەکیەتی ئورووپا دەکا کە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی ڕەچاو بکەن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ شەپۆلی بێ وێنەی پەنابەری.

لەسەر تەوەری یەکسانی، ڕا و بۆچوونی هەمەلایەنە و فرەچەشن هاتنەگۆڕێ و باسیان لێوەکرا لە نێوان دەوڵەمەترین و هەژارترین کۆمەڵگاکاندا، لە نێوان وڵاتانی پەرەسەندوو و وڵاتانی بەشدار لە ڕەوتی پەرەسەندنو، هەروەها لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتی‌یەکان. هەیئەتەکان ئەو ئاستەنگانەیان دەست نیشان کرد کە لە ڕەوتی پەرەسەندن لە پێناو قازانجی هەموو بەشەکان و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و هەروەها جەخت لە سەر گرنگیی ڕۆڵی دێمۆکراسی کۆمەڵایەتی لەو ڕەوتەدا کرایەوە. بەشداریی هەمەلایەنە لەو بوارەدا نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یە بوو کە کاری کۆمیسیۆنی یەکسانی ئەنتێرناسیۆنال گرنگیکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە کۆبوونەوە ساڵی ٢٠١٦دا بۆچوونەکان و ئەولەویەتەکانی لە جووڵانەوەی سوسیال-دێموکراسی و لە خەبات بۆ نەهێشتنی نایەکسانی لە ئابووری جیهانیدا، دیاری دەکا.

کاتی کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەن کە تەنیا چەند ڕۆژ پێش دانیشتنی لوتکەی کوپ٢١ (cop٢١) لە پاریس بوو، ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە پەیامێکی ڕوون و بێ خەوش سەبارەت بە ئاکامی وتوێژەکان لە سەر کەش و هەوا بۆ بیرۆکەی دێموکراسیی کۆمەڵایەتی و لە پێناو جیهانێکی سەقامگیردا بنێرین. فاتیمە جاردیم وەزیری ژینگەی ئانگۆلا، پێشەکی‌یەکی بۆ باسەکە ئاراستەی کۆبوونەوەکە کرد کە تێیدا باس لە بەڵێنداریی وڵاتەکەی بۆ پێشوازی لە ئاکامی دانیشتەنەکە و هەنگاونانی ئەرێنی لە پێناو کەمکردەنەوەی گازە گوڵخانەیی‌یەکان کرا.

ئەنجوومەن، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئێتیکی ئەنتێرناسیۆناڵی کە لە مانگی ئۆکتۆبر لە لەندەن بەڕێوە چوو و تێیدا کۆمەڵێک پێشنیاری سەبارەت بە ئەندامەتیی و گۆڕانکاری لە پێگەی ئەندامەتی ئاراستەی ئەنجوومەن کردبوو، پەسەندکرد. ئەنجوومەن، ئەندامەتی تەواوی حیزبی سوسیال دێموکراسی بلارووس، حیزبی سوسیال دێموکراتی میسر، حیزبی نەتەوەیی سوسیال دێموکراتی قزاقستان، حیزبی پێشکەوتنخوازی پاراگوا و ڕێکخراوی سەردەمێکی نوێ (ی وێنزوئێلا)ی پەسەند کرد. ئەو ئەندامە نوێیانەی کە ئەندامەتی‌یان لە لایەن ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنالەوە پەسەند کرا بریتی بوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستان (KDP-IRAN) وەک ئەندامی ئەسلی، حیزبی یەکگرتووی دێمۆکراتیک (سووریا) و کۆڕی سوسیال دێموکراتی عەرەب وەکوو ئەندامی ڕاوێژکار.




لە کۆتایی کاری کۆبوونەوەکەدا، سکرتێری گشتی زۆری سوپاسی حیزبی میوانداری کرد بۆ میوانداری کردنیان و گوتی کە ئەنتێرناسیۆنال ئەو پرەنسیپ و هەڵوێستانەی کە ڕێکخراوەکان سەبارەت بە ڕەوشی کەش و هەوا پەسندیان کردوە، ئاراستەی کۆبوونەوەی کوپ٢١ دەکا. سەرۆکی ئەنتێرناسیۆناڵ لە کۆتایی‌دا گوتی لەکاتی پارادۆکس و ناتەبایی‌یەکاندا سیاسەت نابێ لە چوارچێوەی سنووری نەتەوایەتی‌یەکاندا قەتیس بکرێت، بەڵکوو پێویستە گشتگیر و ئەنتێرناسیۆنالیستی بێ کە توانای ئەوەی هەبێ بەرپەرچی جیاوازی، نیفرەت، پۆپۆلیزم و دوژمنایەتی بداتەوە. ناکرێ کێشەکان لە پشتی دیوارە داخراوەکان چارەسەر بکرێن و هەر بۆیەش ئەمە ئەرکی هەموو بەشدارانە کە لە پێناو وەدیهێنانی دنیایەکی باشتر بەردەوام بن لە پێکەوە کارکردن.

سیاسی

# هەڵبژاردن و پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا



عومەر باڵەکی

مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران یەکێک لە پایە گرینگەکانی دێموکراسییە و پێوانەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی مەشڕووعییەت و خەڵکی بوونی سیستمە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان. لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا کاتێک تاک لە کۆمەڵگادا ئەو مافەی پێ دەدرێ کە بە پێی پێوەرەکانی تەمەن و ڕادەی پێگەیشتوویی، هەم نوێنەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ و هەم بتوانێ خۆ بەربژێر بکا و خەڵک دەنگی پێ بدەن، ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێ کە لە بەڕێوەبەری و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵکدا بە شدارە. هەر بۆیە لە کاتی هەڵبژاردندا زۆر چالاک و ئەکتیڤ دەبێ و هەوڵ دەدا بە باشترین شێوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشدار بێ.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارییی خۆیدا وای نیشان داوە کە باوەڕی قووڵی بە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد هەیە و هەموو کاتێک هەوڵی داوە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا خەڵکی زۆر لە دەوری سندووقەکانی دەنگدان کۆ بکاتەوە، بۆئەوەی بە دنیا بڵێ «امت همیشه در صحنه« هەموو کات لە پشت نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاون. بەڵام لە پشت ئەو تابلۆیە ڕاستییەکی تاڵ خۆی حەشار داوە، ئەویش ئەوەیە کە نزیک بە زۆربەی خەڵکی ئێران وەک ژنان، کەمە ئایینی و مەزهەبییەکان و تەنانەت باوەڕدارانی مەزهەبی شیعەش کە باوەڕیان بە ئەسڵی «ولایت فقیه« نەبێ، بە پێی قانوونی بنەڕەتی لە مافی خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستە باڵاکانی دەسەڵاتداری بێبەشن. بۆ نموونە: ئەسڵی ١١٥ی قانوونی ئەساسی مافی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرکۆماری تەنیا بە پیاوان دەدا و تەنیا ئەو پیاوانەش دەتوانن بەربژێر بن کە باوەڕیان بە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات هەبێ.

بە پێی ئەو ئەسڵە ژنان کە نیوەی کۆمەڵگای ئێران پێک دێنن لەو مافە بێبەش کراون و ئەو پیاوانەی باوەڕداری مەزهەبی سوننین، یان ئایینیان جیاواز لە ئیسلامە، ناتوانن لە کێبەرکێی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا خۆیان بەربژێر بکەن.

لە سەردەمی ئێستادا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندییە ئابوورییە تێکچڕژاوەکان، جیهانیان داگرتوە و ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ نەخش و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاوتر دەبێ، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە پێچەوانەوە دەبینین وەزعییەتی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەڕوا و ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی وەزعی ژنان لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان ئەگەرچی لە سەردەمی ڕاپەڕین بە دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا زۆر چالاک بوون، بەڵام دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و بە دەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، چ وەک تاک و چ وەک توێژێکی کۆمەڵگا، زیانێکی زۆری ڕووحی و جەستەییان پێگەیشتوە و بە جێگای بەرەوپێشچوون بۆ وەدەستخستنی مافی زیاتر، ئارام ئارام ئەوی پێش ڕاپەڕینی ٥٧ یش وەدەستیان هێنابوو لە دستیان داوە. بۆ نموونە: ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٤٢ مەجلیسی شووڕای میللی قانوونی پارێزگاری لە بنەماڵە «قانون حمایت از خانواده«ی پەسند کرد. لەو قانوونەدا «یەک لایەنە تەڵاقدان قەدەغە ڕاگەیەندرابوو، چەند هاوسەری ڕێوشوێنی دژواری بۆ دانرابوو، مافی داواکردنی تەڵاق بە ژنان درابوو و سەرپەرستیی منداڵ لە حاڵەتی جیابوونەوە یان مردنی باوکدا، دەدرا بە دایک و.... بە دوای ئەوەدا قانوونی هەڵبژاردن و داڕشتنی قانوون پەسند کرا کە لەو قانوونەشدا ماف درا بە ژنان بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و لە پێکهاتنی ئەنجومەنی پارێزگا و شارستان و ئەنجومەنی شار و دێدا بەشدار بن. خاڵی جێگای سەرنج لە قانوونی هەڵبژاردندا ئەوە بوو کە دوو مەرجی «پیاوبوون و موسڵمانبوونی» لێ لاچووبوو، واتە هەموو پێکهاتەکانی ئێران بە پێی قانوون، بێ جیاوازی دەیانتوانی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بن. کاتێک قانوونی هەڵبژاردن پەسەند کرا خومەینی کە لە قوم دادەنیشت وتارێکی توندی بە دژی ئەو قانوونە دا. دژکردەوەی خومەینی بە تایبەتی لە سەر لاچوونی دوو مەرجی « پیاو بوون و موسوڵمانبوون» لە قانوونەکە بوو، هەربۆیە لە وتارەکەیدا گوتی›› ئەوە پیلانگێڕییە بە دژی ئیسلام». لە ئاکامی ئەو بیرو بۆچوونەدایە کە دەبینین دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، ژنان نەک ئەو مافەیان لێ ئەستیندراوەتەوە و ناتوانن خۆیان بۆ هیچ پۆستێکی باڵای دەسەڵات بەربژێر بکەن، بەڵکوو تووشی زۆر گیروگرفتی دیکەش بوون و ڕاستەوخۆ مافەکانیان پێشێل دەکرێ و وەک




مرۆڤی دەرەجە ٢ دێنە ئەژمار. بۆ وێنە کێشەی ڕەچاوکردن یا نەکردنی «حجاب» لە لایەن ژنانەوە بۆتە قەیرانێکی گەورەی کۆماری ئیسلامی. چەندین دامودەزگا بۆ چاوەدێری بە سەر کردار و ڕفتاری ژناندا پێک هاتوون کە بە قسەی خۆیان بۆئەوەیە کەرامەتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پارێزراو بێ. بەڵام دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەئەستاندندان و بە داخەوە ژنان بە دەرەجەی یەکەم قوربانیی ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرانەن کە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕوویان لە کۆمەڵگای ئێران کردوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە جێگای ئەوە زۆری لە کچان و ژنان بکەن بۆ ڕەچاوکردنی «حجاب»، دەبوایە بە هاوکاریی خەڵک لە هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەیان کۆڵیبایەوە، چونکە زانست و تەجرەبە سەلماندوویانە هەتا بیروڕای گشتی نەتوانێ بە ئازادی سەبارەت بە وەزعی شێواوی کۆمەڵگا قسە بکا و ئامارێکی دروست لە دەستی کارناسانی ئەو بوارەدا نەبێ، ناتوانرێ ئەو چاوەڕوانییە هەبێ کە ئەو مەسەلانە لە لایەن دەسەڵاتەوە وەک خەمی گشتی کۆمەڵگا سەیر بکرێن و ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. واتە تاکی کۆمەڵگاش دەبێ لە چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگادا بەشدار بێ و هەست بەوە بکا کە وەک تاک، هەیە و لە چارەسەری گیروگرفتەکان و هەوڵی پێشخستنی کۆمەڵگادا حیسابی لەسەر دەکرێ.

لێرەدا پێویستە ئیشارە بەو خاڵە گرینگە بکەم کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ وا نیشان بدرێ کە ژنان هۆکاری گیروگرفت و شێوانی ئەخلاقی کۆمەڵگان. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە جێدا دروست نیە، بەڵکوو دەبێ ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێن کە کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری شێواوی و دابەزینی ئەخلاقی دەبا. یەکێک لەو هۆکارانە بایەخنەدانە بە تواناکانی ژن و پێشگیری لە بەشداریی ژنان لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتداو لە بەرچاونەگرتنی مافەکانی ژن وەک مرۆڤێک کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودا نیە.

لە کۆتایی دا پێویستە وەبیر بێنینەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و قانوونەکانی ئەو سیستمە خولقێنەری سەرەکیی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانن. هەر کات ئەو نیزامە توانی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو و پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران دابین بکا، ئەو کات دەتوانێ بەسەر نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانە ئابوورییەکاندا کە هەموویان سەرچاوەگرتوو لە بەڕێوەبەری هەڵەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە، زاڵ بێ. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو شێوازە تێڕوانینە بۆ قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە پەرەئەستاندندا بێ، قەیرانەکان بەرینتر دەبن و هەر ئەوە دەبێتە هۆی دارمانی نیزامی کۆماری ئیسلامی. چونکە نێوەرۆکی قەیرانی کۆمەڵایەتی وەک گەردەلوول وایە، هەتا وێرانییەک و زیانێکی گەورە دروست نەکا ئارام ناگرێ.

سیاسی

# پێویستیی هەڵمەتێک بۆ ڕێگری لە کوشتاری کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد



عەلی بداغی

ڕۆژ نیە لە ناوچە سنوورییەکان هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ پۆلێک لە شەریفترین کەسەکان کە ئامادەن بۆ پارووە نانێک مەترسیدارترین ڕێگا بگرنە بەر، بەڵام نانی سەرشۆڕیو چاولەدەستی نەخۆن؛ نەچنە کەمینەوە.

ڕەوتی بەردەوامی کوشتاری کۆڵبەرانو کاسبکارانی زەحمەتکێشی کورد لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە ساڵدا، بایی پتر لە ٢٥ میلیارد دۆلار کاڵاو شمەک بە قاچاغ دێتە ئێرانەوە، بەڵام نەک بە کۆڵی کۆڵبەرانو لەسەر پشتی وڵاغی کاروانچییەکان، بەڵکوو بەڕێی دەروازە ڕەسمییەکان، بەندەرو ئیسکەلەو فرۆکەخانەکاندا.

کەسیش نیە کە نەزانێ بەشی هەرە زۆری ئەو قاچاغە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانو هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەک سپای پاسدارانو دامودەزگا دەوڵەتییەکانی دیکەوە دەکرێو تەنانەت ئەحمەدینەژاد، سەرکۆماری پێشووی ڕێژیمیش کە ماوەیەک لەگەڵ سپای پاسداران تێکگیرابوون، باسی لە هەبوونی دەیان ئیسکەلەو دەروازەی مەرزیی ناقانوونی کرد کە لەلایەن « برایانی سپای پاسداران»ی ئەحمەدینەژادەوە بەڕێوە دەبرێن.

بابەتی هێنانو بردنی کاڵا لە ناوچە سنوورییەکان بە درێژایی هەبوونی ئەو سنوورانە هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەو بابەتە لە دۆخی ئێستادا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەگەر لە دوو سێ دەیە لەمەوپێش چەند سەد کەسێک لە هەموو کوردستان بەو پیشەیەوە سەرقاڵ بوون، ئێستا بە دەیان هەزار کەس ڕوویان تێکردوە؛ ئەگەر پێشتر خەڵکێک بۆ سەوداو قازانجی زۆر پێوەی خەریک بوونو مەترسیی گیانییشی لەسەر نەبوو، ئێستا قازانجو دەسکەوتەکەی زۆرتر لە ڕۆژانەی کرێکارێک نیەو دەبێ سینگیشی بۆ بە گوللەوە نێنو مەترسییەکانی کەوتنەسەرمینو هەڵدێران لە شاخو مانەوە لە سەرماو کڕیوەو کەوتنەژێر ڕنووشی بۆ لەخۆ بگرن.

کەواتە ئەو پرسیارە لە بنیڕا لە جێی خۆیدایە کە بۆ ئەو خەڵکە بەو حاڵەش دەسبەرداری نابنو وەڵامەکەش شتێک نیە جیا لەوەی کە « ناچارن».

ئەگەر ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن بێکاری کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگای ئێرانەو نیزیک بە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، هەژاریو بێکاری لە کوردستان زۆر زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەو؛ بەهۆی سیاسەتی دواکەوتووڕاگرتنی کوردستانو پشتگوێخستنی ئەو بەشە لە ئێرانو کەمیی کارخانەو ناوەندەکانی بەرهەمهێن؛ زۆرترین خەڵک بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان بێکارن.

بێگومان ئەگەر لەو ناوچانە دەرفەت بۆ کارێکی ئاساییو قانوونی هەبێو؛ گەورەی ماڵ شەرمەزاری دابینکردنی پێداویستییەکانی ماڵو منداڵی نەبێ، کەس نیە لە گیانی خۆی بێزار بێو بەزەیی بە خۆیو ماڵو منداڵیدا نەیەتەوە؟

ئەگەر ناوەندە ئەمنیەتییەکانو دامو دەزگا دەوڵەتییەکان زۆر پەرۆشی دیاردەی قاچاغ!و ئەو هاتوچۆ ناقانوونییەن، با هەلی کار بۆ خەڵک دابین بکەن بزانن کەس ڕوو لە سنوورەکان دەکا؟ کەواتە ئەو خەڵکە نەک جێی لۆمەو شایانی کوژران نین، بگرە جێی ڕێزو شایانی پاداشو خەڵاتیشن کە سەر بۆ نەبوونیو دەرکەوتەکانی نەوی ناکەنو بۆ پارووە نانێک دەپەڕنە سەر پشتی شێر. بەڵام ئەوان کاری ئاسان دەکەن کە کوشتنو قەڵتوبڕی کاسبکارانو سڕینەوەی ئەسڵی بابەتەکەیە؛ چونکی ئەوان باوەڕیان بە بووژاندنی ئابووریی کوردستانو وشککردنی سەرچاوەی قەیرانەکان نیە، بۆ ئەوەی بیانوویان بۆ لەسەرپێبوونی چەکەکانیانو، زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی بەسەر کوردستانیاندا هەر بەدەستەوە بێ.



سەیرە لە ناوچەیەکی ئەو وڵاتە پانو بەرینو بەپیتوبەرەکەتەدا هەموو پێوەرە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان لە نزمترین ئاستی وڵاتدا بێو؛ ئەو کات سزای مەرگ بۆ بابایەکی کۆڵبەر بە ڕەوا ببینرێ کە جیا لەو پیشەیە هیچ دەرەتانێکی دیکەی بۆ ژیان نیە.

کۆڵبەران توێژێکی لاوازن، کەس نیە پشتیان بگرێ، کەس بە هانایانەوە ناچێ، کاربەدەستانو دامودەزگا حکوومەتییەکانو نوێنەرانی شارەکانیان لە مەجلیس نە خەمیان لێ دەخۆنو نە لێیان دەپرسن، پارێزەرانیش کە قانوون دەزانن لە حاند هەموو ئەو بێقانوونییەی دەرحەق بە کۆڵبەرانو کاسبکاران دەکرێ کەمترین دەنگیان لێوە نایە، ڕۆژنامەکانیش بەو هۆیەی ڕێژیم ناوی قاچاغچیی بەسەر کۆڵبەراندا بڕیوە، تەنانەت هەواڵی کوژرانو بریندارбوونیان بە دەست هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتیش بڵاو ناکەنەوە؛ ئەو ڕاستییانە ئەوەندەی جێی داخن، ئەوەندەش دەرفەتی زیاتر بە ڕێژیم دەدەن کە بێبەزەییانەترو بێترسو دڵەراوکێ درێژە بە جینایەتە دژی مرۆییەکانی لە کوردستاندا بدا.

هەر بۆیە پێویستە هەر کەسو لایەنێک بەش بە حاڵی خۆیو بەپێی دەستڕۆیشتوویيو قورسایی خۆی دەنگێک بێ بۆ مەحکوومکردنی کوشتاری کۆڵبەران. پێویستە کۆڵبەران لە نێو خۆیاندا یەکگرتوو بنو پشتی یەک بگرن، پێویستە ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان لەسەرهەست بنو پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکانی ئەوان لەلایەن ڕێژیمەوە لەقاو بدەن؛ پێویستە پارێزەرانی کوردو غەیرە کورد بێنە مەیدانو بەهێنانەوەی بەڵگەی قانوونی، بێقانوونییەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمو وەبەر دەستڕێژدانی کۆڵبەران مەحکوم بکەنو بە وەئەستۆگرتنی خۆبەخشانەی پەروەندەی قوربانیانی ئەو ڕووداوانە تێچووی لەززەتی ئینسانکوژیی هێزەکانی ڕێژیم بۆ ئەوان زیاتر بکەن. نوێنەرانی شار پێویستە لە ناوەندەکانی بڕیارو قانووندانان‌دا دەنگی بەشمەینەتانی خەڵکەکەی خۆیان بنو بە ڕاکێشانی سەرمایەو بوودجەو پڕۆژە ئابوورییەکان بۆ ئەو ناوچانە خەڵک لەو پیشە پڕمەترسییانە دوور خەنەوە.

خەڵکی کۆڵبەرو کاسبکار شەریفو زەحمەتکێشن، ئەوان شایانی عیززەتو ئیحترامن، نەک کوژرنو ونبوونی خوێنو ژیانیان.

سیاسی

# ڕێککەوتنی یەکیەتیی ئورووپا و تورکیە



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی نۆڤامبری٢٠١٥ (٨ی سەرماوەزی ١٣٩٤) یەکیەتیی ئورووپا و تورکیە لە پێوەندی لە گەڵ پێشگرتن بە چوونی لافاوی پەناخوازان بۆ ئەو یەکیەتی‌یەدا گەیشتنە ڕێککەوتن. بە پێی ئەو ڕێککەوتنە، تورکیە بە توندترکردنی کۆنترۆڵ لە سەر ڕێگا ئاوی و ویشکانی‌یەکان، پێشی ڕۆیشتنی بە کۆمەڵی کۆچبەران بەرەو وڵاتانی ئورووپایی دەگرێ و ئەو کەسانەش کە لە وڵاتی تورکیەڕا بەرەو ئورووپا ڕۆیشتوون و لەو وڵاتانەدا داوای پەنابەری‌یان پەسند نەکراوە، وەردەگرێتەوە. هەروەها دەوڵەتی تورکیە دەبێ ئەو پەناخوازە شەڕلێدراوانە کە ڕوویان لە تورکیە کردوە، لە وڵاتەکەی خۆی‌دا بحاوێنێتەوە و دیپۆرتی وڵاتەکانی خۆیانیان نەکاتەوە. لەبەڕانبەردا یەکیەتیی ئورووپا لە دەسپێکدا سێ میلیارد یۆرۆ لە چەند قۆناغدا دەدا بەو وڵاتە، بۆ دابین کردنی شوێنی مانەوە و پێداویستی‌یەکانی پەناخواز و ئاوارەبووەکان. بە پێی ئەو ڕێککەوتنە یەکیەتیی ئورووپا هەروەها کارئاسانی دەکا بۆ چوونی هاونیشتمانانی تورکیە بۆ وڵاتانی ناوچەی «شێنگێن» و لە ئۆکتۆبری ساڵی داهاتووی زایینی‌یەوە، خەڵکی تورکیە دەتوانن بە بێ ویزا سەردانی ئەو وڵاتانە بکەن. جگە لەوەش قەرارە وتووێژەکانی یەکیەتیی ئورووپا و تورکیە بۆ بەئەندامبوونی ئەو وڵاتە لەو یەکیەتی‌یەدا سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو ڕاوەستابوو.

تورکیەش وەک هەموو دراوسێ‌یەکانی سووریە و عێراق لەگەڵ کێشەی هاتنی بە کۆمەڵی پەناخوازان و ئاوارەکانی شەڕ بەرەوڕوویە و هەر ئێستا زیاتر لە دوو میلیون ئاوارەی سووری و عێڕاقی لەو وڵاتە گیرساونەتەوە. لە دوای شەڕ و نا ئارامی‌یە نێوخۆیی‌یەکانی عێراق و سووریە و زیادبوونی کەم‌وێنەی ڕێژەی کۆچبەران بۆ ئەو وڵاتە، دەوڵەتی تورکیە داوای هاوکاریی لە یەکیەتیی ئورووپا کردوە. هەرلەوکاتەدا لە بەر زۆریی ڕێژەی ئاوارەکان و چەند هۆیەکی دیکە، یەک لەوان گوشارخستنەسەر ڕۆژئاوایی‌یەکان، بەتایبەت وڵاتی یوونان کە هەمیشە کێشە و ناکۆکیی و تەنانەت شەڕی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەبووە، بە کردەوە دەرگای سنوورەکانی خۆی بۆ کۆچی بە کۆمەڵی ئاوارەکان کردەوە. شک لەوەدا نیە کە تورکیە لە بەر هاوسنووربوون لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا (یوونان و بولغارستان) گرینگی‌یەکی تایبەتیی بۆ ئەو یەکیەتی‌یە و ئەو کەسانە هەیە کە بە هەر هۆ و بیانوویەک دەیانەوی ڕوو لە ئورووپا بکەن. ئەوە بۆ زیاتر لە نیوسەدە دەچێ کە تورکیە بۆتە دەروازەیەک بۆ خەڵکی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نیوەڕاست و بە گشتی ئاسیا کە روو لە وڵاتانی ئورووپایی دەکەن و تورکیەش بە باشی جێگە و پێگە و گرینگیی هەڵکەوتووی خۆی دەناسێ و دەزانێ چۆن لە بەرانبەر وڵاتانی ئورووپایی‌دا، کەڵک لەو ئیمتیازە وەرگرێ.

تورکیە هەر لە دوای ئیمزاکرانی پەیمانی ماستریخت لە ساڵی ١٩٩٣دا بەم لاوە بەردەوام داوای لە یەکیەتیی ئورووپا کردوە کە وەک ئەندام وەربگیرێ و لەساڵی ١٩٩٩وە، وەک بەربژێر بۆ ئەندامبوون، بەفەرمی ناسێندراوە، بەڵام ئەو یەکیەتی‌یە لەبەر چەند هۆکارێک، ئەو داوایەی تا ئێستا ڕەت کردۆتەوە. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکی‌یانە، ئەوەیە کە سیستەمی دەسەڵاتداریی ئەو وڵاتە لەسەر بنەمای هەڵاواردنی نەتەوەیی و سەرکوت و حاشاکردن لە بوونی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان، یەک لەوان نەتەوەی کورد و ڕێزنەگرتن لە دێمۆکراسی و مافی‌مرۆڤ دامەزراوە. یەکیەتیی ئورووپا دەڵێ ئەو دیاردانە لەگەڵ پێوەرو پرەنسیپەکانی ئەندامەتی لەو یەکیەتی‌یەدا ناگونجێن و دەبێ تورکیە ڕێز لە هەموو بایەخە مرۆیی‌یەکان، بە کێشەی کەمە نەتەوایەتی‌یەکانیشەوە بگرێ. ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا هەر چەند نە زۆر بە ڕاشکاوی، بەڵام دەڵێن تورکیە لە ڕاستی‌دا وڵاتێکی ئاسیایی‌یە و تەنیا بەشێکی بچووکی ئەو وڵاتە کەوتۆتە قاڕەی سەوز. هەروەها وڵاتانی ئورووپایی کە مێژوویەکی تاڵ و خوێناوی‌یان لەگەڵ ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و تورکە موسڵمانەکان‌دا هەیە، زۆر بە ئەندامەتیی وڵاتێکی موسڵمانی وەک تورکیە کە خاوەنی زیاتر لە ٧٦ میلیون حەشیمەتە،لەو یەکیەتی‌یەدا ناکەن. ئەوان ترسیان لە گۆڕینی پێکهاتەی حەشیمەتیی (دێمۆگرافی) ئورووپا و زۆربوونی ڕێژەی موسڵمانان لەو قاڕەیە و سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی نەخوازراوی وەک ڕاسیسم و ڕەگەزپەرستی و شەڕ و ئاژاوە دینی‌یەکان هەیە. هەر بۆیەش هەمیشە دەستی ڕەدیان بە سینگی تورکیەوە ناوە و داواکەیان پشتگوێ خستوە.

**ئەمجارەیان وا دیارە ئورووپایی‌یەکان لەئاست لافاوی پەناخوازان، ناچار بوون ئیمتیازگەلێك بە تورکیە بدەن و تاڕادەیەك ئومێد و هیوای لەمێژینەی تورکیە بۆ ئەندامەتیی یەکیەتیی ئورووپا لە دڵی تورکەکان‌دا زیندوو بکەنەوە**

بەڵام ئەمجارەیان وا دیارە ئورووپایی‌یەکان لەئاست لافاوی پەناخوازان، ناچار بوون ئیمتیازگەلێک بە تورکیە بدەن و تاڕادەیەک ئومێد و هیوای لەمێژینەی تورکیە بۆ ئەندامەتیی یەکیەتیی ئورووپا لە دڵی تورکەکان‌دا زیندوو بکەنەوە. ستراتیژی یەکیەتیی ئورووپا لە ئاست ئەو قەیرانە ئەوەیە کە بەدانی یارمەتیی ماڵی، وڵاتانی دراوسێی ناوچە شەڕلێدراوەکان، وەک تورکیە ڕازی بکا کە بەر بە هاتنی ئاوارەکان بگرن و لە ناوچە سنووری‌یەکانی خۆیان لەگەڵ سووریە و عێڕاق، یان هەر شوێنێکی دیکە، نیشتەجێ‌یان بکەن. تورکیەش باش دەزانی، شەپۆلی کۆچبەران و ئەو کارەساتە مرۆیی‌یانەی هەموو ڕۆژێ لە دەریاکان و لە نێو کامێونەکانی ئاخنراو لە ئاوارەدا ڕوو دەدەن، چۆن بیرو ڕای گشتی و ویژدانی ئورووپایی‌یەکانی هەژاندوە. هەربۆیەش سەرەتا بە کردنەوەی سنوورەکانی خۆی بە ڕووی ئاوارە و کۆچبەران‌دا، وڵاتانی ئورووپایی تووشی قەیرانێکی بێ‌وێنەی مرۆیی کرد و ئێستاش وا دیارە لە بەرانبەر ئەو داخوازەی یەکیەتیی ئورووپادا ئیمتیازگەلی زۆر بە نرخ وەدەست دێنێ. لەو پێوەندی‌یەدا ئەحمەد داود ئۆغلو، سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە لە دانیشتنی نائاسایی بروکسێل‌دا کە بۆ چارەسەری کێشەی ئاوارە و پەناخوازەکان ساز کرابوو، وێڕای دەربڕینی کەیفخۆشیی خۆی لە واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنە، ئەو بۆنەیەی بە »ڕۆژێکی مێژوویی« دانا.

تەنیا ڕۆژێک لە دوای واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنە، پۆلیس‌وهێزە ئەمنییەکانی تورکیە وەخۆ کەوتن و بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ئانادۆڵی ئەو وڵاتە، ١٣٠٠ کۆچبەریان لەگەڵ ژمارەیەک قاچاغچیی مرۆڤەکان لە بەندەری «ئایواجیک» قۆڵبەست کردوون کە بەتەما بوون خۆیان بگەیەننە دوڕگەی «لێسبووسی» وڵاتی یوونان.

ئەو کردەوەیەش نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە تورکیە کێشەی ئاوارە و پەناخوازانی وەک کارتێکی گوشارخستنەسەر یەکیەتیی ئورووپا بەکار هێناوە و ئەو هەلەی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازگەلێک لە ئورووپایی‌یەکان قۆزتۆتەوە.

دیارە ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ دژایەتیی بەرینی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرەوڕوو بوو و زۆر لایەن ئەو ڕێککەوتنەیان بە لەژێرپێنانی مافی‌مرۆڤ لەقەڵەم دا. بە وتەی بەشی فارسیی دویچەولە، «گۆنتێربورکهارد» سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ «پروئازوڵ» ئەو ڕێکەوتنەی بە «موعامەلەیەکی پیس» و «ڕاگەیاندنی وەرشکەستەبوونی ئەخلاقی ئورووپا» داناوە.

بەکردەوەکرانی ئەو ڕێککەوتنە هیچ گومانێکی تێدا نیە و یەکیەتیی ئورووپا لێبڕاوە هەر چۆنێک بێ کێشەی ئاوارەکان لەسەر سنوورەکانی سووریە و تورکیە چارەسەر بکاو بەهەر شێوەیەک بۆی بگونجێ لە بەرۆکی خۆی دامالێ. بۆ تورکیەش زۆر گرینگە کە لە لایەک تێچووی ئەو ڕێژە زۆرە لە ئاوارەکان دەکەوێتە سەر شانی وڵاتانی ئورووپایی و لەلایەکی دیکەش لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی داهاتوو ڕا هاونیشمانانی ئەو وڵاتە دەتوانن بەبێ ویزا، روو لە ئورووپا بکەن. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە مەسەلەی ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا پەیوەستە بە زۆر شەرت و مەرجەوە و هەروا ئاسان نیە و کورد گوتەنی «ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ».

چوار کێشەی سەرەکی لە بەردەم بەئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا هەن کە لێرەدا بەخێرایی ئاوڕیان لێدەدەینەوە.

١ــ کێشەی کوشتاری بە کۆمەڵی ساڵی ١٩١٥ی ئەرمەنی‌یەکان بە دەستی سوپای حەمیدیە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا کە بوو بە هۆی قڕبوونی میلیۆن و نیوێک ئەرمەنی لەو وڵاتەدا. پارلمانی ئورووپا کە دیارە دەسەڵاتی جێبەجێ‌کردنی نیە و چەند وڵاتێکی دیکەی ئورووپایی، یەک لەوان یوونان، کوشتاری ئەرمەنی‌یەکانیان بە کۆمەڵکوژی (ژینۆساید) ناسیوە و ئەوە لەسەر تورکیە گران کەوتوە. هەر چەند تورکیە و سەرۆکی ئەو وڵاتە، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، بەداخبوونی خۆیان لەو کۆمەڵکوژی‌یە دەربڕیوە، بەڵام نە ژینۆسایدی ئەرمەنی‌یەکانیان بەفەرمی و نافەرمی قەبووڵ کردوە و نە باوەڕیان وایە کە ڕێژەی کوژراوەکان ئەو ڕادەیە بێ کە دەوڵەتی ئەرمەنستان و میدیا جیهانی‌یەکان باسی‌لێوە دەکەن. جگە لەوەش ئەگەر تورکیە ئەو کارەساتە مرۆیی‌یە وەک کۆمەڵکوژیی و ژینۆساید قەبووڵ بکا، ئەوکات دەبێ وەک میراتگری عوسمانی‌یەکان قەرەبووی هەموو زیان و زەرەرە ماددی و مەعنەوی‌یەکان بکاتەوە . بەهەر حال ئەو کێشەیە لەبەر دەم تورکیە و یەکیەتیی ئوروپادا قوت بۆتەوەو، یەکێک لە ڕێگرە سەرەکی‌یەکانی ئەو پرۆسەیەیە.

٢ـ لە دوای کێشەیەکی زۆر لە گەڵ یوونان لەسەر دوڕگەی قێبرێس، لە ساڵی ١٩٧٤دا هێزەکانی تورکیە لە ژێر ناوی عەمەلیاتی «ئاتیلا››دا هێرشیان کردە سەری و باکووری ئەو دوڕگەیەیان داگیر کرد و دەسەڵاتێکی سەر بە تورکیەیان لێدامەزراند. لەو کاتەوە هاتا ئێستا چارەنووسی ئەو دوڕگەیە، بۆتە جێی مشت و مڕی دوو وڵاتی ناوبراو کە هەردووکیان ئەندامی ڕێکخراوی «ناتۆ»ن. شک لەوەدا نیە کە یوونان تا یەکلابوونەوەی چارەنووسی قێبرێس، لەگەڵ بەئەندام بوونی تورکیە لەو یەکیەتی‌یە دا موافەقەت ناکا.

٣ـ لەژێرپێنانی مافی‌مرۆڤ و ئەشکەنجە و ئازاری زیندانی‌یان و گرتن و ڕاودوونانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، لەو هۆکارانەن کە دەبنە بەربەست لەسەر ئاواتە لەمێژینەکەی تورکیە. بەتایبەت کە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی‌مرۆڤ لە وڵاتانی ئورووپایی زۆر چالاکن و هەموو کردەوەکانی دەوڵەتی تورکیەیان لەژێر چاودێری‌دایە. هەر لەو ماوەیەدا دوو ڕۆژنامەوانی تورکیە بە ناوەکانیب »جان دۆندار» سەرنووسەری ڕۆژنامەی «جمهووریيەت» و»ئاردم گووڵ» سەرۆکی دەفتەری ئەو ڕۆژنامەیە کە بە تاوانی سیخوڕی! گیراون، بە نووسینی نامەیەک، داوایان لە ڕێبەڕانی وڵاتانی ئەڵمان و فەڕانسە و ئینگلستان کرد کە لە سەر کێشەی مافی‌مرۆڤ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە سازیش نەکەن. ئەمە و زۆر کێشەی پێوەندیدار بە مافی‌مرۆڤ، کاریگەریی دەبێ لەسەر بەئەندام بوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا.

٤ــ کێشەی لەمێژینەی نەتەوەکانی وڵاتی تورکیە و مەزنترینیشان، کێشەی نەتەوەی کورد کە گەورەترین نەتەوەیە لەو وڵاتە لە پاش تورک و خەڵکە بە تورک کراوەکەی، هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و سەرەڕای هێندێک هەنگاوی سیاسی و کرداری کە لە ئاست قەبارەی ئاڵۆزی ئەم کێشە لەمێژینەیەدا نین و لە دوای هاتنەسەردەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغانەوە هەڵێندراونەتەوە، کوردەکان هەر وا لە ژێر زەخت و گوشاردان و ڕۆژ نیە هێرش نەکرێتە سەر چالاکانی سیاسیی کورد و بنکە و بارەگاکانی هێزە کوردی‌یەکان و لایەنگرانیان، ئاور تێبەرنەدرێن. بێگومان کاتێک ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێ کە لە لایەک بوونی نەتەوەی کورد لەم وڵاتە لە قانوونی بنەڕەتی دا بسەلمێندرێ و لە لایەکی دیکە بە شێوەی کرداری و لە سەر ئەرزی واقع نەتەوەی کورد هاوشان لەگەڵ تورکەکان لە هەموو بەشەکانی سیاسی و ئابووری و کەلتوری‌دا مافی وەک یەکیان هەبێ.

بەئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا بەقازانجی کوردستانی باکوور و بە گشتی بە قازانجی خەڵکی کوردستان دەبێ. جگە لەوەی دەوڵەتی تورکیە ناچار بە جێبەجێ‌کردنی مەرجەکانی وڵاتانی ئورووپایی دەکرێ و ئەوەش لە هەموو بارێکەوە بە سوودی نەتەوەکەمانە و کێشەی باکووری کوردستان پێ دەنێتە ئاقارێکی دیکەوە و بەرەو چارەسەرێکی خێرا هەنگاو دەنێ، کوردستانیش لە تەواویەتی خۆی‌دا بۆ یەکەمجار دەبێتە دراوسێی وڵاتێکی سەر بە یەکیەتیی ئورووپا و ئەوەش دەتوانێ سەنگ و وەزنی کوردستان و نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی زوڵم‌لێکراو و هەرلەوکاتەدا ئازادیخواز و ئاشتیخواز زیاتر لە پێشوو بەرز بکاتەوە.



**بەئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا بەقازانجی کوردستانی باکوور و بە گشتی بە قازانجی خەڵکی کوردستان دەبێ. دەوڵەتی تورکیە ناچار بە جێبەجێ‌کردنی مەرجەکانی وڵاتانی ئورووپایی دەکرێ و ئەوەش لە هەموو بارێکەوە بە سوودی نەتەوەکەمانە و کێشەی باکووری کوردستان پێ دەنێتە ئاقارێکی دیکەوە و بەرەو چارەسەرێکی خێرا هەنگاو دەنێ**

سیاسی

# کۆمەڵگا نابێتە دینی یان ئەوان ئیسلامیان بۆ مانەوەی خۆیان دەوێ؟

عەلی بداغی

کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەی ٣٧ ساڵە دەیەوێ سیمای حکوومەتێکی ئایینی لە خۆیو خەڵکی ئێران پیشانی دەرەوە بدا.

ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە لەو ماوەیەدا هەموو ستراتیژی‌یان ئەوە بووە کە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیو پێملی بایەخە ئایینی‌یەکان دروست بکەنو خۆیان گوتەنی نەوەیەکی گوێڕایەڵو هەڵگری بایەخە ئیدۆلۆژیکی‌یەکانی خۆیان پێ‌بگەیەنن. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو پیەرنامەو پیلانێکیان لەکار کردوە. وەک ئیسلامی‌کردنی ناوەندە فێرکاری‌یەکانو خوێندنگەکان لە هەموو ئاستەکان‌دا، شۆردنەوەو پڕکردنی مێشکی منداڵان بە باوەڕی خوڕافی لە ڕێگای هەموو کەرەستەکانی گەیاندنی گشتیو کتێبە دەرسی‌یەکان‌ڕا بگرە؛ تا دانانی دەیان ناوەندی بەناو پەروەردەیی‌و فیکری؛ لەگەڵ سەپاندنی زۆر قانوونی وەک حیجابی زۆرەملێ بە پاساوی شەرعی‌و پەسندکردن‌و جیبەجێ‌کردنی زۆر قانوونی پڕ لە هەڵاواردن بە پشت بەستن بە دەقە ئاینی‌یەکان.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیویەتی کۆمەڵگایەکی ئیسلامیی وەک دەیەوێ لە ئێران‌دا دروست بکا؟ ئایا توانیویەتی نەوەیەکی «ئینقلابی ئیماندار» بۆ شەڕی پاراستنی بایەخە ئیسلامی‌یەکان پێ‌بگەیەنێ؟ لە بنەڕەت‌ڕا پێوەرەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی چین؟ یان هەر لە جێدا ئایا کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی دینی‌یە یان دەق‌و ڕێوشوێنە ئاینی‌یەکان بۆ سەرکوتی کۆمەڵایەتی‌و پەرەپێدانی دەسەڵات‌و مانەوەی خۆی بەکاردێنێ.

چاوخشاندن بەسەر هەندێ ئاماردا کە هەمووی ڕەسمین‌و لەلایەن ناوەندە حکوومەتی‌یەکانەوە ڕاگەیەندراون، سیمایەکی گشتی لەو کۆمەڵگایەمان پێ‌دەدا کە ٣٧ ساڵە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بە ئایدۆلۆژی‌و بایەخەکانی خۆیەوە دروستی کردوە.

لە کۆمەڵگای ئێران‌دا تەڵاق تا دێ زیاد دەکاو زەماوەندو پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشیش هەر دێ‌و لە کەمی دەدا. بەپێی ئامارەکان لە هەر ٤٤ حاڵەتی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە ئێران ١٠ یان هەڵدەوەشێنەوە، ١١ میلیۆن‌و ٢٤٠ هەزار لاویش بە سەڵتی ماون کە یەک میلیۆن‌و ٣٠٠ هەزار کەس لەوان لە تەمەنی قەیرەییش تێ‌پەڕیون‌و لانی‌کەمی بەختی ژن‌هێنان، یان شووکردنیان هەیە.

سەرەڕای قەدەغەکرانی خواردنەوەو کڕین‌و فرۆشتنی مەشرووب لە ئێران، بەڵام ساڵی ڕابردوو بایی ١ میلیارد دۆلار مەشرووب هاتۆتە ئێران‌و خوراوەتەوە، لە بازاڕی قاچاغی خواردنەوە ئەڵکۆڵی‌یەکان‌دا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس کار دەکەن‌و ساڵانە ٤٢٠ میلیۆن لیتر مەشرووب لە ئێران دەخورێتەوە.

سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای قەزایی ئێران دەڵێ کە ١٥ میلیۆن پەروەندە لە دەزگای قەزایی ئێران‌دا لەسەر یەک کەڵەکە بوون‌و؛ لە ساڵی ڕابردوودا (١٣٩٣) زیاتر لە ٢٠٠٠ کوشتنی بەئەنقەست‌و ١٣٠٠ حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچان‌و ژنان لەئێران‌دا ڕوویان داوە، جیا لەوەش زیاتر لە بیست هەزار پەروەندەی کەیفەری خراونەتە سەر پەروەندەکانی دیکە.

لە کاتێک‌دا کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران باس لە بنبڕکردنی نەخوێندەواری لە ئێران‌دا دەکەن، ڕێکخراوی نێهزەتی سەوادئامووزیی ڕێژیم ڕای‌گەیاندوە کە یەک لەسەر سێی پیاوان و دوو لەسەر سێی ژنانی ئێران نە خوێندەوارن‌و لە ئێران‌دا سەرجەم ٢١ میلیۆن بێ‌سەواد و کەم سەواد هەیە. سەرۆکی ڕێکخراوی کتێبخانەی میلیی ئێرانیش دەڵێ سەدی ٧٠ی کتێبی کتێبخانە گشتی‌یەکانی ئێران لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا نەخوێندراونەتەوە.

لە حاڵێک‌دا کە مەجلیسی ڕێژیم ٧ ناوەندو دەزگای تایبەتیی بۆ پرسی « ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە« ئەرکدار کردوەو ناوەندە ئەمنیەتی‌و نیزامی‌یەکانیش سەرەڕۆیانە دەیان گرووپیان بۆ ئەو مەبەستە دروست کردوە، ئێستاش «بەدحیجابی» گەورەترین کێشەی نیزام‌و پیاوانی ئاینی‌یەو ڕۆژ نیە لە مینبەرە ڕەسمی‌یەکان لەو بارەیەوە هاواریان لێ هەڵنەستێ.



هەروەها لە کاتێک‌دا کە دەنگ‌و ڕەنگی حکوومەتی لە ساڵ‌دا بە هەزارن میلیارد تمەن لە بودجەی گشتیی وڵاتی پێ‌دەدرێ‌و، هێزە ئینتیزامی‌یەکان یەکێک لە ئەرکە دایمی‌یەکانیان کۆکردنەوەی ماهوارەی خەڵکە، بەڵام سەدی ٩٠ ی خەڵکی ئێران چاو لە ماهوارە دەکەن.

ئەگەر لەشفرۆشی لە ئایینی ئیسلام‌دا تاوانێکی گەورەیەو جووتبوونی ژن‌و پیاو لە دەرەوەی پێناسە ڕێگەپێدراوەکەی حەددی شەرعی‌و تەنانەت سزای بەردەبارانی لەسەرە، لە بەرامبەردا بازاڕی سێکس لە ئێران تا دێ ڕمێنی زیاتر دەبێ.

خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکەش وەک ئێعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان، خۆکوژی، هەژاری‌و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی خۆ ئەگەر بەرهەمی بەڕێوەبەریی چەوتی وڵات بن، شتێک نین کە شیاوی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بن، بەڵام دەبینین کە لە کۆمەڵگای ئێران‌دا ئەو خەسارە کۆمەڵایەتی‌یانە بڕستیان لە خەڵکی بڕیوە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئەو حەقیقەتە کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی کار لەسەر بەئیسلامی‌کردنی کۆمەڵگا کراوە، یەک لە دەی ئەوەندە هەوڵ بۆ مودیرییەتی بێکاری، هەژاری‌و پرسە کۆمەڵایەتی‌یەکان نەدراوە، بەڵام نەوەی نوێ زۆربەی هەرە زۆریان ڕوویان لەو نیزامەو بانگەشەکانی وەرگێڕاوە؟

هۆکارەکان ڕوونن. یەکەم ئەوە کە مۆدێلی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەویش بەو وشک‌وبرینگی‌یە شتێک نیە ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێ. جیا لەوەش پرسی فەرهەنگ‌سازیی ئیسلامی لەلایەن بنیات‌و ناوەندەکانی سەر بە ڕێژیمەوە تەنیا کەرەستەیەک بووە بۆ ئەوەی بە ناوی تەبلیغی ئیسلام‌و دین، بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. ڕاستە کە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی دینی‌یە، بەڵام دین بۆ ئەوان کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە مەبەستە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانیانەو؛ ئەوەش وای کردوە کە بانگەشەی ئیسلامی هەلێکی باش بۆ کەس‌و کەسان‌و ناوەندەکانی سەر بە دەسەڵات دروست بکا کە لەو ڕێگەیەوە بازاڕی خۆیان گەرم ڕابگرن‌و پووڵ‌و سامانێکی زۆریش وەسەر یەک بنێن. لە هەر جێیەکیش بە پێویستی بزانن بیکەنە کوتک‌و وەک چەکی سەرکوت بە دژی دژبەرانیان بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بەکاری بێنن.

ئەگینا ئەو تێچووە ماددی‌یە قورسە کە ڕێژیم بۆ خەباتی بەناو فەرهەنگی‌و بانگەشە ئیسلامی‌یەکان دەیدا، بێت‌و بۆ نەهێشتنی بێکاری‌و هەژاری‌و بەربەرەکانی دژی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی‌یەکان تەرخان بکرێ؛ کۆمەڵگای ئێران لە دۆخێکی دیکەدا دەبێ.

## ڕۆژەڤی ئێران

## هەڵوێستەیەک لە سەر پێوەندی‌یەکانی ئەم دواییانەی ئێران و رووسیە



حەسەن شێخانی

پێوەندی‌یەکانی ئێران و رووسیە مێژوویەکی دوورودرێژ و پڕهەورازونشێویان هەیە. چۆنیەتیی مامەڵەی رووسیە لەگەڵ ئێران، چەشنێک بێ‌متمانەیی لە نێو ئێرانی‌یەکان‌دا بە نیسبەت ئەو وڵاتە دروست کردوە. ڕێککەوتننامەکانی «تورکەمەنچای» و «گولستان» لە سەردەمی قاجاردا و، پابەندنەبوون بە بەڵێنەکان و روانینی ئامرازیی رووسیە بۆ ئێران لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا، لەسەر دروست‌کردنی ئەو بێ متمانەیی‌یە شوێندانەر بووە.

پچڕانی پێوەندی‌یەکانی ئێران و ئەمریکا لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی، ساردبوونەوەی پێوندی‌یەکانی لەگەڵ ئورووپا بە تایبەت لە سەردەمی ئەحمەدی نژاددا و هاوهەڵویست‌بوونی ئورووپا و ئەمریکا لە دژی ئێران (بە تایبەت لە سەر پرسی ناوکی)، ئێرانی ناچار کرد پێوندیی لەگەڵ وڵاتانی وەک رووسیە و چین بکاتە جێگرەوەی پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ خۆرئاوا. لاوازیی پێگەی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی‌داو کۆدەنگیی خۆرئاوا لە هەمبەر ئێران، پێوەندی‌یەکانی ئێران و رووسیەی بە قازانجی رووسیە لاسەنگ کرد و زۆر جار رووسیە لە ئێران وەک ئامرازی ئیمتیازوەرگرتن کەڵکی وەرگرتوە. رووسیە تەواوکردنی پرۆژەی ناوکیی بوشێهری چەند ساڵ دوا خست. جێبەجێ‌کردنی ڕێککەوتنی فرۆشتنی موشەکە ئێس سێ‌سەدەکانی لە ٢٠٠٧ەوە دوا خستوە، ئەو پرسەی کە دژکردەوە و هەستی وڵاتانی کەنداو و ئایپەکی بە نیسبەت ئێران هەڵخڕاندوە و تا ئێستا هیچ قازانجێکی دیکەی بۆ ئێران نەبووە. ئەم راستی‌یە مێژوویی‌یانەیە کە وای کردوە بەشێک لە شرۆڤەکاران بە چاوی گومانەوە بڕواننە گەرموگوڕیی ئێستای پێوندیی ئێران و رووسیە.

لەم دوایی‌یانەدا پووتین بە مەبەستی بەشداری لە سێیەمین جڤینی وڵاتانی هەناردەکاری گازدا، سەردانی ئێرانی کرد و لە دەستپێکی سەفەرەکەی‌دا چاوی بە خامنەیی کەوت. ئەو سەردانە بە سەردانێکی «فراگازی» وەسف‌کرا و لە لایەن راگەیەنەکانی ئێرانەوە گرینگیی زۆری پێ‌درا و ئەو باسەی هێنایە ئارا کە پێوەندیی ئێران و رووسیە لە خانەی ستراتیژیک دا جێ‌دەگرێ یان تەنیا رەهەندێکی تاکتیکیی هەیە. ئیلاهە کوولایی کارناسی کاروباری رووسیە دەڵێ: ‹›هەرچەند لە سەردەمی ئەحمەدی‌نەژادەوە پێوەندی‌یەکانی دوو وڵات پەرەیان سەندوە و بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ئوکراین و سیاسەتی روانین بۆ خۆرهەڵاتی رووسیە، دەشێ دیسان پەرە بگرن، بەڵام بە سەرنجدان بە پێویستی‌یەکانی رووسیە بە خۆرئاوا و رادەی پێوەندیی ئەو وڵاتە لەگەڵ خۆرئاوا، پێ‌ناچێ ئیددیعای بەرزبوونەوەی پێوەندیی ئێران و رووسیە بۆ ئاستی ستراتیژیک لەگەڵ واقعییەت بێتەوە. کوولایی پێی وایە کە رووسەکان هیچ کات روانینێکی ستراتیژیکیان بۆ ئێران نەبووە و ئێرانیش هەر بەوشێوەیە وەڵامی زۆر لە پێداویستی‌یەکانی خۆی لە خۆرئاوا دەدۆزێتەوە‹›.

بە کورتی شرۆڤەی زاڵ ئەوەیە کە رووسیە تەنیا لەگەڵ وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو پێوەندیی ستراتیژیکی هەیە و هەرچەند پێوەندی‌یەکانی ئێران و رووسیە پەرەیان گرتوە و بە سەرنجدان بە کۆمەڵێک قازانجی هاوبەش بۆنموونە لە سووریە و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست‌دا ئەگەری پەرەگرتنی زیاتریشی هەیە بەڵام ئێستا پێوەندیی ئەو دوو وڵاتە لە خانەی ستراتیژیک دا جێی نابێتەوە.

لە لایەک رووسیە دەیەوێ خۆی وەک زلهێزێکی پلە یەکی جیهان نیشان بدا و لە هەمبەر بەرەی خۆرئاوادا دەسەڵات لەخۆی نیشان بدا و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیی بە وڵاتێکی وەک ئێران هەیە و لە لایەکی دیکە پەرەپێدانی پێوەندی‌یەکان لەگەڵ وڵاتانی رووسیە و چین و هیند لە ئەولەوییەتەکانی دەوڵەتی ئێرانە. بۆیە وێ‌دەچێ پێوەندی‌یەکانیان پەرە بستێنن. بەڵام بە هەمووی ئەمانەشەوە فاکتەری سێهەم واتە پێوەندیی رووسیە لەگەڵ خۆرئاوا، لە سەر پێوەندیی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئێران شوێندانەرە. لە ساڵی ١٣٩١ەوە و بە تایبەت دوای رووداوەکانی ئوکراین، کە پێوەندی‌یەکانی رووسیە لەگەڵ خۆرئاوا ساردیی تێ‌کەوت، ئەو وڵاتە زیاتر لای لە ئێران کردۆتەوە. بە سەرنجدان بەو راستی‌یەیە کە دەگوترێ ئەگەر ئەو ساردی‌یەی ئێستا لە ئارادا نەمێنێ، رووسیەش گرینگی‌یەکی ئەوتۆ بە ئێران نادا. هەروەها رووسیە زۆر سەوداگەرانە لە سیاسەتی دەرەوەی‌دا دەجووڵێتەوە، واتە هەرکاتێک قازانجەکانی بخوازێ، دۆستەکانی پشتگوێ دەخا.

هەرچەند لە سەرەتاوە کۆماری ئیسلامی دروشمی «نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی»ی داوە، بەڵام بە سەرنجدان بەوە کە ناوکی سەرەکیی هێز لە کۆماری ئیسلامی‌دا ویستوویەتی ئێران زیاتر بەرەو وڵاتانی خۆرهەڵات بکشێ و لە نزیک‌بوونەوە لە ئەمریکا خۆبپارێزێ، ئەم دروشمە لاسەنگ بووە و هەر لە سەرەتاوە کۆماری ئیسلامی پشتی لە خۆرئاوا و رووی لە خۆرهەڵات بووە. بە تایبەت لە دەوڵەتەکانی ٩ و ١٠دا ئەم ڕێبازە بە تەواوی خۆی دەرخست.

بەشێک لە شرۆڤەکارە ئێرانی‌یەکان پێیان وایە کە هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکیی ئێران دەخوازێ کە ئێران لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی خۆرئاوایی پێوەندیی گەرموگوڕی هەبێ و ئێران نابێ و ناتوانێ خۆی لەم واقعییەتە بدزێتەوە. بە باوەڕی ئەو شرۆڤەکارانە هەڵوێست‌گرتن لە هەمبەر خۆرئاوا و مەیلی زیاد لە حەد بۆ پێوەندیی لەگەڵ خۆرهەڵات (کە رووسیە وڵاتێکی گەورەی خۆرهەڵاتە) لە سەر حیسابی پێوەندیی لەگەڵ خۆرئاوا، لەراستی‌دا لەبەرچاونەگرتنی ئەو واقعییەتە ژێئۆپۆلیتیکی‌یەیە و تا ئێستاش زیانی لە پێگەی ئێران داوە و دەست‌ئاوەڵایی ئێرانی لەهەمبەر رووسیە کەم کردۆتەوە و بەستێنی خۆش کردوە کە رووسیە لە ئێران وەک کارتی ئیمتیازوەرگرتنی دوولایەنە کەڵک وەربگرێ.

ژمارە: ٦٦٩ ● رۆژنامەی کوردستان

# خنکاندنی کانی بڵ لە پێناو چیدا؟

ژینگە

**خوێنەرێکی "کوردستان" لە رۆژهەڵاتەوە**

بەنداوی داریان بەنداوێکی خاکیە کە لە هەمبەر رووباری سیروان و لە تەنیشت گوندی داریان سەر بە شاری پاوە و ناوچەی هەورامان بنیاتنراوە. بەرزایی ئەم بەنداوە ١٥٥ میترە و پتر لە ١٣٠٠ میلیارد تمەن، پارەی لە لایەن وەزارەتی وزەی ئێران بۆ تەرخان کراوە کە ئەم برە پارەیە چەند ئەوەندەی بوودجەی ساڵیانەی پارێزگای سنەیە! میدیا دەوڵەتییەکان لە سەر زاری بەرپرسان رایدەگەیەنن مەبەست لە ساز کردنی ئەم بەنداوە دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی



خەڵک و ئاوی پێویست بۆ ئاودێری کشت و کاڵی ناوچەکەیە. هەروەها ئەم بەنداوە بۆی هەیە ٥٠٠ کیلو وات سەعات کارەبا لە ساڵدا بەرهەم بێنێ. بەنداو سازی لە ئێراندا لە روانگەی زانایان و پسپۆرانی بواری ئاو، نۆستالژییەکی باشی نییە. بۆ نموونە لە بۆشایی نەبوونی سیستمیکی کارناسی، لێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندن و چاودێری لە بەنداوی» گەتوەند» شۆڕەکاتێک بە هۆی نزیکبوونی «کانگای خوێی سازەند» لە بەنداوەکە پێک هاتوە کە خەسارەتێکی زۆر بە سەر ژینگەی ناوچەی بەختیاری و رووباری کاروون گەیاندوە. هەر لە سەرەتای دروست کردنی ئەم بەنداوە زۆربەی پسپۆرانی ئاو و مامۆستایانی زانکۆی ئەهواز خوازیاری وەستانی پرۆژەکە بوون. سەرەتا سەرپەرشتیاران و بەرپوەرانی بەنداوی گەتوەند هەموو ئیدعاکانی بەرهەڵستکارانیان سەبارەت بە قەیرانی ژینگەیی رەت دەکردەوە، بەڵام دواتر کە هەزاران میلیارد تمەن پارە خەرج کرا، دانیان بەو حەقیقەتە نا و دیسانەوە بێ ئاوردانەوە و سەرنجدان بە ئامۆژگاری شارەزایان کەوتنە تێکۆشانێکی زۆر بۆ ساز کردنی دیوارێک لە نێوان رووبار و کانگای خوێ. بۆ ئەو مەبەستەش پارەیەکی زۆریان خەرج کرد. پاش ١٠ رۆژ لە دیدار و سەردانی سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئێران(ئەحمەدی نەژاد) درز و تلیشێکی زۆر لە دیوارەکە کەوتەوە و خوێ کانگاکە تێکەڵاوی بەنداوەکە بوە و ئێستا مەترسی ئەوە هەیە کە ١٧ میلیۆن تۆن خوێ لە رێگای بەنداوی گەتوەند ئاوێتەی ٤٢٠ هەزار هێکتار زەوی کشت وکاڵی ئەو دەوەرە بێت. ئێستاکە مێژوو دووپات بووەتەوە و چارەنووسی بەنداوی گتوەند و بەنداوەکانی دی بە سەر بەنداوی داریان هاتووە.

ئەو دیوارە سیمانییەی کە ٧ میلیارد تمەنیان بۆی سەرف کردووە کە بە خەیاڵی خۆیان بەرگری لە تێکەڵاو بوونی ئاوی کانی بڵ و ئاوی بەنداوەکە بکات، شەقی بردووە و بە هۆی تەوژمی ئاو لە دوو هاویری دیوارکە دەرووخێت. چینی ماماڵەچی لە بواری ئاو دەیانهەوێ «کانی بڵ» لە ژێر ١١٠ میتر ئاو بخنکێنن. ئاوگیری بەنداوی داریان دەبێتە هۆی لە نێوچوون و نۆقم بوونی کانیاوێکی بەناوبانگ و خۆشەویست کە لە درێژایی مێژوودا جێژوانی شێعر و ئەوین و شکۆی هەورامان بووە.

« شاهۆ هرسی مەرێژو جە هانە و بڵی

سیروان خەمش مەکێشو جە ناخ و دڵی».

زۆربەی مێژووناسان دەڵێن بڵ لە زمانی یۆنانییەکان واتای خودای ئاوەکان دەدات. کانی بڵ بە بۆنەی پڕئاوی و تایبەتمەندی «کارێستی» زنجیرە چیای زاگرۆس، کورتترین رووباری جیهانە و، رەنگە ئەگەر ئەم سەرچاوە پربایەخ و خودایییە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بایە ئێستاکە مەڵبەندی سەیران و خۆشگوزەرانی و دابین کردنی کار و پیشە بۆ خەڵکی ناوچەکە بوایە. بڵ ٦٩ هەمین ئەتەری سرۆشتی ئێرانە و یەکێک لە پاراوترین و پالاوترین کانیاوەکانی جیهانە کە خۆی لە خۆیەوە نەسەلنایە. کانی بڵ بە پێی لێکۆلینەوەی زانستی توانای دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی ٢میلیون کەسی هەیە کە بە بیانووی دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی خەڵک دەخنکێندرێ!.

چالاکانی کەمپینی رزگاری کانی بڵ، کە لە کارێکی نیشتمان پەروەرانەدا بۆ پاراستنی کانی بڵ و رزگاری لە نۆقم بوونی، لە تێکۆشانێکی بێ وچان دان، لە نامەیەکدا کە ٣٠٠٠ کەس لە مامۆستایان و لایەنگرانی ژینگە پارێزی واژۆیان کردوە، خوازیاری رێگرتن لە ئاوگیری بەنداوی داریان بوون، کە ئەم هەوڵە لە مێژووی ژینگەیی ئێران و رۆژهەڵاتی نێوەراستدا بێ وێنەیە.



باسی قەیرانی بەرێوبەری ئاو لە ئێراندا تێر و تەسەلە. «محمد درویش» بەرێوبەری گشتی نووسینگەی فێرکاری و بەشداریە مرویییەکان لە ئیدارەی پاراستنی ژینگەی ئێران لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە بۆ چی سەرەرای گرینگایەتی بەر چاوگرتنی پرسە ژینگەیییەکان کە وەکوو دەستوور و قانوون لە ئێران دەرچووە، هەڵمەتی بەنداوسازی لە ئێران راناوەستی دەڵێ: لابی و مافیاییکی زۆر بە هێزی خاوەن دەسەڵات لە کەرتی ئاو هەیە کە ١٠٠ هەزار کەس کارناسی باڵا و دوکتورا لە کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی سەر بە وزارەتی وزە، لەوێدا بەشدار و مووچە خۆرن. بەرژەوەندی ئەم چینە لە بەردەوام بوونی گواستنەوەی ئاو و بەنداوسازییە. «درویش» دەڵێ : نە تەنیا بەنداوی داریان کە کانی بڵ نۆقم دەکات، بەڵکوو ١٩٦ بەنداوی دیکە بێ هەڵسەنگاندن و چاودێری و ئیجازەی ئیدارەی پاراستنی ژینگە ساز کراون.



له رۆژهەڵاتەوە...

## هەڵبژاردنەکان و دەرفەت و میدیا!



خالید محەممەدزادە

دەکری ئەنجامی هەڵبژاردنێک دڵخواز نەبێ، دەکرێ ئاکامی هەڵبژاردنێک پێچەوانە بێتەوەو لە خواستی هاونیشتمانان دوور بێ ، وەک زۆر لە هەڵبژاردنەکانی خۆرهەڵاتی نێوەراست. بەڵام سەرەنجام هەڵبژاردن دەرفەتی نوێ و پەراوێزێک بۆ چالاکی بەرهەم دێنێ و دەکرێ ئەم دەرفەت و چالاکییانە بە شێوازی جۆراوجۆر بقۆزرێنەوە.

لە بیرمان نەچێ هێزە گۆرانخوازەکان لە هەموو دەرفەتێک بۆ کاریگەریجێهێشتن سوود وەردەگرن، کاریگەرییەکانیش مەرج نیە تەنیا کاریگەری لە گۆرانی سیستمی سیاسیدا بن ئەوەندەی دەکرێ کاریگەریجێهێشتن لە رەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە سوودی کۆمەڵگا بن.

ئەگەر هەڵبژاردن پێکهێنانی دەرفەت بێ، ئەوە ئەم دەرفەتە هەم ئازادییەکی رێژەیی و پەراوێزێک دەخوڵقێنێ و هەم ئازایەتی، ئازادیی رێژەیی بەو مانایە کە حکومەت مەوداکانی بەشداری بە سوودی خۆی فرەوانتر دەکا بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر و لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگا ئازایەتی دەخوڵقێنێ بۆ کاریگەریی زیاتر بە سوودی خۆی.

وەک چۆن لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئێران پێداگریی کۆمەڵگاو چالاکان و هێزە جیاوازەکانی، کۆمەڵێک دەرفەتیان قۆزتەوە بۆ تەعبیرلەخۆکردن. لە راستی دا دەسکەوتەکانی کوردیش بە درێژایی سەدەی رابردوو بە زۆری بەرهەمی دەرفەت قۆزتنەوە بوون.

لە بەرە بەرەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێراندا کۆمەڵێک دەرفەت و باس و خواستی نوێ لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و لەنێو چالاکاندا هاتوونە گۆرێ و لەم نێوهدا کۆمەڵێک میدیاکار و چالاکی مەدەنی بە سەرنجدان بە دەرفەتە رێژەیییەکان لە هەوڵدان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو بڵاوکراوەی نوێ لە نێوخۆی خۆرهەڵات.

بایەخدان بەم پرسە (پرسی میدیا) لەودا گرنگە کە خۆرهەڵاتی کوردستان لە غیابی میدیادا دەژی. نەبوونی میدیا وێنەی ناروونی لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە داوە تا ئەو رادەیە کە زۆر کەس بە دڵنیایی دەڵێن خۆرهەڵاتی کوردستان بێدەنگە!

ئەگەر ئاورێکی خێرا لە قۆناغەکانی رۆژنامەنووسیی خۆرهەڵات بدەینەوە، گرنگترین بڵاوکراوەکانمان لەو قۆناغانەدا هاتوونە بڵاوکردنەوە کە کەمترین دەرفەتیان بۆ خوڵقاوە کە یەک لەوان دەرفەتی هەڵبژاردنە.

لە راستیدا بایەخ بەم کەرتە تەنیا بایەخ بە میدیا نیە هێندەی بایەخ بە پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردییشە، هێندەی بایەخدان بە مەکتووبکردنی کەلتوور و هونەرو خەون و خەیاڵ و خولیاکانی ئێمەیە.

پێشتریش نووسیومە لە کەرتی رۆژنامەنووسیی کوردی لە خۆرهەڵاتدا کورد هێندەی پێویستی بە میدیایە، هێندە پێویستیی بە میدیاکار نیەو لە ساڵانی رابردوودا زۆرترین میدیاکاری کورد لەم هەرێمە بینراون کە نەک هەر کاریان کاریگەریی هەبووە بەڵکوو رۆڵی بەرچاویان لە میدیای ئێرانی و میدیای پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دا هەبووە، بەڵام ئەم بەرەیە لە میدیاکاران پێویستە بە پشتبەستن بە کەرتی تایبەت و بە قۆزتنەوەی دەرفەتەکان میدیا خۆماڵی و خۆرهەڵاتی بکەنو هەتا بکری کاریگەریی میدیای بە لاریدابەر لە خۆرهەڵات کەم بکرێتەوە تا ئاستی وەلانانی.

لە بیرمان نەچێ گرنگیی ئەم پێشنیارە ئەو کاتە دەردەکەوی کە بزانین لە ساڵانی رابردوودا میدیای دابەستە و وابەستە بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی رۆڵی ناشیرینیان لە کارکردی میدیایی لە سەر بیروڕای گشتیی خەڵکی خۆرهەڵات هەبووە. ئەم کاریگەرییە تا ئەو ئاستەیە کە لە ژێر کاریگەریی ئەم میدیایەدا هەر لاکردنەوەیە لە خۆرهەڵات بە هیچ و بێئاکام سەیر دەکری و راست بە پێچەوانە بایەخدان بە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە گرنگ دادەنرێ.

ئەمە لە گەڵ ئەوەی کە میدیای فارسیزمان و میدیای حکومەتی هەڵگری سانسۆری گەورەو تێکدانی گۆرەن بەرامبەر بە خۆرهەڵات و نەک ئەم میدیایە میدیایەکی سادق نیە بەڵکوو هەڵگری روانینی فاشیستییە تا ئەو ئاستەی کە وێنەی پێچەوانە لە خواستی کوردی خۆرهەڵات پێشانی جیهانی دەرەوە دەدا.

لە دۆخێکی ئاوادا پێویستە نەک هەر فەزای هەڵبژاردن، کۆی ئەو فەزا و دەرکەوتە سیاسییانە بە سوودی چالاککردنی میدیا لە خۆرهەڵات وەگەر بخرێ و لەم نێوەدا ئەم کەرتە پێویستیی بە لاکردنەوەی زیاتر هەیە. لە راستیدا گرنگیی میدیا تا ئەو رادەیەیە کە ئەگەر میدیات نەبێ، ئەستەمە باس لە بوونی خۆت بکەی و ئەوە میدیایە مەجال بە تۆ دەدا بڵێی هەم و ئەو قسە فریدانەش کە باس لەوە دەکا خۆرهەڵات بێدەنگە، هێندەی بەرهەمی نەبوونی میدیایە هێندە بەرهەمی نەبوونی چالاکی و جووڵە نیە.

سیاسی

# رووسیە و تورکیە و تاوتوێی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو وڵات



**موختار نەقشبەندی**

**وەرگێڕان: مەسعود رەواندوست**

هۆکار زۆرن بۆ گرنگی و هەستیاربوونی گرژی‌یەکانی ئەم دواییانەی نێوان تورکیە و رووسیە کە بەدوای خستنەخوارەوەی فرۆکەیەکی رووسی لە لایەن تورکیەوە پێک هاتن. تورکیە یەکێک لە ئەندامە کۆنەکانی ناتۆیە و هەموو پێوەندی‌یە نیزامی‌یەکان و بەرەوڕووبوونەوەکانی تورکیە ناتۆش دەگرێتەوە. هەروەها دەستێوەردانەکانی رووسیە و تورکیە لە سووریەدا کە بەرژەوەند و سیاسەتی دژبەیەکیان پێکەوە هەیە، بۆتە هۆی ئاڵۆزتربوونی مەسەلەکە.

لە کاتی دەسپێکی رووداوەکەوە لێکدانەوە و شی‌کردنەوەی جیاواز لەسەر شێواز و توندیی وڵامەکەی رووسیە بەم کردەوەیەی تورکیە درێژەی هەیە، بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە رووسیا وڵامی ئەم کردەوەی تورکیە دەداتەوە و بە زۆر هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی سیاسەتمەدارە رووسەکان ناتوانن واز لە وڵامدانەوەی تورکیە بێنن و بە ئاسانی بەسەری‌دا تێپەڕن، بە تایبەت کە تورکیە تەنانەت ئامادە نەبووە داوای لێبوردن لە رووسیە بکا. بۆ لێکدانەوەی شێوە و توندیی بەرەوڕووبوونەوەی نێوان تورکیە و رووسیە پێویستە ئامرازەکانی نیشاندانی هێزی دوو لایەن بناسین. هەر بۆیە بە کورتی بەراوردێک دەکەین لە نێوان هێزی ئەم دوو وڵاتە لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی و سیاسی.

١ـ هێزی ئابووری: بە پێی ئاماری بانکی جیهانی (ساڵی ٢٠١٤) وڵاتی رووسیە بە ژمارەی دانیشتوانی ١٤٣ میلیۆن کەسەوە، بەرهەمی پوختەنەکراوەکەی ١٨٦١ میلیارد دۆلارە و بەرهەمی پوختەنەکراوی وڵاتی تورکیە بە ٧٦ میلیۆن کەس دانیشتووەوە ٧٩٩ میلیارد دۆلارە. ئەگەرچی ئابووریی رووسیە زۆر لە ئابووریی تورکیە بەهێزتر و گەورەترە، بەڵام جیاوازیی ئابووریی ئەم دوو وڵاتە و هەروەها ڕادەی بەستراوەیی ئابووری‌یان ئەوەندە نیە کە رووسیە گەمارۆی ئابووری وەک چەکێکی بەهێز بۆ وڵامدانەوەی تورکیە بەکاربهێنێ و بێگومان کەم کردنەوەی پێوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی ئەم دوو وڵاتە ئەگەرچی زیانی زۆر بە تورکیە دەگەیەنێ، بەڵام خودی رووسیەش زیانی تێدا دەکا و ئەگەری ئەوەی رووسیە تەنیا گوشاری بەرتەسکی ئابووری بۆ وڵامدانەوە بە تورکیە بەکارنەهێنێ کەمە، چونکە هەم کاریگەری‌یەکانی کەمە و هەم بۆ ئەوەی ئەم گوشارانە کاریگەری‌یان هەبێ پێویستی‌یان بە کاتێکی زۆر هەیە و رووسیەش بەهۆی کێشە ئابووری‌یەکانی پێی خۆش نیە گرژی‌یەکانی لەگەڵ تورکیە زۆر بخایەنێ‌و، لەم قۆناغەدا زنجیرەیەک گەمارۆی ئابووری زیاتر وەک هەوێنی پرۆپاگەندا و شەڕی ڕەوانی بەکاردێنێ.

٢ـ هێزی نیزامی: هێزی نیزامیی ئاسایی (متعارف) و نائاسایی (نامتعارف) رووسیە هەم لە باری چەندێتی و هەم لەباری چۆنیەتی‌دا زۆر لە تورکیە زیاترە. هێزی نائاسایی رووسیە بە تایبەت کڵاوە ناوکی‌یەکانی و چەکە ستراتێژیکەکانی هەڵگری کڵاوە، بە تایبەت بۆمبهاوێژە دوورئەنگێوەکان و ژێردریای‌یە ئەتۆمی‌یەکان و مووشەکە کرووز و بالێستیکەکانی بە ڕادەیەکە کە رووسیە بە تەنیایی جگە لە ئەمریکا لە هەموو وڵاتانی جیهان بەهێزترە و ئەگەر وابیربکەینەوە کە رووسیە ئەم چەکانەی تەنیا بۆ جوانی و بۆ مانوڕدان و نمایش کردن دروست کردوون بە تەواوی لە هەڵەداین. ئەگەرچی ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەدژی تورکیە لە خراپترین دۆخیش‌دا زۆر کەمە، بەڵام رووسیە دەتوانێ لە هێزی چەکە وێرانکەرەکانی بۆ گوشار خستنە سەر تورکیە کەڵک وەرگرێ و بە کردەوە تێچووی پاڵپشتی و بەرگریی ناتۆ لە تورکیە بباتە سەر و، ئەگەر شەڕێک لە نێوان تورکیە و رووسیەدا روو‌بدا وڵاتانی ئەندامی ناتۆ تەنیا دوو ڕێگەیان دەبێ، یان پاڵپشتیی تورکیە دەکەن و شەڕێکی ماڵوێرانکەری جیهانیی دەست پێ‌دەکا یان بێ لایەن دەبن!

لەبواری چەکە ئاساییەکان‌دا چ لە چەندێتی و چ لە چۆنیەتی‌دا رووسیە زۆری بەسەر تورکیەوە هەیە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری چەکەکانی رووسیە هی چەند دەیەی رابردوون و رووسیە بەهۆی گرفتە ئابووری‌یەکانی نەیتوانیوە هەموو چەکەکانی نوێ بکاتەوە، بەڵام بە گشتی کوالیتی و تێکنۆلۆژیی چەکەکانی رووسیە لە تورکیە لەسەرترە و ژمارەی هەرچەند کەمی چەکە پێشکەوتووەکانی وەک سیستمی ئێس ٤٠٠ و فرۆکەی سۆخۆی ٣٥ لە شەڕێکی شیمانەکراودا بۆ سپای تورکیە تۆقێنەرە. چەندێتیی چەکەکانی رووسیە چەند هێندەی چەکەکانی تورکیەیە، بۆ وێنە رووسیە ٥٥ ژێردەریایی بەهێزی هەیە و تورکیە ١٣ ژێردەریایی هەیە. هەروەها ژمارەی تانکەکانی رووسیە (بێ ئەژمارکردنی تانکە رووسی‌یەکانی نێو عەمبارەکان) ١٥٣٩٨ تانک و هی تورکیە ٣٧٨٨ تانکە. هەروەها رووسیە ٣٤٢٩ فرۆکەی نیزامیی هەیە کە ٧٦٩یان بە شەڕکەر دێنە ئەژمار، لە حاڵێکدا تورکیە ١٠٢٠ فرۆکەی هەیە کە تەنیا ٢٢٣یان شەڕکەرن و، لە هەموو بەشەکانی دیکەش‌دا لەبواری چەندێتیی چەکەکانەوە رووسیە لە تورکیە لەسەرترە. هەروەها بودجەی نیزامیی ساڵی ٢٠١٥ی رووسیە ٦٠ میلیارد دۆڵار و هی تورکیە ١٨ میلیارد دۆڵار بوو (دیارە دامەزراوەی کرێدیتی سوئیس بودجەی نیزامیی رووسیەی ٨٤ میلیارد دۆڵار راگەیاندوە)، بەڵام چەندێتی و چۆنێتی تەنیا پێوەری لەسەرتربوونی لایەنێک لە تێکهەڵچوونی نیزامی‌دا نیە و زۆر لایەن و مەسەلەی وەک مەودای نێوان دوو وڵات و هەلومەرجی ئابووری و سیاسی (چ نێوخۆیی و چ دەرەکی) کاریگەری‌یان لەسەر ئاکامی تێکهەڵچوونێکی کورتخایەن و درێژخایەندا هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و هەڵکەوتەی جۆغرافیایی ئەم دوو وڵاتە، لە هەرجۆرە رووبەڕووبوونەوەیەکدا زیاتر فاکتەری ئاسمانی و دەریایین کە رووسیە دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە وان لە خاکی خۆی‌ڕا و بە کەڵک وەرگرتن لە بۆمبهاوێژە دوورئەنگێوەکانی وەک تۆپۆلۆفی ١٦٠ و مووشەکی کرووز و بالێستیک هێرش بکاتە سەر تورکیە و لە بەرامبەردا ئیمکانی هێرش بۆسەر خاکی رووسیە بۆ تورکیە زۆر کەمە، بەڵام شەڕ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا تەنیا هێرش بۆ سەر خاکی یەکتر نیەو، هێرش کردنە سەر بەرژەوەندەکان بەشێکی گرنگی شەڕەکە پێک دێنێ و لەم بوارەدا تورکیە لە بارودۆخێکی باشتردایە لە رووسیە و ئەگەر شەڕێکی جیددی بە بۆمبارانی تورکیە روو‌بدات، ئەم وڵاتە دەتوانێ هێرش بکاتە سەر هێزەکانی رووسیە کە لە سووریە دامەزراون و تەنانەت بە چوونە نێو خاکی سووریە رێژیمی بەشار ئەسەد بڕووخێنێ و زەبری قورس لە بەرژەوەندی‌یەکانی رووسیە بدا.

ئەگەر هێزی ئابووری و نیزامی و هەموو ئەگەرە شیمانەکراوەکان وەبەرچاوبگرین دەکرێ بڵێین لە رووبەڕووبوونەوەیەکی توند و کورتخایەن‌دا هەردوولا دەتوانن زەبر لە یەکتر بوەشێنن و لە تێکهەڵچوونێکی درێژخایەن‌دا رووسیە لە ماوەی زیاتر لە ساڵێکدا دەتوانێ خاکی تورکیە داگیر بکا. بەڵام بێگومان تێچووە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی شەڕ ئەوەندە زۆر دەبێ کە ئابووریی رووسیە بە توندی دادەبەزێ و لە درێژماوەدا رووسیە پێگەی ئابووری و نیزامیی ئێستای نامێنێ. هەربۆیە زۆر ئاستەمە ئەم دوو وڵاتە ئامانجە ستراتێژیکەکانی خۆیان فیدای سۆز و تووڕەبوون بکەن. دیارە لەوانەیە سیاسەتەکانی رۆژئاوا لە پشت کردەوەکانی تورکیەدا بن و رۆژئاوا بیهەوێ بەم قەیران خوڵقاندنانە رووسیە بوەستێنێ!. پێویستە بگوترێ ئەوانەی لەبارەی هێزی نیزامی‌یەوە گوتران بێ وەبەرچاوگرتنی مەسەلە سیاسی‌یەکان و هاوپەیمانەکانی دوو لایەن بووە و زیاتر بۆ بەراورد و ئاشنابوون لەگەڵ هێزی نیزامیی دوو لایەن بوو.

٣ـ هێزی سیاسی: هێزی سیاسی ئاکامی هێزی ئابووری، نیزامی و کولتووری‌یە و پێگەی سیاسیی هەر وڵاتێک لە ئاستی جیهان‌دا پێوەندیی بە هێزی ئەم وڵاتە لەو بوارانەدایە کە باسکرا و، لێکدانەوەی هەموو ڕەهەندەکانی هێزی سیاسیی وڵاتێک زۆر ئاڵۆز و دژوارترە لەوەی بکرێ لە وتارێکی کورت‌دا بە تێرو تەسەلی شی بکرێتەوە. هەر بۆیە تەنیا ئاماژە بە مەسەلە گرنگەکان دەکەین.

رووسیە بەهۆی هێزی نیزامیی زۆر، لە مەسەلە جیهانی‌یەکان‌دا پێگەیەکی تایبەتی هەیە و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە. ئەم وڵاتە بەهۆی ناکۆکیی بەرژەوەندی‌یەکانی لەگەڵ رۆژئاوا کێشە و گرفتیی جیددیی هەیە و دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت لە بەرامبەر رۆژئاوا و ناتۆدا کەوتە دۆخێکی لاوازترەوە و، رۆژئاوا لە رێگەی جۆراوجۆر هەوڵ دەدا ئەم وڵاتە بەچۆکدا بێنێ یان کۆنترۆڵی بکا، بۆ وێنە لە مەسەلەکانی گورجستان و ئۆکراین و پەرەسەندنی ناتۆدا ئەم رەوتە بەرچاوە. رێبەرانی رووسیە لە نێوخۆش‌دا کێشە و گرفتیان هەیە، بەڵام بەگشتی دۆخی سیاسیی رووسیە لە ئاستی جیهانی‌دا زۆر بەهێزتر و گرنگترە لە تورکیە و هەروەها تورکیە بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی کەمایەتی‌یەکان بۆ وێنە کوردەکان، لە نێوخۆدا زۆر لاوازە و رووسیە دەتوانێ لە رێگەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌یەوە بە بیانووی بەرگری لە مافی کوردەکان کێشەی گەورە بۆ تورکیە دروست بکا.

ئاکام: ئەگەرچی تورکیە لە هەموو بوارەکان‌دا بە تایبەت هێزی نیزامی زۆر لە تورکیە لەسەرترە، بەڵام ئەندامەتیی تورکیە لە ناتۆدا، رووسیەی لە وڵامدانەوە بە تورکیەدا توشی گرفت کردوە و تەنانەت ئەگەر بە هێندێک هۆکار ناتۆ پشگیریی تورکیە نەکا، سەرهەڵدانی شەڕێکی تەواو عەیار بۆ رووسیە لەباری ئابووری و سیاسی‌یەوە زۆر قورسە و تێچوویەکی زۆری هەیە و دەبێتە هۆی دواکەوتنی رووسیە لە رکەبەرە جیهانی‌یەکانی لە درێژخایەن‌دا. کەوابێ رووسیەش وەک تورکیە خۆی لە تێکهەلچوونێکی بەربڵاو دەبوێرێ، لە لایەکی دیکەوە رووسیە ناتوانێ لە ئاست هەڵسوکەوتی تورکیە کەمتەرخەم بێ و دەبێ وڵامێک بە ڕای گشتی بداتەوە. بە گشتی دەکرێ پێشبینیی ئەوە بکەین کە رووسیە وێڕای گەمارۆ ئابووری‌یەکان کە کاریگەری‌یەکی ئەوتۆیان نیە و، هەروەها زیاتر کردنی هێرش بۆسەر دژبەرانی بەشار ئەسەد کە تورکیە پشتیوانی‌یان دەکا، لەوانەیە هەوڵ بدا فرۆکەیەک یان پاپۆڕێکی تورکیە بکاتە ئامانج و ئەگەر گرژی‌یەکان بەردەوام بن، بە پشتیوانی کردن لە کوردەکان، تورکیە تووشی گرفتی نێوخۆیی بکا. پێشبینیی وردی رووداوەکان و دژکردەوەی دوو لایەن ئاستەمە و هەموو رووداوەکان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندی‌یان بە بارودۆخ و چارەنووسی رێژیمی سووریەوە هەیە و، نابێ لەبیرمان بچێ لە نە تورکیە مانەوەی بەشار ئەسەد قەبووڵ دەکا و نە رووسیەش رووخانی رێژیمی سووریە بە دەستی لایەنگرانی رۆژئاوا و تورکیە.

بە کورتی دژایەتیی بەرژەوەندی‌یەکان لە نێوان تورکیە و رووسیە هەر دێ و قووڵتر دەبێتەوە و ئەمە وا دەکا کە کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەم زووانە کۆتایی پێ‌نەیە، بە تایبەتی کە ناتۆش لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پشتیوانی لە تورکیە کرد.

سیاسی

# دەروازەیەکی نوێی خەبات



**ناسر بابەخانی**

لە ساتەوەختی ئێستادا ئەم راستییە بۆ هەموو لایەک سەلمێندراوە کە یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانیکردنی ئەم پرسەیە. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی رابردوو لە باشوور و رۆژئاوا و باکوور نیشانیان داوە کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لە ناو میدیاکانی جیهاندا لە برەودابێ تا بتوانێ بۆ دوارۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا. سووکەئاوڕێکی خێرا بۆ رابردووی مێژووی خەباتی گەلی کورد ئەوەمان پێدەڵێ کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم بابەتە خافڵ نەبووە و حەولێکی بەردەوامی داوە بۆ ئەوەی سرنجی میدیا و ڕێکخراوە جیهانییەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ و کەم تا زۆر کاری بۆ کردووە. بەڵام ئەمڕۆکە لە میدیای جیهانیدا رۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو پارچەکانی تر غاییبێکی گەورەیە!

لە ماوەی سەرکردایەتی شەهید دوکتور قاسملوودا وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات بە هۆی کەسایەتی ناسراوی لە ئەورووپا و هەروەها ناسیاوی لەگەڵ سیاسەتمەداران و رۆژنامەنووسانی جیهان پرسی کورد لە رۆژهەڵات ببوو بە رۆژەڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە. وەک نموونە: گاردییەنی بەریتانیا، لۆمۆندی فەڕەنسا، دێیلی تێلگڕافی بەریتانیا، لوسواری بەلژیک، ئیکۆنۆمیستی بەریتانیا، هێراڵد تریبۆنی ئەمەریکا، ساندی تایمزی بەریتانیا، زوددۆیچە ئاڵمانیا، نیوورزویکی ئەمەریکا، فاینەشناڵ تایمزی بەریتانیا، فیگارۆی فەڕەنسا، فرانکفۆرتر ئاڵگماینێ ئاڵمانیا و...

تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە رۆژنامە پرتیراژەکانی ئەمریکا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاودەکاتەوە. با دوو نموونە باس بکەین:

رۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین رۆژنامەی فەڕەنسا لە کاتی لە لووتکەدا بوونی شۆڕشی رۆژهەڵاتی کورستان لە بەرواری ٢٠.٨.١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ: ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ خەریتەیەک بوونی نییە بەڵام پێنجسەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە بیست ملیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان رادەپەڕێ پێنج وڵات دەلەرزێن... فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا و یەکێتی سۆڤییەت [ی پێشوو] دابەشکراوە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان سەرکوتکراون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنەدێکدا کە لە ٢٨ی مارس پێشکەشی خومەینی کردووە خوازیاری مافی نەتەوەیی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی خودموختاری یان فیدراسیۆن لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا بووە و...

پڕتیراژترین رۆژنامەی ئاڵمانی "زوددۆیچە تسایتونگ" لە بەرواری ١.٩.١٩٧٩ باس لەمە دەکا کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا لە وڵاتانی ئەندامی "جنبش عدم‌تعهد" لە هاوانا داوای کردووە کە سیاسەتەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی لەهەمبەر کوشتاری کوردەکانی ئێران ئیدانە بکەن.

بێگومان قورسایی هەرەزۆری ئەرکی بەجیهانی کردنی پرسی کورد لە دەیەی هەشتای زایینی تا ئەوکاتەی دوکتور قاسملوو مابوو لەئەستۆی خۆی بوو، سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی میدیایی لەو سەردەمدا توانی سرنجی میدیا بەناوبانگەکانی جیهانی بۆ لای خۆی و نەتەوەکەی رابکێشێ.

نموونەیەکی بەرچاوی تر وەک هەوڵێکی تازە بۆ بە جیهانیکردنی دۆزی کورد بەئەندامکردنی حیزبی دێموکرات لە ڕێکخراوەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا بوو.

بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە کە بۆچی لەسەردەمی شەهید دوکتور قاسملوودا کە کەرەسەکانی پەیوەندی وەک ئینتێرنێت و سۆشیال میدیا کە ئەمڕۆ لە چرکەیەکدا هەواڵەکان دەگوازنەوە بوونی نەبوو، یان حیزبەکان وەک ئێستا لە ئەورووپا و ئەمەریکا و کانادا کۆمیتەیان نەبوو، یان ئەندام و لایەنگری حیزبەکان ئاوا بە بەربڵاوی لە دەرەوەی وڵاتدا نەبوون، ئەدی بۆ بە نیسبەت سەردەمی دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەم هەمووە پێشکەوتنە تێکنۆلۆژیکییە پرسی کوردی رۆژهەڵات زۆر زۆر کەمترە و لە پەراوێزدایە؟

خۆ ئەمە راستە کە بە شێوەیەکی جەوهەری و بە هۆی دۆخی تایبەتی پرسی کورد لە باشوور و باکوور و رۆژئاوا لە رۆژەڤدایە و میدیاکانی جیهانی ئاوڕی وێدەدەنەوە، بەڵام ئەمەش نابێتە پاساو بۆ ئەوەی کە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو میدیای جیهاندا هیچ حزوورێکی نەبێ و پەیوەندی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەم میدیایانە لە نزمترین ئاستی خۆیدابێ! دیارە نکۆڵی لە هەندێ حەولی پەراکەندەی تاکەکەسی و حیزبی ناکەم بەڵام ئەمە بە هیچ کلۆجێک کیفایەت ناکا.

ئێستا بە پێی ئەم پتانسییەلە میدیایی و راگەیەندراوییەوە و بوونی دەیان ڕێکخراوەی سیاسی نێونەتەوەیی (کە شارەزای دۆزی کوردن) و حزووری کەسانی ئاکادیمیسییەن و نووسەر و رۆژنامەنووسی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، جێی خۆیەتی بە هەموو چەشنێ ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی تۆکمە و پلاندار سەرلەنوێ سازبدرێتەوە و سەرنجی میدیاکانی جیهان کە ئێستا وەک میدیای نێونەتەوەیی دەوردەگێڕن و لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و رای گشتی نەتەوەکانی خۆیان و تەنانەت دەوڵەتانی تریش شوێندانەرن، بۆ پرسی کورد لە رۆژهەڵات ڕابکێشن. ئێستا کە خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە کزێی داوە، کەڵکوەرگرتن لە وزەی ئەم میدیا جیهانیانە دەروازەیەکی نوێی خەباتمان بەڕوودا دەکاتەوە، ڕێک وەک ئەم کارەی دوکتور قاسملوو کردی!

ژنان

# باسێک لە سەر توندوتیژیی شاراوە



کوێستان گادانی

**سەرەتا**

***دەروونناسێکی ئەمریکایی بە ناوی سکێنەر دەڵێ: توند و تیژی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێ وپاشان دەبێتە ڕەفتارێکی زارەکی و دواتر کردەوەیی. کەواتە هزری توندوتیژ بەرهەمهێنەری توندوتیژییە. بۆیە دەکرێ بڵێین تۆندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوی سروشتی پێکهاتەی سایکۆلۆژیی مرۆڤە. تێنەگەیشتنی تەواو لە چەمکی توند وتیژی وای کردوە کە ئێمە تەنیا خوێندنەوە بۆ ڕووداوە خوێناوییەکانی توندوتیژی بکەین. ئەگینا توندوتیژی چەند فۆرمی هەیە کە یەکێک لە وان توندو تیژیی شاراوەیە.***

شێوەی کێشە و ستەمەکانی دژ بە ژنان زۆرن کە باسیان لێبکرێ. ئەمن لێرەدا لە دوو بوار دا، پۆلێنی دەکەم : یەکەم ستەمی دژبە ژنان لە ڕووی داب و نەریت و دینەوە. دووهەم: دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی. بەبڕوای من هەرشێوە ستەمێکی دژبەژنان و کچان،دەکەوێتە ژێر چەتری ئەم دوو بوارەوە، چ ستەمی ئاشکرا بێ و چستەمی شاراوە. تا ئێستا نموونەی ئەوندە زۆرمان لە ستەمی ئاشکرا دژ بە ژنان دیتوە و بیستوە، کە دەکرێ بگوترێ بە داخەوە بەجۆرێک دەگەڵیشی ڕاهاتووین. هەتا ئەوەی بە ڕادەیەک بۆمان ئاسایی بووە کە بە بیستنەوەیان ڕەنگ بێ زۆر سەرنجمان ڕانەکێشرێ.

بەڵام لە سەر یەک ستەمی ئاشکرا هەر وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، شاراوە نیەو، هۆکارەکانیشی دیارن - چەندە ڕاست و چەندە هەڵەیە جێی باسە - تا ڕادەیەکیش هەوڵ دراوە کە بەرەنگاری لەگەڵ بکرێو- لە شوێنی جیاواز و بەشیوەی جیاواز پێشی بگیرێ. باسەکەی ئێمە دەربارەی چەوسانەوە و فەرق و جیاوازی بە دژی کچان و ژنان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم‌دایە کە پتر ئاشکرا کراو، وردە وردە ڕوخساری خۆی گۆڕی. لەژێر گوشاری خەباتی ئازادیخوازی و بە یارمەتیی بزووتنەوەی چەپی جیهانی و چوونە سەری ئاستی خوێندەواری و زانست لە جیهان‌دا، چی دیکە نەدەکرا بە ڕوونی و ڕاشکاوی بریار و کردار بە دژی ژنان بەڕێوە بچێ. بەڵام ئەوە کۆتایی چەوسانەوەی ژنان نەبوو. تاکتیکی نوێ یان هەڵوێستی کۆمەڵگا چ وەک تاک چ وەک سیستێم شێوەیەکی دیکەی دژایەتیکردنی لە فۆرمی ستەمی شاراوە لەگەڵ ژنان‌دا بە خۆوە گرت؛ کە پێویستە لە سێ ڕەهەندەوە ئەو دیاردەیە تاوتوێ بکرێ.

**١- کۆمەڵایەتی**

لاوازی ڕۆڵی ژن لە زۆربەی بوارەکان‌دا،پێوەندیی بە فەرهەنگ وکلتوورو سایکۆلۆژیی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە کەژنان تێیدا دەژین. بۆیە گەشەکردن و پێگەیشتنی ژنان لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی دیکە جیاوازیی هەیە. بۆ وێنە: زۆرجاردەبینرێ لە بنەماڵەیەکی دیموکرات‌دا،لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانەیان‌دا زۆربەی مافی وەکیەکیان پارێزراوە. بەڵام لە هێندێک بواردا، کە لێنزی دووربینەکانی کۆمەڵگا دەکەوێتە سەر ئەوبنەماڵەیە،گەورەکانی بنەماڵەکە ڕووبەدەرەوە دەگۆڕێن و خۆ ناچار دەبینن، بە پێچەوانەی دڵخوازی خۆیان ڕەفتار بکەن. لەبەر ئەوەی نەکەونە بەر قسە و باسی نەرێنیی دەوروبەر. هەرچەند لە ناخی خۆیان‌دا دەزانن کە کارەکەیان هەڵەیە. بۆیە لە سەردەمی ئێستادا چیدیکە ناکرێ بە بیانووی پیرۆزکردنی دەوری گەورەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان کوڕ و پیاوەکانن، ستەم لە ژن بکرێ. بەڵام ئێستا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگای پیرۆز کردنی دەوری «بنەماڵە» لە کۆمەڵگادا، ژنان و کچان بچەوسێندرێنەوە.

بێبەشکردنی جنسی ژن لە خوێندن و ئێزن‌نەدان بە فێربوون لە هەموو ڕشتەکان‌دا، کە کاریگەریی لە سەر پێگەیشتنی نەسل بە نەسل دەبێ، یەکێک لە وێنەگەلی دزێوی ستەمی شاراوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە کە لە سەر شکڵ‌گرتنی کەسایەتی ئەوان شوێندانەر دەبێ. بۆیە ناکرێ ژنان لە خوێندن بێبەش بکرێن، بەڵام ناچاریان دەکەن کە تەنیا لە چەند ڕشتە و زانستی تایبەت‌دا پسپۆڕییان هەبێ.

ناچارکردنی ژنان لە ڕۆڵگێڕانیان وای کردوە کە وەک چاودێر و بێ دەسەڵات لە گواستنەوەی داب و نەریتی ناپێویست - کە وەک قانوونێکی نەگۆڕی لێکراوە ــ ، وەک بکەر و ئۆبجێکتیش ئەوکلتوورە سوننەتی‌یە بۆ نەسلی داهاتوو بگوازێتەوە. ئەو کارانە وایان کردوە کە ژنان ناڕاستەوخۆ زۆڵمیان لێبکرێ، کە بەهۆی ئاشنانەبوون بە مافەکانی خۆیان و کەمیی وشیاریی فێمنیستی،زۆربەی ئەوژن و کچانە کەمتر هەست بەوستەمە شاراوەیە بکەن. نەزانین بە ستەمی شاراوە کە کۆمەڵگای ئێمەی کورد بەداخەوە زۆری گیرۆدەیە نەسل دوای نەسل ، خۆی بەرهەم دێنێتەوە. چونکە لە کۆمەڵگەی داخراودا، بەجۆرێک دادەسەپێ کە ژیان لەنێوی‌دا ئاسایی و تا ڕادەیەک ڕاحەت دەبێو ئاکامەکەشی خولانەوە بە دەوری بازنەیەکدا دەبێ کە پتر ڕوخسارەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن نەک سیستمەکە، کە ئەمە بۆ خۆی زۆر مەترسیدارە.

لە بەستێنی ستەمی ناڕاستەوخۆ دژی ژنان دا، دەستدرێژی بۆ کچان و ژنان لە زیندان ولە ژێرئەشکەنجەدا بە کارێکی بێزراو دەناسرێ ــ کە جێی خۆیەتی - بەڵام دەستدرێژی بۆژنان لە ماڵی‌دا و بێ دەنگی‌یان لەو بوارە دا، کارێکی جوان و بەجێیە! ئەرکدارکردنی ژنان بەپێچەوانەی ویست و داخوازی خۆیان بۆ بەجێ گەیاندنی سەرجێیی پیاوان، زۆر لاسەنگە. بەڵام ناوی گەرمکردن و پاراستنی چوارچێوەی بنەماڵەی لەسەر دادەنرێ و ژنی لێ بەرپرسیار دەکرێ و پیاو کەمترین ئەرکی بۆ دادەنرێ.هەروەها بە زۆری و بە نابەدڵی و بێ هەڵبژاردن و بێ ئێزن بە ناسیاویی پێش ژیانی هاوبەشیش لە خانەی ستەمی شاراوە دا، جێ دەگرن.

بە گشتی داب و نەریتی کۆن و نایەکسان لەکۆمەڵگادا،کە لە چوارچێوەی ستەمی ناڕاستەوخۆدان، دەتوانن ببنە هۆی ئەوە کە لە باری دەروونی‌یەوە کاریگەریی نێگاتیڤ لە سەر ژنان دابنێن وهێزو توانای باوەڕبەخۆبوونیان تێدا زۆر لاواز بکەن. ئەو حاڵەتە ئەنگیزەی کار لەسەرخۆکردن بۆ گەشە و پێشڤەچوون کەم دەکا و پاسیڤبوونی تاکی ژن بەرهەم دێنێ. لەنێوچوون و لاوازبوونی بایەخە مرۆیی‌یەکانی تاک بۆخۆپێگەیاندن، وزەیەکی ئەوتۆ ناهێڵێتەوە.

**٢- ئابووری**

بەستراوەیی ئابووریی ژن بە پیاوەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن هەمیشە چاولەدەستی پیاو بێ بۆ پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی ژیان. کاتێک کەسێک لە باری ئابووری‌یەوە پێویستیی بە کەسێکی دیکە هەبوو، ئەمە دەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێگای کە نەتوانێ ئەوجۆرەی خۆی دەیەوێ لە تواناییەکانی خۆی کەلک وەربگرێ بۆگەشەکردن و خۆپێگەیاندن - بۆ نموونە زانستگا و خوێندنی بەرز - کۆسپی گەورەیان بۆ دروست




دەبێ. دیارە ئێستا تا ڕادەیەک بە گشتی وەزعی کچان و ژنان باشتر بووە.

وێنەی دیکە لە ژیانی ژنان‌دا هەیە، کە جێی سەرنجە. لەکاتێک‌دا، ژنان کار دەکەن و مووچەی خۆیان هەیە، بەڵام خاوەنی داهاتەکەیان نین. پیاوەکان بڕیاردەری سەرەکین. ژنان بە ڕاشکاوی لە داهاتی خۆیان، خاوەنی پووڵی گیرفانیش نین؟! زۆرجاران دەبیسرێ کە پیاوەکان لەماڵی‌دا بە خانمەکانیان دەڵێن ڕەئیسی ماڵێ و گۆیا بۆ هەموو شتێک هەر خانم تەسمیم دەگرێ. بەڵام دەتوانم بە دڵنیایی‌یەوە بڵێم کاتێک کە باس دەکەوێتە سەر هێندێک بڕیاری ئەسڵی و کۆتایی، دەسەڵاتی پیاوەکە پترە. بەو جۆرە هەڵسوکەوت و کردەوانە ناکرێ ژنان لە چالاکیی ئابووری و سەربەخۆیی ماڵی مەنع بکرێن. بەو جۆرە ڕوانینە تەنیا لە چەند بواری تایبەت و « ژنانە« دا،مەجال بۆ ژنان دەرەخسێو زۆربەی بوارەکان هەر لە پاوانی پیاوان‌دا دەمێنێتەوە.

**٣- سیاسی**

ژن و سیاسەت،ژن و دەسەڵات،خەباتی ژنان، خەباتی نێونەتەوەیی ژن و بڕیاردان لە کاروباری سیاسی هەموو ئەو وشە و ڕستانەن کە لەمێژە گوێمان لێ دەبن و بەشی زۆری حیزب و ڕێکخراوەکان لە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیان‌دا،بانگەشەی بەشداریی ژنان دەکەن. لەم بوارەدا، پرسیار ئەوەیە ئاکامەکەی بە کوێ گەیشتوە؟ چمان کردوە و تا کوێ هاتووین؟ لە ڕووی سیاسی و بەشداری لە سیاسەت‌دا و لە دنیای ئەمرۆ دیسان ژنان ستەمی شاراوەیان بە دژی ئەنجام دەدرێ. چونکە زۆر بەکەمی بەرنامەوپرۆگرامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان بەڕێوە دەبرێ. لەو بەشەدا کە کاریشی پێ دەکرێ، بەشداریی کچان و ژنان ڕۆر کەمڕەنگە. لە دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتی‌یەکانیش‌دا، نا یەکسانی زۆرە. بەو بیانوویەی ئەوان ناتوانن بە شێوەی پێویست کارەکان ڕاپەڕێنن و کەم‌توانان؟! پێویستە لەو بوارەش‌دا، ڕێگایەکی گونجاو بۆ بەشداری لە سیاسەتی بەڕێوبەری لە زۆربەی ڕەدەکان دا، بگیرێتە بەر. بۆ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەرکانە «پیاوانە» نەمێننەوە.

جگە لەوانەش زۆربەی تریبوونی تەبلیغی لە کاری سیاسی‌دا، پیاوانەیە. هێندێک‌جار وا هەبوو، ژنان ــ هەر چەند ژمارەشیان زۆر نەبووبێ - ، کاری باشیان زۆرکردوە وبڕیاری بەنرخیاجێبەجێ کردوە و بیروبۆچوونی بەکەڵکیان هەبووە. بەڵام بەدەگمەن دەبینین کە ئەوژنانە بەئەندازەی پیاوەکان دیار بن. ئەو کردەوانە نیشان دەدەن کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەیانەوێ بەشداری ژنان لاواز و لەڕەدەیەکی دڵخوازی خۆیاندا ڕاگرن. بۆیە کەمتر ئێزن بە ژنان دەدرێ کە تواناکانیان گەشە پێبدەن؛ بۆ ئەوەی پیاوەکان بە توانایی و زانایی بمێننەوە، هەتا نایەکسانی و کەم‌توانایی ژنان نیهادینە بکرێ!؟

وێنەیەکی نوێ لە شەڕی چەپەڵ و تیرۆریستی داعیش بە دژی نەتەوەکەمان‌دا، کۆشت و کوشتار و بەدیل‌گرتن و دەستدرێژی بۆسەر کچان و ژنان و بەکاڵاکردنی ئەوان و فرۆشتنیان لە بازاڕەکان‌دایە، بۆ ڕووخاندنی کەسایەتی وتێکدانی باری دەروونیی هەر دوو توێژی ژن و پیاو. بۆ ئەوەی ورەی پێشمەرگە و جەنگاوەرانی بەرگریکاری کورد لە خاکی نیشتمان لاواز بکەن و لەنێو دڵ و مێشکیان‌دا، کاریگەریی نەرێنی دابنێین، منداڵان، مێرمنداڵان، کچان و ژنان دەکەنە، ئامانجی بیرە دژی گەلی‌یەکانی خۆیان. نزیک بە زۆربەی قوربانی‌یەکانی هێرشە دڕندەیی‌یەکانی «خلافەتی ئیسلامی» و کارەساتە دژی مرۆیی‌یەکانیان، کچان و ژنانی لاو بوون.

لە پارڵمانی تورکیە کە ڕێژەی ژنانی تورک ١٠٪ە - کە کەمتر لە ئەفغانستانە - ، لە هەدەپە دا، ٤٠٪ ی کورسی‌یەکان بۆ ژنان مسۆگەر کراوە.

خاڵێکی جێی سەرنج کە لەبارەی توند و تیژیی ئاشکراو شاراوە دژ بە ژنانەوە دەتوانم ئاماژەی پێبکەم، ڕێژەی پارلمانتارانی ژنی پارلمانی ئێرانە! ئێستا خولی نۆیەمی پارڵمان (مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران) ، تەنیا ٣٪ ی ژن تێدایە. کە بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەتی ژنان لەو ولاتە دا کە لە نیوەی حەشیمەتی ئێران زیاترن و ڕادەی خوێندکارانی کچ لە زانکۆکانی ئێران بە پێی ئامار لە کوڕان زیاترە، جێی تێڕامانە و زوڵمێکی زەق و بەرچاوە.

کەمپینی ژنان بۆ گۆڕینی ٣٠٪ ی ڕوخساری پیاوانەی مەجلیسی دەیەم کە لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ (٢٠١٦) بەڕێوە دەچێ، ئەگەر سەرکەتوو بێ، دەتوانێ وێنەیەکی باش لە برۆابەخۆبوونی ژنان و پشتیوانیی پیاوانی یەکسانی‌خواز لەوان، بە هەنگاونانی هاوسەنگی لە کۆمەڵگای ئێرانی فرەنەتەوەدا، نیشان بدا.

**هۆکارەکان**

پشتیوانیی بەردەوامی کۆمەڵگە لە هێندێک داب و نەریتی کۆن،گەشە نەکردنی دیموکراسی‌یەک کە مافی مرۆڤی تێدا پارێزراو نەبێ، ژنانی پتر پێی دەشکێنەوە.

گرینگترنیشان‌دانی خەباتی نەتەوایەتی و بەکەم‌گرتنی مافی یەکسانی، وەزعی پرسی ژنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر کەمڕەنگ کردۆتەوە.

پرۆفسۆر مایکل مۆیسرو کۆمەڵناس،چارلس پیلی لەو بڕوایەدان کە: دەوڵەت پێناسەی نەتەوە دەکا و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە کە لەوێدا، ئازادیی تاک بۆ هاونیشتمانانی پێک دێنێ. ئەوان لەو بڕوایەدان کە ئازادیی تاک ئیرادەی تاک زیاد دەکاوتاکی کۆمەڵگا گەشە دەکا.

ئەگەر بڕوانینە کوردستان دەبینین کە ڕەنگ بێ زۆر لەو هۆکارانە بۆ ئازادی تاک بە گشتی و ژنان بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرە کە ئێمە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتین و پەرشو بڵاوی و بێ سیستێمی‌مان زۆر پێوە دیارە. بۆ وێنە: درێژەنەدانی تاوتوێ‌کردنی کەیسی ژنان لە باشوری کوردستان و....

کەلک وەرنەگرتن لە وزە و توانایی ژنان وجیاوازی باکگراوند و پێشینەی تاکی ژن وبەسەریەکەوەنەبوونی نیشتەجێیی،بەهۆی مەوقعیەتی سیاسی و جوغرافیایی تا ڕادەیەک بۆتە هۆی پاسیڤ‌بوون‌و،قەتیس‌مانەوەی دروشمە بە هەست و سۆزەکان لە چوارچێوەی تێئۆری‌دا، کە دڵساردی و نائۆمێدیی لە کارو چالاکیەکان‌دا، بۆ ژنان پێک هێناوە.

لەپەراوێزخستن و لاوازکردنی ژن بە سازکردن و قسە و قسەلۆکی بێ‌مانا و چوونەنێو ژیانی تایبەتیی ئەو لە کۆمەڵ‌دا، یان تێرۆری کەسایەتی‌یەکەی، کاریگەرترین هۆکاری گەشەنەکردن و مەیدان‌بەرتەسک‌کردنەوەیەتی.

**ڕێگاکانی چارەسەری**

بە دۆزینەوەی ڕێگەچارە و چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمی شاراوە،دەتوانێ مکانیزمێک بۆ بەربەرەکانیی دژ بەم توندوتیژی‌یە دابدرێ.

پەرە پێدان وگرینگی‌دان بەخەباتی نەتەوایەتی و خەباتی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگا،وەک ئەرکی تاک دەبێ هاوکات بکرێ. واتە، ئەم دوو شێوە خەباتە هاوتەریب بن.

بوونی ڕێکخراوی ژنانی سەربەخۆ کە هەوڵ بدەن بۆ وەدیهێنانی مافی یەکسانی ژن‌وپیاو و خۆپاراستن لە دەسەڵاتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان کە وەک پلاتفۆرم وسەکۆی سیاسەت، کەڵکی لێوەرگیرێ.

پێکهێنانی فەزایەک کە بیروبۆچوونی یەکسانکردنی ژن‌وپیاو بەشێوەیەکی ئازاد بۆ ئەکتیڤ‌بوونی ژنان بێنێتە ئاراوە. ئەو کەشوهەوایە واتە فەرهەنگسازی بۆ مافی یەکسان و بەشداریی وەک یەک لە کۆمەڵگە دا، بێتە ئاراوە.

پەروەردەکردن ومەجال‌خوڵقاندنی ژنی سیاسەتمەدار،ژنی تێکنۆکڕات و خاوەنبیر،پێویستە ئەرکی هەمووتاکێکی کۆمەڵگا بە تایبەت ژن و ڕێکخراوە تایبەتییەکەیان بێ.

پرس و ڕاوێژ، ڕێنوێنی و پشتیوانی‌کردن لە مافی تاکەکان،ڕاهێنان و چارەسەرکردنی بە وەختی گیروگرفت و پەروەردەی نەسلی نوێ لە سەر بنەمای تێگەیشتنی ئامانجی یەکسانی‌خوازی و بردنەسەری وشیاریی فیمنیستی، دەتوانێ پێش لەخۆبەرهەمهێنانەوەی ئەوبازنە پڕلەکەموکوڕییە بگرێ کە نەسلی ئێمە و پێش ئێمە تێی‌دا خولاونەوە، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە داهاتووی کۆمەڵگا بە گشتی و خەباتی ژنان بەتایبەتی بەرەوئاسۆیەکی ڕوونترگەشە بستێنێ.

پەروەردەکردنی ژنان بۆکاری بەڕێوبەری ودەسەڵات لە کاتێک‌دا،ژن بتوانێ وەک مرۆڤ نەک لەقالبی ژن وەک پیاو- ،کاری سیاسی بکاوتواناوکارامەیی خۆی نیشان بدا،ئەوکات بەشێک لە ویست‌وداخوازی‌یەکانی دێتە دیوبەشەکەی دیکەشی بەهاوڕابوونی ئەو پیاوانە کە باوەڕیان بەمافی ژن ــ وەک مرۆڤ هەیە- ، دەتوانێ تەکمیل بکرێ.

درێژە ل١٠

مێژوو

# میرە کوردەکان: جۆغرافیا و ژیئۆپۆلیتیک



ڕێبوار مەعرووفزادە

زۆربەی لێکۆڵەران و مێژوونووسان لەسەر مێژووی ئیمپراتووری و دەوڵەتەکان لێکۆڵینەوەیان کردوە بەڵام کەمتر بایەخیان بە مێژووی گرووپگەلی بێ ئیمپراتووری و بێ دەوڵەت داوە. مێژووی کوردەکانیش بە هۆی نەبوونی ئیمپراتووری و دەوڵەتی کوردی کەمتر سەرنجی مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی ڕاکێشاوە. هەر بۆیە مێژوو زۆرتر مێژووی دەسەڵاتدارانە، بە دەستی دەسەڵاتداران و لەبارەی دەسەڵاتدارانەوە نووسراوە. لە سەدەی شازدە و حەڤدەی زائینیدا، گرووپگەلی جیاواز کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەژیان چوونە ژێر دەسەڵاتی یەکێک لە ئیمپراتووری‌یەکانی عوسمانی یان سەفەوی. بەڵام میرە کوردەکان لەو سەردەمەدا چەشنێک لە سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان ڕاگرت. ڕادەی سەربەخۆیی ئەو میرنشینە کوردانە جیاواز بوو؛ هێندێکیان زۆرتر وەک هاوپەیمانێکی عوسمانی و سەفەوی هەڵسوکەتیان دەکرد و هێندێکیشیان سەربەخۆیی‌یان کەمتر بوو و دەبا لە کاتی شەڕدا هێزیان بۆ یارمەتیی ئیمپراتوور ناردبا و باجیان دابایە. لەبەر ئەوەی کوردستان سروشتێکی شاخاویی هەبووە، دانیشتووەکانیشی وەک خەڵکانێکی شەڕکەر و بەهێز ڕاهاتوون. هەروەها ناوچەی کوردستان لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا لە نێوان ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەوی‌دا ئەمبەرئەوبەری دەکرد ؛ ئەگەر هێزی یەکێک لەو ئیمپراتووری‌یانە زیادی کردبا، هێزی میرنشینە کوردەکان کەمی دەکرد و بۆ ئەوەی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن ڕوویان لەو ئیمپراتوورییە وەردەگێڕا و لایەنگری‌یان لە ئیمپراتووری‌یەکەی دیکە دەکرد. ئەم وتارە باس لەوە دەکا کە میرنشینە کوردەکان لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا بە هۆی هێندێک تایبەتمەندیی جۆغرافیایی و هەروەها تێگەیشتن لە ژیئۆپۆلیتیکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لەو سەردەمەدا، لە ڕادەیەک لە دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری بەهرەمەند بوون. ئەم وتارە جەخت لەسەر سیاسەتی میرنشینە کوردەکان لە سەردەمی ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەوی دەکا.

میرەکان و گرینگیی جۆغرافیا

ئەگەرچی جۆغرافیا و ژینگە لە پێوەندی لەگەڵ کورددا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی نەبووە بەڵام کاریگەریی گەورەی لەسەر دارشتنی مێژووی سیاسیی کورد هەبووە. کوردستان بە ناوچە سەخت و شاخاوی‌یەکانی هەمیشە هێزە داگیرکەرەکانی سڵەماندۆتەوە و پەناگەی هێزە ڕاپەڕیو و لاوازەکان بووە. هەر بەم هۆکارەیە کە هێندێک ئایینی بچووک وەک ئایینی ئێزەدی لە کوردستان جێگایان بۆتەوە و خۆیان حەشار داوە. هەروەها سروشتی کوردستان دانیشتووانی کوردستانی بەهێز و شەڕکەر بار هێنابوو. لە باری ئابوورییشەوە کوردستان لەو سەردەمەدا بۆ کشتوکاڵ زۆر باش نەبوو. هەر بۆیە سپای داگیرکەران هێرش بۆ سەر کوردستانیان زۆر بە دژوار و کەم سوود لەقەڵەم دەدا. شەڕی نێوان محەممەد بەگی ئوستاچلو، حاکمی قزڵباشی دیاربەکر، لەگەڵ میر شەرەف، میری جەزیرە نیشان دەدا کە چۆن جوغرافیای کوردستان وای کردوە کە میرە کوردەکان بە بەردەوامی بۆ سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان هەوڵ بدەن. محەممەد بەگی ئوستاچلو فەرماندەیەکی قزڵباش بوو کە شا عەبباسی سەفەوی بۆ بەڕێوەبەریی دیاربەکر ناردبووی بەڵام میر شەرەف لەگەڵ هێزەکەی لە شاخەکان دەمایەوە و هەر کات دەرفەتیان وەگیر دەکەوت یان بۆیان دەردەکەوت کە ئیمپراتووریی سەفەوی تووشی گیروگرفت بووە هێرشیان دەکرد و دیسان دەگەڕانەوە بۆ شاخ. (ئاغا،شێخ،دەوڵەت،١٤١-١٤٢)

هەر بۆیە جۆغرافیای کوردستان و بە تایبەت شاخە سەختەکانی، هاوپەیمانێکی گەورەی میرە کوردەکان بوون. عوسمانی‌یەکان کە پراگماتیستتر بوون و تواندنەوە و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆیان کەمتر بەلاوە گرینگ بوو، هەوڵیان دا کوردستان بکەن بە ناوچەیەکی لەمپەر لە نێوان خۆیان و ئیمپراتووریی سەفەوی‌دا. داواکاریی عوسمانی یەکان لە کورد تەنیا ئەوە بوو لە دژی سەفەوی شەڕ بکەن و قووڵایی ئەمنییەتیی عوسمانی بەرفراوان بکەن و بیپارێزن. ئەو سیاسەتەی ئیمپراتووریی عوسمانی لە نووسراوەکانی ئەولیا چەڵەبی بە ڕوونی دەردەکەوێ. ئەولیا چەڵەبی(١٦٨٢-١٦١١) تورکێکی گەریدە بوو کە سەفەری بۆ زۆر لە پارێزگاکانی عوسمانی و لەوانە میرنشینە کوردەکان کرد.

چەڵەبی بەمشێوەیە باسی




کوردستان دەکا: «ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانە. لە باکوور لە ئەرەزەڕووم دەست پێ‌دەکا و دەگاتە وان، هەکاری، جەزیرە، ئامەدیە، مووسڵ، شارەزوور، هەریر و ئەردەڵان تا دەگاتە بەغدا، سێ ڕۆژ سەفەر بە نێو کوردستانی شاخاوی‌دا. ئەگەر شەش هەزار کەس لە عەشیرەی کورد لەو ناوچە بەرز و شاخاوی‌یانە بەربەستێکی پتەویان لە نێوان عێراقی عەرەبی و عوسمانی‌یەکان دروست نەکردبا، بۆ فارسەکان [سەفەوی یەکان] زۆر ئاسان دەبوو کە ئاسیای نێوەڕاست داگیر بکەن.»

سەفەرنامەی ئەولیا چەڵەبی (٥)

هەڵبەت سەفەوی‌یەکانیش دواتر پراگماتیستانەتر سیاسەتیان کرد و هەوڵیان دا چەشنێک لە سەربەخۆیی و ئۆتۆنومی بدەن بە میرنشینە کوردەکان و بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشن. بۆ نموونە خانەدانی ئەردەڵان بە پێتەختی سنە، فێدراسیۆنی میرنشینەکانی موکری، عەشیرەکانی بڵباس و هەکاری لە ناوچەی نفووزی ئیمپراتووریی سەفەوی لە خۆبەڕێوەبەری‌یەکی زۆر بەهرەمەند بوون. (مەک دۆناڵد، ٢٧)

### میرەکان و ژیئۆپۆلیتیک

سەرۆکعەشیرە کوردەکان لە کێشە و ململانێی نێوان ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەویدا بۆ دەستەبەرکردن و بەردەوامیی دەسەڵاتی تارادەیەک سەربەخۆی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت. بۆ نموونە ئەگەر هەر یەک لەو ئیمپراتووری‌یانە تووشی لاوازی ببا، سەرۆکعەشیرە کوردەکان هەوڵیان دەدا وەفاداریی خۆیان بۆ لایەنی بەهێز دەربڕن و لە بەرامبەردا داوای بەردەوامیی دەسەڵاتی خۆماڵیی خۆیان دەکرد. پاش دامەزراندنی ئیمپراتووریی عوسمانی لە ساڵی ١٥٠١دا، شا سمایل زۆر لە سەرکردە کوردەکانی کوشت و فەرماندە قزڵباشەکانی خۆی کردنە بەڕێوەبردنی میرنشینە کوردەکان. ساڵی ١٥١٠، گرووپێکی ١٦ کەسی لە سەرۆکعەشیرە کوردەکان بۆ دیتنی شا سمایل چوونە شاری «خۆی»، بۆ ئەوەی وەفاداریی خۆیان بۆ شا دەربڕن. شا سمایل فەرمانی دا کە هەر هەموویان دەستبەسەر و زیندانی بکەن. (باجەلان، ٨٠٢)

بە هۆی ئەم هەڵسوکەوتەی شا سمایلی سەفەوی‌یەوە، سەرکردە کوردەکان بە شوێن دەرفەتێکدا گەڕان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان دیسان دەستەبەر بکەنەوە. بە پێی شەرەفنامە، ٢٥ میری کورد بە هۆی زیرەکی و یارمەتیی ئیدریس بەتلیسی کە دیپلۆماتێکی کارامەی کورد بوو، نامەیان بۆ سوڵتانی عوسمانی نارد و پەیمانی هاوکاری و وەفاداری‌یان پێ دا. کاتێک شەڕی نێوان ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەوی لە چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤دا ڕووی دا، میرە کوردەکان پشتیوانیی عوسمانی‌یان کرد، ئیمپراتووریی سەفەوی دۆڕا و میرەکان دەسەڵاتی خۆیان مسۆگەر کردەوە. (بروئینسێن، ١٤٣). دوای تێکشکانی ئیمپراتووریی سەفەوی، سوڵتان لە ئیدریس بەتلیسی دەپرسێ کە کام لەو میرانە وەک نوێنەری خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری بکا، بەتلیسی وەڵام دەداتەوە کە باشترە سوڵتان کەسێک لە فەرماندەکانی خۆی بنێرێ چونکە هیچ کام لەو میرانە دەسەڵاتی ئەوانی دیکە قبووڵ ناکەن. (برووئینسێن، ١٤٤). دیارە هێندێک لە میرە کوردەکان زیرەک بوون لەوەی نە تەنیا ئۆتۆنۆمیی خۆیان بپارێزن بەڵکوو هێژمۆنی‌یان بەسەر میرەکانی دیکەش‌دا هەبێ. ئەحمەد خان، خانی ئەردەڵان، بووە بە دۆستی نزیکی شا عەبباس؛ ئەحمەد خان لەگەڵ خوشکی شا عەبباس زەماوەندی کرد و لەو ڕێگەیەوە سەرکردەکانی بڵباس و موکریی سەرکۆت کرد. (مەک داول، ٣٢)

ئەگەر لە لایەک شاخەکانی کوردستان یارمەتیی میرە کوردەکانیان دا بۆ ئەوەی چەشنێک لە دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن، لە لایەکی دیکە سیاسەتی کوردی بە ناوچەیەکی جۆغرافیایی دیاریکراو سنووردار کرد. ئیمپراتوورگەلێک وەک ئیمپراتووریی عوسمانی و ئیمپراتووریی سەفەوی بەرهەمی بەرفراوانکردنی دەسەڵات لە لایەن عەشیرە و گرووپگەلێکی بچووک بوون. بەڵام میرە کوردەکان تەماع و ئیرادەی گەورەبوون و دامەزراندنی ئیمپراتووری‌یان نەبوو. میرە کوردەکان بەردەوام لە پەراوێزی ناوەندەکانی سیاسی، ئابووری و کەلتووریی عوسمانی و سەفەوی‌دا بوون بەڵام خۆیان قەت نەبوون بە ناوەند. هەروەها سیاسەتی میرە کوردەکانیش پاسیڤ بوو بەو واتایە کە کاریان کاردانەوە بە ئاڵوگۆڕ لە نێو ئیمپراتووری و زلهێزەکانی دیکەدا بوو. هاتنەسەردەسەڵاتی ئیمپراتووری‌یەکی بەهێز لەهەر یەک لە ئیمپراتووریی عوسمانی یان سەفەوی دەی‌توانی کاریگەریی گەورە لە سەر چارەنووسی میرنشینە کوردەکان دابنێ. بۆ نموونە کاتێک شا عەبباس بووە شای سەفەوی، سەرجەم میرە کوردەکانی تێکشکاند و هێندێک لە عەشیرەکانی بۆ خوراسان تەبعید کرد. ئەو کوردانەی خوراسان بەرهەمی سیاسەتی تەبعیدکردنی دەورانی شا عەبباسی سەفەوین. (بروئینسێن، ١٣٤)

ئەو سیاسەتە پاسیڤەی میرە کوردەکان وای لە ئەحمەدی خانی کرد کە لە «مەم و زین»ی خۆی‌دا کە ساڵی ١٦٩٥ چاپ کرا ئاوا ڕەخنەیان لێ بگرێ:

«ئەگەر کوردەکان پاشایەکیان هەبا ...

ئەو ڕوومی‌یانە [عوسمانی/تورکانە] نەیان‌دەتوانی تێکمان بشکێنن،

ئێمە تووشی چارەڕەشی و سەرگەردانی نەدەبووین،

بە هۆی تورک و تاجیک تێک نەدەشکاین و دیل نەدەکراین (ئیپێل، ١٦-١٧)

سەرچاوەکان:

Bruinessen, Martin Van. Agha, Shaikh, and State: The Social and Political Structures of Kurdistan. London: Zed, ١٩٩٢. Print.
Bajalan, Djene Rhys. «Şeref Xan›s Sharafnama : Kurdish Ethno-Politics in the Early Modern World, Its Meaning and Its Legacy.» Iranian Studies٤٥,٦ (٢٠١٢): ٧٩٥-٨١٨. Web.
McDowall, David. A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris, ١٩٩٦. Print.
Bruinessen, Martin Van. «Kurdistan in the ١٦th and ١٧th Centuries.»Journal of Kurdish Studies ٣,٠ (٢٠٠٠): ١-١١. Web.
Eppel, Michael. “Historical setting: Roots and Modern Kurdish Nationalism”

درێژەی

# باسێک لە سەر توندوتیژیی شاراوە

پەیوەندیی ئەرێنی و یەکسانی‌خوازانەی تاکەکانی بنەماڵە لە نێوخۆیان‌دا، یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکان و بەردی بناخەی چارەسەرەک لە پەروەردەی نەسلی داهاتوودا.

ڕێکخراوەکان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی،پێویستە کارێکی وا بکەن کە لە چوارچێوەی خاڵە هاوبەشەکانیاندا وەک هەبوونی دیمۆکراسی،هەبوونی مافی یەکسانی ژن‌وپیاو واتە بەرابەری و یەکرێزیی ڕەگەزی لەژێر سایەی کۆدەنگییەکی ڕێکخراو و بە پلاتفۆرم کار بکەن کە هەموو ئەوژنانەی داوای مافی یەکسان دەکەن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

هیو میەل لە تۆژینەوەیەک دا دەڵێ: وەرچەرخانی تەنگژە ئەرکێکی فرەڕەهەندە و بە دوو بەش دابەشی دەکا:

یەکەم، تیئۆریی بەڕێوبردنی تەنگژە و دووهەم، تیئۆریی وەرچەرخانی تەنگژە.

لەبەشی یەکەم دا، لایەنێکی سێهەم دێتە کایەوە و نێوبژی دەکا. کوردەواری گوتەنی «دوو قسەی خێری تێدا دەکا»، و بە شێوەی کاتی کێشەکە چارەسەر دەکا و کاتی بۆ دادەنێ و کۆنترۆڵی دەکا. واتە بە کورتی و بە کوردی موسەککینێکی کاتی‌یە کە دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ.

لە دووهەمەکە دا، هەوڵ دەدا گۆڕانکاری لە ئەقڵییەتی ئەو گرووپەدا دروست بکا کە کۆسپی ئەسڵین و هۆکاری سەرەکیی گیروگرفتەکانن.

بە بڕوای من ئێمە بە تاک و بنەماڵە وکۆمەڵگە و دامودەزگا حکوومەتی و ناحکوومەتی‌یەکانەوە لە بەشی یەکەمی هەوڵەکانمان‌دا قەتیس ماوینەوە و من ڕێگە چارەی دووهەم بە باشترین شێوەی چارەسەری کێشەکان دەزانم.

### ئاکام

خەباتی یەکسانی‌خوازانەی ژنانی جیهان بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی مێژوویەکی پڕ لەهەورازو نشێوی بۆخۆی تۆمارکردوە.

ڕەخنەگرتن لە مێژوو و ڕابردووی خەباتی نەسلی پێشوو بەبڕوای من هیچ کات بە مانای کەمگرتن یان کەلک‌وەرنەگرتن لە ئەزموونی ئەوانی پێشوو نیە. بەڵکوو دەست لەسەردانان و نیشانەکردنی هێندێک خاڵی لاوازە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و گەشە و توانایی و ئاسانکاری پێوەندی‌گرتن و شەپۆلی فێربوون جیاوازیی هەیە. نەسلی ئێستا پێویستیی بە پێداچوونەوە و نوێ‌بوونەوەی بەردەوام هەیە.

وشیاری و ئاگاداربوون لەکۆسپەکانی سەر ڕێگای هەر بزووتنەوەیەکی ئازادی‌خوازی و بەرەنگاربوونەوەیان بە ڕێگایەکی ئوسولی و سەردەمیانەدا، ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە لە پێناو گەشەسەندن و پێگەیاندنی نەوەی نوێ‌دا.

بێ دەنگی لە ئاست زوڵم لە خۆمان و دەوروبەرمان دەبێتە بەشێک لە هووییەت و ئیدەنتیتەی خۆمان کە بە شێوەیەک بەشداری‌کردنە لە توندوتیژی. بۆیە پێویستە لە خۆمان و بیر و کردوە و دەروونی خۆمان ڕا دەست بە ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بکەین.

بزووتنەوەی یەکسانی‌خوازی و دابین‌کردنی مافی ژنان لە کۆمەڵگایەکدا، کە باوەری بە قانوون و دیموکرات‌بوون و مافی مرۆڤ بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی نەبێ، بێ‌بەرهەم دەبێ و گەشە ناکا.

پێویستە هەوڵ بدرێ هەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و هەم تاکەکانی یەکسانی‌خواز، بە کردەوە نیشان بدەن کە بڕوایان بە مافی مرۆڤ و کۆنوانسیۆنی ١٩ی دێسامبری ١٩٧٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسی ژن هەیە.

کوردستان

ژمارە: ٦٦٩

١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٤

٧ی دیسامبری٢٠١٥




# ئەدەب و هونەر

## (زی زی)، شەمامە خاڵخاڵی بێستانی گورانی کوردی



**عەلی لەیلاخ**

مەرگی هەر هونەرمەندێک بێ گومان ناخۆشەو بە بیستی هەواڵی کۆچی دوایی هەرکام لەو ئازیزانە بۆ چەن چرکەش بێ خەمێک داماندەگرێ و کۆمەڵێک بیرەوەریی»هاوبەش» دەیێتەوە بیرمان. کە خودی بیرەوەریی هاوبەش وەکوو هەودایەک تاک بە تاکی کۆمەڵگە بەیەکەوە گرێ دەدا

چونکە کۆمەڵگە خەم وخۆشی‌یەکانی خۆی لە هێندێک رووداوو بەرهەمی هونەریدا دەبینێ. واتایەکی دیکەی ئەمەیە خاوەنی بەرهەمە هونەری‌یەکان بە ئافراندنی هونەریی وئەو تەمەنەی کە لەم بواردەدا دەیبەخشن ڕۆڵی ئێگجار کاریگەری‌یان هەیە لە پتەوکردنی هەستی میللی وپەرە پێدان بە بیرەوەریی هاوبەش. بەم پێشەکی‌یە دەمهەوێت بە ئاوردانەوەیەک لە ژیانی هونەرمەندێکی گورانیچڕو فۆلکلۆربێژ ناسراو بە «زی زی» کە لەم روژانـەدا کۆچی دوایی کردو پەیوەست بوو بە بیرەوەرییەکان ،گرینگی وبایەخی ئەم تاقمە گۆرانیبێژە کە بە داخەوە کاروانەکەیان روو لە کۆتای‌یە بخەمە بەر باس.

خەزینەی زێڕینی فۆلکلۆر پشکی شێری وەبەرکەوتووە لە زیندو هێشتنەوەی زمان وئەدەبی کوردی. بێ شک ئەدەبی نووسراوە(مکتوب) کوردی تەمەنێکی دووردودرێژی نیە، بەڵام سەرەڕای نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە گەش وپەرەپێدان بە زمانی کوردی، ئەمرۆکە لە هەر چوارپارچەی نیشتمانەکەمان بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی باڵاکردنی فەرهەنگ وئەدەبی زگماکین. بێ گۆمان لەم زیندوومانەوە هونەرمەندانێکی سادە و ساکار کە هەم شکۆو جوانییان بە شایی و بەزم و زەماوەندەکانی ئێمە بەخشیوە، هەمیش ڕۆڵی پردێکیان هەبووە لە نێوان مێژووی گۆرانی فۆلکلۆریک وبەرەی نوێ ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. ئەم هونەرمەندانە بە دوو هۆ جێگەی سەرنج وڕێزی زیاترن. یەکەم: بەگوتنەوەو چڕینی گۆرانی‌یە کۆنەکان هەم نەزم ومەقامە کۆنە مۆسیقایەکانیان پاراستووەو توانیویانە بەشێکی زۆر لە دەستەواژە کوردی‌یەکان بپارێزن، هەمیش بە دەرکەوتن بە سیمایەکی کوردانە لە بەزم وشاییەکان لە باری جلوبەرگەوە، لەوبەشە کە پێ دەگووترێ فۆلکلۆری ماددی(جلوبەرگ) ڕاستەوخۆ لە بواری زیندووکردنەوەی شوناس و پێناسەی نەتەوەیی لە چەند بواری گورانی/زمان/جلوبەرگ ... خزمەتیان




کردوە. هونەرمەندانێک کە تەنیا بۆ هونەرەکەیان ژیاون و لەوپەڕێ ژیان و بەسەرهاتێکی کپ وبێ دەنگ، دەنگ و ڕەنگی سەردەمانی کۆن وکەونارایان بە سەردەمی ئێمەمانان ناساندوە. سۆزێکی هەست بزوێن، یان خۆشی‌یەکی خۆماڵی و ڕەسەن لە زۆربەی ئەو گورانی‌یە فۆلکلۆری‌یانەدا هەست پێدەکرێت کە بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ شێوەی چڕین وگوتنەوەیان کە هونەری تایبەت و بەرچاوی کەسانێک وەکوو برایانی «زی زی»یە کە بە هۆی خزمەتێک کە کردوویانە نازناوێکی کوردستانی‌یان هەیە. بەداخەوە ئاخرین کەس لەم سێیانەی ستران وسۆزی کوردی، مامۆستا «حەسەن شۆخ کەمان» دوای تەمەنێکی لێوریژ لە ئاوازو زیندووکردنەوەی دەیان گورانی ڕەسەنی کوردی ودانانی ملوودی جوان وتازە کۆڕی هونەردۆستانی بە یەکجاری جێ‌هێشت. کۆی بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە و هاورێ‌یانی نزیک بە ٦٤ گۆرانی‌یە کە ناسراوترینەکانیشی شەمامەو خاڵ خاڵ، سوەیبە باڵابەرز، خەنەبەدان، کێژی مەڕۆ جوانی و ئای بۆ هەلامە کە لە مێژە لە یادوبیری خەڵکی کورد ماوەنەتەوەو هونەرمەندانی دیکەش دووپاتی دەکەنەوە، بە وتەی موزیسی‌یەنی لاوی کورد «بەها بەشیری»: هونەرمەندی فارس «بیژەن مورتەزەوی» ئاهەنگی «رووناک»ی لە رووی ئاوازی ملوودی خەنەبەندانی «زی زی» دروست کردوە.

«حسێن وحەسەن وعەلی شۆخ کەمان» ،ئەم سێ برا هونەرمەندەبوون کە بە «نایە وزەرب و دایرە و گورانیچڕین دەیان ئاهەنگ و بۆنەی شایی‌یان بە جوانترین شێوە ڕازاندووتەوەو هەروەها لە ناوچەی مێژوویی سەقز کە سنووری نێوانی مۆکریان و ئەردەڵانە لە پێشگرتن لە فەوتان و لە نێوچوونی بەشێکی زۆر لە ملوودی و ئاوازە ڕەسەنەکان هونەرمەندانەو خەمخۆرانە ئەرکی خۆیانیان لەم بارەوە بەجێگەیاندوە، هەروەها لە ڕادیۆی دەنگی کرماشان وسنەو ورمێ،دەیان گورانی ومەقامی خۆش وخەمرەوێنیان تۆمار کردوە.

خاکەڕایی وخەڵکی بوونی ئەم تاقمە هونەرمەندە خۆشەویستی وهۆگرییەکی بێ وێنەی پێیان بەخشیوە لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کورد. هەرچەند لە ئەوپەڕی دەسنەرویشتوویی ماددی ژیاون بەلام بە جۆرێک ژیانەوەی ژیلەمۆی گورانی کوردی وئاوازە کۆنەکان لەسەردەستی ئەم بەریزانە بۆوە،بۆیە یادکردن وریزگرتن لە خۆیان هونەرەکەیان لەهەموو کاتێکدا تەنیا وەفایەکە کە دەتوانین بەرانبەریان هەمان بێ.بەداخەوە بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەرگیان مۆچرکێک بە لەشمان دێ کە بۆ لە کاتێک کە زیندوو بوون بەرانبەریان ئەمەگناس نەبووین! رەنگە هەر ئەم حەسرەتەش نیشان لە گەورەیی وئاستی بەرزی ئەوهونەرمەندانە بێ.بەڵام ئەوەی کە حاشای لێناکرێ لە بێستانی شین وشکۆداری ئاوازی کوردی برایانی «زی زی»شەمامە خاڵ خاڵیکی بۆنخۆش وجوانن کە هەتاهەتایە بە باڵابەرزی دەمێنەوە و بزەی سەرلێوی هەموو خەنەبەندانێکی کوردین!گورانیبێژی ئەم گرووپە خۆشناوە «مامۆستا حسێن شۆخ کەمان»لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست لە شاری سەقز هاتووتە دنیاو بە پاڵنەری براگەورەکەی «عەلی شۆخ کەمان» کاری هونەری خۆی دەسپێکردو گرووپی هونەری برایانی «زی زی»یان دامەزراند. کەس نەیدەزانی کە رۆژێک شاگرد قاوەچیەک ببێتە هونەرمەندێکی ناودارو ناز ناوی»زی زی»لەسەر زاری هەر تاکێکی کورد بە تایبەت لە رۆژهەلات ناوێکی ئاشنابێ. ئەم نازناوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە کاک حسێن شۆخ کەمان بە منداڵی زمانی گرتوویەتی و گوتوویەتی «زازا،زازێ وزی زی..»بۆیە هەر ئەم ناوەیان بەسەریدا ناوەو دواییش بوو بە نازناوی هونەری ئەم گرووپە کە لە ناوچەی سەقزوکوردستان بەم نازناوە ناسراون.

ئەم هونەرمەندە وەکوو ئاخرین برای گرووپی زی زی،دوای تەمەنێک خزمەت بە ئاوازوگۆرانی کوردی لە رۆژی دووشەممە بەرانبەر بە ٢ی سەرماوەزی ١٣٩٤ی هەتاوی لە تەمەنی ٧٧ساڵەیی جەستەی ساردی لە خاکی نیشتمان نێژراو ئێمەی لە گەڵ تین‌وگڕی دەیان ئاوازوملوودی شادوشەنگ بەجێهێشت.

شایانی باسە ئەم هونەرمەندە ناودارە لە چەندین فستیڤاڵی هونەری لە ئێران مەقامی یەکەمی بەدەست هێناوە.

یادی بە نازونیازبێ.

ژێدەر:ماڵپەڕی شارنیوز،ماڵپەڕی ئاوێز.

## بەڕێوەچوونی کۆڕی لێکدانەوەی ڕۆمانەکانی سەید قادرهیدایەتی لە بۆکان

کۆڕی خوێندنەوەولێکدانەوەی ڕۆمانەکانی سەید قادر هیدایەتی لە ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕە ئەدەبی‌یەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی سەرماوەزوبەبەشداریی بەرچاوی هۆگرانی ئەدەبی کوردی بەڕێوەچوو، فەتاح ئەمیری، سولەیمان عەبدولڕەحیمزادە، عەزیز مەحموودپوورو عەلی غوڵامعەلی لە سەر ڕۆمانەکانی سەید قادر هیدایەتی قسەیان کرد.

لەو کۆڕە ئەدەبی‌یەدا سەرەتا جەماڵ نەججاری باسێکی لە بەرنامەو پرۆژەکانی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان بۆ وەرزی زستان کردو دواتر سەید قادر هیدایەتی چەند قسەیەکی لەسەر پەیوەندی نێوان بەرەی رابردوو و ئێستای ئەدەبیات کردو پێی لەسەر ئەوە داگرتو کە نەبوونی ئەو پردی پەیوەندییە کاریگەریی خراپی لەسەر رەوتی ئەدەبیات هەیە.

لە درێژەی بەرنامەکەشدا کۆڕگێڕەکان بابەتەکانی خۆیان پێشکێش کرد.

فەتاح ئەمیری، نووسەرو ڕۆمان نووس باسەکانی لەسەر پێکهاتەی زمانیی ڕۆمانەکانی سەیدقادر چڕکردەوەو ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم نووسەرە زۆر بە باشی لە زەرفییەتەکانی زمان بۆ نووسین کەڵکی وەرگرتووە. فەتاح ئەمیری هەروەها باسی لە جۆریک سادەنووسی لە کارەکانی هیدایەتی‌دا کرد و جەختی کردەوە کە سادەنووسی خاڵێکی پۆزێتیڤە و ئەگەر نووسەر بە ئاگاهییەوە ئەو خاڵە ڕەچاو بکا بە دڵنیاییەوە دەقی سەرکەوتوو بەرهەم دێنێ‌و وەک نموونەی بەرچاوی ئەو شێوازە نووسینە ئاماژەی بە نووسراوەکانی سادق هیدایەت کرد.

سولەیمان عەبدولڕەحیمزادە، چیرۆکنووس دوای پێناسەیەکی کورتی بەرهەمەکانی سەید قادر هیدایەتی پەڕژایە سەر «گابۆڕ»، دوایین ڕۆمانی ئەو نووسەرە. عەبدولڕەحیمزادە لە بەشی یەکەمی وتارەکەی‌دا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو بەرهەمە دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتی مێرمنداڵان‌و لەو سۆنگەیەوەیە کە دنیای ڕۆمان بۆمان دەدوێ. ئەو لە درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە خاڵە بەهێزەکانی ئەو ڕۆمانە کردو بۆ وێنە بوونی چەند دەنگی، خولقانی کەسایەتیی سەربەخۆ و هەروەها سەمیمییەتی فەزا و جۆری گێڕانەوە. عەبدولڕەحیمزادە لە کۆتایی باسەکانی‌دا ئاماژەی بە چەن خاڵی لاوازی ئەو بەرهەمە کرد بۆ وێنە کەلکوەرگرتنی نابەجێ لە تکنیکی مۆنتاژ موازی.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا عەزیز مەحموودپوور، چیرۆکنووس، تێبینی‌و سەرنجی خۆی لەسەر ڕۆمانی «تۆقی عەزازیل» لە دووتوێی وتارێکی نووسراوەیی‌دا پێشکەشی ئامادە بووان کرد. مەحموودپوور لەو وتارەدا دوای شەن‌و کەو کردنی بەشە جیاجیاکانی ئەو ڕۆمانە باسی لە دەسەڵاتی زمانیی ئەو بەرهەمە کرد.

عەلی غوڵامعەلی، چیرۆکنووس، وەک دوایین وتاربێژ سەرەتا باسی پێکهاتەی زمانیی ڕۆمانی «گابۆڕ»ی کرد کە دەروەستی زمانێکی پەتی‌و پاراو نییە و زۆر بە جوانی لە ئیدیۆم‌و دەستەواژەگەلی فۆلک کەڵکی وەرگرتووە و هەر ئەوەشە کە بۆتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکان هەر یەکە و بە راوێژی خۆی لەو ڕۆمانەدا دەور بگێڕن.

غوڵامعەلی هەروەها بە پێچەوانەی عەبدولڕەحیمزادە پێی وابوو کەڵک وەرگرتنی نووسەر لە تکنیکی مۆنتاژ موازی یەکێک لە خاڵە درەوشاوەکانی ئەو ڕۆمانەیە.




**ڕاستی رووداوەکان، ناوی بەرهەمێکی مێژوویی دیکەیە بە قەڵەمی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاك جەلیل گادانی، کە خوێندنەوەیەکە لە ١٤کتێب کە لەسەر حیزبی دێموکرات نووسراوە. نووسەری ئەم کتێبە نوێیە هەوڵی داوە کە هێندێك هەڵەی مێژوویی لەبارەی رووداوەکانی نێو حیزب و تەنانەت لە ئاستی کوردستان‌دا راست بکاتەوە. ئەم کتێبە مێژوویی‌یە کە لە دوو بەش پێك هاتووە ئاوڕدانەویەکە لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ.کاف) وە هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ڕوانگەی نووسەر. شایانی باسە ئەم کتێبە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتی‌یەکان ژمارەی سپاردنی(٤٦٥)ی ساڵی ٢٠١٥ لە چاپ دراوە.**



KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 669 7 Dec 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# نەک ساڵێ ڕۆژێک، با هەموو کات پشتیوان و خەمخۆریان بین



قادر وریا

ڕۆژی ٣ی دیسامبری هەر ساڵێک،ڕۆژی جیهانیی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتە. لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانە و لە کوردستانەکەی خۆشمان‌دا، زۆر مرۆڤ هەن زگماک یا دواتر بە هۆی ڕووداوێکەوە، لە ئەندامێک یا چەند ئەندامی لەشیان بێ‌بەش بوون‌و ناچار بوون بەو وەزعەوە چەرخی ژیان بەرەو پێش بەرن.

ژیان بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە هەمیشە سەخت و پڕ کوێرەوەرییە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان‌دا. چونکە کەم ئەندامی کۆمەڵگەی دواکەوتوو، بەو هۆیەوە کە ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگی‌گشتی لە خوارەوەیە، لەلایەن زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگەکەیەوە بە چاوی ناتەواو وعەیبدار وسەربار سەیری دەکرێ. کەمئەندامان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە هۆی ڕفتارو هەڵسوکەوتی ناشیرین وناشارستانی، هەستیان بریندار دەکرێ و زەبر لە ڕوحیەیان دەدرێ. لە بارێکی دیکەشەوە، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەسانی کەمئەندام و نەقوستان، ژیانێکی تاڵ و دژواریان هەیە. بەو هۆیەوە کە دەسەڵات و دام ودەزگا دەوڵەتی‌یەکان کەمترین بایەخ بە تەئمینی کۆمەڵایەتی وپێڕاگەیشتنی باری ژیانی توێژو بەشە هەژارو زەحمەتکێش وکەم داهاتەکان دەدەن، بەو هۆیەوە داموودەزگا دەوڵەتی وحکوومەتی‌یەکان، وەک زۆر بواری دیکە بە پێویست نازانن لە ئاست داواو چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵک‌دا وەڵامدەر بن، کەم وا هەیە دامەزراوێکی دەوڵەتی ئەرکی بەخێو کردن و پێڕاگەیشتن، یان دابینکردنی پێویستی‌یە ماڵی ودەرمانی‌یەکانی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە بگرێتە ئەستۆ و بە کردەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی بنەماڵەو کەسوکاریان. زۆر جاریش ناچارن بۆخۆیان خەم لە خۆیان بخۆن و ئەرکی هەڵگرتنی باری قورسی ژیان و بڕینی ڕێگای سەخت و پڕ هەورازو لێژی گوزەران و نان دەرهێنان بخەنە سەر جیسمی ناتەواویان. ئەرکێکی سەخت و بارێکی قورس کە زۆر جار ئەوانەی خاوەنی جیسمی ساغ و لەشی بێ ئازارن، پشتیان لە ژێری‌دا دەچەمی و لاقیان دەنووشتێتەوە.

لە کوردستان بە هۆی دەیان ساڵ شەڕی ماڵویرانکەری ڕێژیمە کوردکوژەکان لە دژی گەلی کورد، یا کردنی کوردستان بە مەیدان و بەرەی شەڕی ناڕەوای خۆیان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها بە هۆی ئەو هەموو چەک و تەقەمەنی‌یەی بۆ سەرکوتی ئەو گەلە بە کاریان هیناون، ڕێژەیەکی زۆرلە ژن و پیاو ومنداڵ و لاو، بریندارو نەقوستان بوون و ئەندامێک یا چەند ئەندامی لەشیان لە دەست داوە. لەوەش تاڵتر ئەوەیە، ئەو کاتەی گەلەکەمان بەشیک لە نیشتمانەکەی لە هیزەکانی یەک لەو دوژمنانە پاک کردۆتەوە، شوینەواری ماڵویرانکەری ئەوان بە یەکجاری نەبڕاوەتەوە. چونکە هەزاران مینی شاراوە لە ژێرخاکی کوردستان دا و یان بێ‌ئەژمار گوللە تۆپ و خۆمپارەی نەتەقیو، لە دوایان بە جێ ماوە کە یا هەر چەند شەو و ڕۆژ جارێک، یەک یا چەند دانەیەکیان تەقیوەتەوە و بووە بە هۆی کوشتن و بریندارو کەم ئەندام بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کوردستان.

سەدان وهەزاران کەس لەو لاوە کوردو نیشتماپەروەر و خەباتگێرانەش کە لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیان‌دا چەکی پیشمەرگایەتی‌یان کردوەتە شان و لە سەنگەری دیفاع لە مان و مەوجوودی‌یەتی گەلی کورد و پاریزگاری لە خاکی کوردستان دا، بەرەنگاری دوژمنان بوونەوە، بریندارو کەمئەندام بوون.

بە سەرەنجدان بە هەمووی ئەوانە، لە کوردستان ژمارەیەکی زۆرمرۆڤی کەمئەندام هەن. ئەمانە زیاتر لە ڕۆژی ٣ی دیسامبردا وەبیر کۆمەڵگە و دەزگا و دامەزراوەکان دێنەوە و ئاوڕێکیان لێ دەدرێتەوە.

بەڵام جێی خۆیەتی نەک هەر لەو ڕۆژە دا بەڵکوو بە بەردەوامی لە بیرمان بن و لە چارەسەری کێشە و گرفتەکانیان دا پشتیوان و یارمەتیدەریان بین. ئەرکی هەموو توێژ و بەشەکانی کۆمەڵ و لە سەرەوەی هەموانەوە حکوومەت و دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و حیزب‌و ڕێکخراوەکانە، هاندەرو یارمەتیدەرو پشت‌و پەنای ئەوان بن و بە دابین کردنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیانی ئەوان، لە ئازارو مەینەت و تاڵی وسەختی‌یەکانی خۆیان و بنەماڵەکانیان کەم بکەنەوە.

سڵاو لە کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت، سڵاو لە هیممەت و ورەی بەرزیان کە سەرەڕای هەموو سەختی‌یەکان و بێبەشی لە پشت وپەنایەکی قایمی کۆمەڵایەتی و حکوومەتی، لە ژیان و تێکۆشان ناهومید نین. بەو هیوایەی هەموومان و هەر یەک لە ئاستی بەرپرسایەتی‌یەکانمان‌دا بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشترو داهاتوویەکی دڵنیا بۆ ئەو مرۆڤە لە بیرکراو و پشت گوێخراوانەی کۆمەڵ تی‌بکۆشین.

لە بیرمان نەچێ یەکێک لە پێوەرەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگەیەکی لە باری فکری و ڕەوانییەوە تەندروست، ڕادەی مشوور خواردن و جۆری بە دەنگەوەچوونی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئاست مرۆڤی خاوەن پیداویستیی تایبەتە.

## داخران‌و ڕاگیرانی ٢٢ ڕۆژنامەو بڵاڤۆک لە پارێزگای سنە بە هۆی گرفتی ماڵی

لە پارێزگای سنە بەهۆی گیروگرفتی ماڵی مۆڵەتی ٢٢ بڵاڤۆک هەڵوەشاوەتەوە، یان هەڵپەسێردراون.

بەپێی مادەی ١٦ی قانوونی ڕاگەیاندن لە ئێران خاوەن ئیمتیاز ئەرکدارە کە لە ماوەی ٦ مانگ پاش وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکەکەی، دەست بە بڵاوبوونەوە بکا؛ دەنا جاری یەکەم بە نووسراوە ئاگاداری دەکەنەوەو پاشان مۆڵەتی ١٥ ڕۆژی پێدەدرێ‌و ئەگەر لەم ماوەیەش‌دا بە هەر هۆیەک نەیتوانی، مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە. ئەم مادەیەش بڵاڤۆکەکانی پارێزگای سنە گرتەوەو قڕانی تێخسووتن.

بڵاڤۆکەکانی ئاویەر، زانیاری، ئاسۆ، ئاوای کوردستان، نوری ئیسلام، گوتاری سەوز، ئاگرین، نەدای گەڕووس، لەیلاخ و ڕاسان ناونیشانی چەند بڵاڤۆکێکن کە بە هۆی گیروگرفتی ماڵی داخراون.

هەروەها بڵاڤۆکەکانی وەک کازیوە، نگینی گەڕووس، دیدگا، کاردۆک، ڕووبار، عەرشیا، نیشتمان، ڕۆژوەند، ئاوای ماد، ئابگەرانی کوردستان، ئەهلەند و شوارۆ لەم بڵاڤۆکانەن کە بەپێی بڕیاری مادەی ١٦ قانوونی ڕاگەیاندن داخراون‌و مۆڵەتەکەیان هەڵوەشێندراوەتەو،ە یان هەڵپەسێردراون.

ڕۆژنامەنووسان دەڵێن ڕوانگەی زاڵی ئەمنیەتی بەسەر کوردستان بڕستی لە ڕۆژنامەنووسان بڕیوەو پشتیوانی نەکردنی وەزارەتی ئیرشاد، بێ‌خەمیی جێگرایەتیی ڕاگەیاندنی سنە بۆ کاروباری ڕاگەیاندن‌و نەک پشتیوانی نەکردنی داموو دەزگا دەوڵەتی‌یەکان بەڵکوو هەڵاواردن‌و فەرق‌و جیاوازیدانانی دەوڵەتی هۆکاری هەڵوەشان، ڕاگیران‌و داخرانی ڕۆژنامەو بڵاڤۆکەکان لە کوردستانن.

هەر لەو پێوەندییەدا فەردین کەمانگەر، چاوەدێریی پێشووی ماڵی چاپەمەنی‌یەکانی کوردستان دوای کۆبوونەوەی گشتیی ماڵی چاپەمەنی‌یەکانی کوردستان لە شاری سنە ڕایگەیاند: ئێمە ویستمان لەم ڕێگەیەوە خزمەت بە چالاکیی ڕۆژنامەکان بکەین، بەڵام کارەکانمان لەو ئاستەدا نەبوون کە بۆ خۆمان دەویست‌و ئەوەش نییە کە بتوانێ باس بکرێ.

فەردین کەمانگەر بە ئاماژە بە چەندی‌و چۆنیی چاپەمەنی‌یەکان لە کوردستان گوتی: ژمارەی ڕۆژنامەو بڵاڤۆکەکان نیوە بە نیوە بووەو؛ ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر ڕەوشی چاپەمەنی‌و ڕاگەیاندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ چونکی زۆربەیان بەهۆی کێشەی دارایی داخراون‌و لە چالاکی وەستاون.

کۆبوونەوەی گشتیی ماڵی چاپەمەنی‌یەکانی کوردستان لە شاری سنە لە کاتێک‌دا بەڕێوەچوو کە هەر ئێستا کۆمەڵێک زۆر ڕۆژنامەنووسی کورد لە زیندانەکانی تاران، سنە، مەریوان، ورمێ، تەورێز بەند کراون‌و ژمارەیەکی زۆر لەوانیش بۆ شارە دوورەکانی وەک میناب دوورخراونەتەوە.

## بڵاوبوونەوەی حەوتوونامەی دەنگی کوردستان لە سنە

یەکەم ژمارەی حەوتوونامەی «دەنگی کوردستان» بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بە سەرنووسەریی هۆشیار بابایی لە شاری سنە دەستی بە چاپ‌و بڵاو کرانەوە کرد.

نێوەرۆکی ئەم بڵاوکراوە سیاسی، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی دەبێ‌و لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بلاو دەبێتەوەو بڕیارە پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش گرنگی‌یان پێ‌بدرێ.

لە ئێستادا مۆڵەتی چاپ‌و بڵاوبوونەوە بە نیزیک لە ٥٠ رۆژنامە، حەوتوونامە، گۆڤارو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر لە پارێزگای سنە دراوە، بەڵام ئەو ڕۆژنامەو بڵاڤۆکانەی ئێستا لە کوردستان چاپ دەبن، لە قامکی دەست تێ‌ناپەڕن.

گرفتی ماڵی، ڕوانینی ئەمنیەتی‌و کۆسپە قانوونی‌یەکان ڕێگە نادەن ڕۆژنامەو بڵاڤۆکی کوردی لە کوردستان تەمەن درێژ بن‌و، هەر ئێستا نیزیک بە ١٠ ڕۆژنامەنووس‌و ڕاگەیاندکاری کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دان.

## ژیان و بەرهەمەکانی گرووپی کامکارەکان دەبێتە فیلم

فیلمێکی ٩٠ خولەکی لە دەرهێنانی محەمەدرەزا عەینی لەسەر ژیان‌و بەرهەمەکانی گرووپی مۆسیقیی کامکارەکان دروست دەکرێ. بڕیار وایە ئەم فیلمە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بێ لە سەر ژیان‌و بنەماڵەی کامکارەکان لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا.

هۆشەنگ کامکار سەرپەرەشتی گرووپی مۆسیقای کامکارەکان دەربارەی وەبەرهێنانی ئەم فیلمە گوتی: زۆر جار لە لایەن کەسایەتی‌و گرووپە سینەمایی‌یە ناودارەکانەوە پێشنیار کراوە تاکوو دەربارەی گروپی کامکارەکان فیلمێک بەرهەم بێ؛ بەڵام بە هۆی پەرۆشیی من‌و هەستیاری زۆربەی ئەندامانی گرووپەوە، هیچکات هەل‌ومەرجی دەرهێنانی ئەم فیلمە نەڕەخسا، بەڵام ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ دەرهێنانی ئەم فیلمە.

سەرپەرەستی گرووپی مۆسیقای کامکار پێی داگرت کە بە دەرهێنانی ئەم فیلمە، لایەنگران‌و گوێگرانی مۆسیقای کامکارەکان لە ژیانی تایبەت و سەرنج ڕاکێشی ئەم گرووپە بۆ گەیشتن بەم ئاستەی ئێستایان ئاگادار دەبنەوە.

## مەترسیی فەوتانی هێمای شوناسی شاری کرماشان

گرینگینەدانی لایەنەپێوەندیدارەکان بەیەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی کرماشان، هەڕەشە لە شوناس و ڕوخساری ئەو شارە دەکا.

دانیشتووانی گەڕەکی جەوانشیری کرماشان، گلەییان لە بەرپرسانی ئەو شارە کردووە کە لە کۆمەڵێک ئیمکاناتی شاری بێبەشکراون و داواکاریی چەندپاتەیان لە لایەنەپێوەندیدارەکان بێ‌ئاکام بووە.

ئەو گەڕەکە بەهۆی کۆن بوونیەوە، ڕێگاوبانی هاتوچۆی تەسکە و بەقسەی یەکێک لە دانیشتووانەکەی ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە نە ماشینی ئۆرژانسی نەخۆشخانەو، نە ئاگرکوژێنەوە پێی‌دا هاتوچۆیان بۆ ناکرێ.

ئەو گەڕەکە کە زیاتر لە سەد ساڵە ئاوەدانە، خاوەنی پێکهاتەیەکی سواوی شاری و، ڕێڕەوی چنراوی کۆڵانەکانی بەجۆرێکە کە زۆربەی خانووەکانی لە لیستەی میللی‌دا تۆمارکراون و وەک شوێنەوارێکی مێژوویی سەیردەکرێ.

هەواڵدەریی ئیرانای پارێزگای کرماشان لەدرێژەدا دەنووسێ: «گەڕەکی جەوانشیر لەبوونی پارکی تایبەت بە گەمەی منداڵان بێ‌بەشە.

سەبارەت بە پێکهاتەی سواوی شاری لە جەوانشیر، ئەندامێکی شووڕای ئەو شارە وێڕای قەبوولی ئەو کێشەیە، ڕایگەیاند کە نەبوونی بوودجە، هۆکاری سەرەکیی پێڕانەگەیشتن بەو دۆخەیە.

## داوای ئەنجومەنی پاژینی بانە بۆ ڕاگرتنی بەنداوەکانی چۆمان‌و کانی‌گۆێژان

ئەنجومەنی ژینگەپارێزی پاژینی بانە بە ناردنی نامەیەک بۆ ئیدارەی پاراستنی ژینگەی پارێزگای سنە، خوازیاری ڕاگیرانی دروستکردنی بەنداوەکانی چۆمان و کانی‌گۆێژان بوون.

ئەم ئەنجومەنە لەم نامەیەدا ڕایگەیاندووە کە ڕاگواستنی ئاوی بانەش بۆ ورمێ ڕابگیردرێ.

ئەم ئەنجومەنە دەڵێ: باشتر وایە لەباتیی بەنداو دروستکردنی لەڕادەبەدەر، زیاتر بایەخ بدرێ بە شێوازە جێگرەوەکانی ڕکێفکردنی ئاو و کونترۆڵی سێڵاوەکان.

لێژنەی بەڕێوەبەریی پاژین لەو نامەیەدا ڕێکاری پێشنیاریی خۆی لەپێناو دابەزینی کاریگەرییەکانی تێکدەرانەی دروست کردنی بەنداوەکان بۆ سەر ژینگە خستووەتە بەردەستی دائیرەی پاراستنی ژینگەی پارێزگای کوردستان.

جێی باسە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، دروستکردنی بەنداوەکان لە کوردستانی ئێراندا زیادیان کردووە و خەساری تێکدەرانەی مرۆیی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بەدواوە بووە.